# تەقەللای بژێوی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

محەمەد زەفزاف

# تەقەللای بژێوی

ڕۆمان

وەرگێڕانی:
غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا



ناوی کتێب: تەقەللای بژێوی – ڕۆمان
نووسینی: محەمەد زەفزاف
وەرگێڕانی: غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٦٩
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٨٦ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

١

دوور ڕاوەستابوو چاودێری دەکردن، دەیروانییە جوولانەوەیان، کە چۆن بەمەچەک پاڵیان بەیەکترەوە دەنا، چەند دەست و مەچەکێک پاڵ دەدەن، هەندێکی تریشیان باوشێ لەو ڕۆژنامانەی نابووە بندەست، کەسێ نایانخوێننەوە، چەند ڕۆژنامەیەک کەوتنە خوارەوە، لە دەوری ئەو مەیە ڕژاوەی وەکو خوێنی مەییو وابوو. بەڵام دژوێن نەبوون، خاوەنەکەیان کۆی کردنەوە، لەگەڵ دووانی تر لە کونی ئەو بۆرییە گردبوونە کە دەرژایە ناو پاپۆڕەکە.

پاپۆڕەکە فەرەنسایی بوو. حەمید توانیی ناوی پاپۆڕەکە بخوێنێتەوە (ئیڤۆن ٥) ئەو چاکی دەناسی، چونکە پێنج شەش مانگ جاری بەوێدا تێ دەپەڕی بۆ گواستنەوەی کۆنە مەی مەراکشی بۆ جێگەیەکی تر جیهان. ئیدی هەرکە (ئیڤۆن ٥) لەنگەر دەگری، حەمیدیش ئیدی بەتەواوی دەگۆڕێ و بارێکی خۆشنوودییی ڕادەبەدەر دای دەگرێ. هەرکە دەشرِوا ئەویش ئەو بارەی نامێنێ و دەگەڕێتەوە سەر کلۆڵییە ڕاستەقینەکەی خۆی.

ناوی کابراکەی نەدەزانی، بەڵام کابرایەکی سەنگالیی ڕەشە، تاقە کەسە لە پاپۆڕەکە نە مەی دەخواتەوە و نە گۆشتی بەرازیش دەخوا. تاقە زەریاوانیشە نوێژ دەکا، زەریاوانەکانی تریش گاڵتەیان پێی دەکرد و پێی پێ دەکەنین. بەڵام حەمید خۆشی دەویست. سەرباری ئەوەیش زۆر ڕەشە موسڵمانێکی ڕاستیشە. لەو موسڵمانە سپییە دەوڵەمەندانە چاکترە لە شار دەیانناسێ. دڵرەقن، ڕۆژنامەکانی ناکڕن، هەرکە دەچێتە قاوەخانەکە، یان هەرکە ڕۆژنامەکانی پیشانیان دەدا تەنیا جنێوی دەدەنێ. سێ هاوڕێیەکەی هێشتا لەسەر ئەو بۆرییەی لە پاپۆڕەکەوە مەی لێ دەرژا کۆبوونەتەوە، زاریان بۆ ئەو کونە بچووکە داپچڕاندووە، کە ئەو شلە سوورەی لێ دەچۆڕێ. زۆر تاڵە، حەمید لەمەوبەر تامی کردبوو، بەڵام بەدڵی نەبوو، تاڵە، زۆریش تاڵە. سی هاوڕێیەکەی لەتریان دەدا، جارێکی دی زاری بۆ کونەکە داپچڕاند. کەوتە کۆکەکۆک و تفاندنەوە. سێیانەکەی تریش لە یەک بەربوون، حەمید نەیدەزانی لەبەر چییە، بۆیە بڕیاری دا نەیزانێ. بەهەنگاوی گرانەوە لێیان دوور کەوتەوە، بەرەو ئەو پەیژەیەی پاپۆڕەکە کە هەردوو قاچەکانی لە شۆستەکە چەقیبوون ملی نا. یەکەم پیلکانە سەرکەوت. لە سەرەوە دەنگێک بەرز بووەوە، داوای لێ دەکرد دابەزێتە خوارەوە، دەنگی پاسەوانی پاپۆڕەکە بوو، یەکێکە لە پاسەوانە دڕەکان.

– ئەوە کێیە لەوێ؟ دابەزە.. بۆ کوێ سەردەکەوی

– ڕۆژنامە دەفرۆشم

– ئەوانە ناخوێننەوە.. دابەزە

– دەمەوێ چاوم بەکابرا سەنگالییەکە بکەوێ

سەنگالییەکە چووەتە دەرەوە، بڕۆ لە شارا لە دوای بگەڕێ

– پاسەوانی پاپۆڕەکە بەرماوەی سەندەویچەکەی تووڕدایە سەروچاوی حەمیدەوە. یەکبین قوتووە بیرەکەی نایە سەرەوە. پاشان بە؟ تێی سرەواند، بەڵام بەری نەکەوت. حەمید پاشەوباش گەڕایە دواوە. لەگەڵ ئەو قورمساغە هیچ کەڵک ناگرێ. چوو بە لای سێ هاوڕێکەیەوە. لە شەڕکردن بووبوونەوە. لەسەر بۆڕییە سوورەکە ڕۆنیشتن، لە ناو خۆیاندا تاقە جگەرەیەکیان ئەم دەست و ئەو دەست دەکرد.. یەکی لە مناڵەکان گوتی:

– ئەرێ ڕۆیشتی بۆ کن برادەرە سەنگالییەکەت..؟

حەمید وەرامی دایەوە:

– ڕۆیشتم، بەڵام ئەو قورمساغە دەری کردم.

یەکێ لە سێ مناڵەکە گوتی:

– کوڕی گەڕەکی خۆمانە، پێی دەڵێم چاوی لێت بێ

– ئەو دووانەکەی دی پێکەنین، مناڵەکەش گوتی:

– بۆ پێ دەکەنن؟ من دایکی دەناسم، پوورەکەیشی دراوسێمانە.

یەکێکی تریان گوتی:

– ئەگەر برۆی تووڕت دەداتە ڕووبارەکەوە، ئەی ئەو بەرازە ناناسی؟ بێگومان ئێستاکە سەرخۆشە..

حەمید گوتی:

– قوتوویەک بیرەی تێ سرەواندم، بەڵام پێم نەکەوت، پاسەوانی پاپۆڕەکە بۆیە وا دەکا نەبا کەس بچێتە ژوورەوە.





ئەوی تریان گوتی:

– زۆرجار دڵی باشە، ئایا دەزانن؟ دایکی سۆزانییەو بێ باوکە، دایکی ڕەشتاڵەیە کەچی خۆی سپییە..؟

–زۆر نا، سەرو چاویشی بە قەلەڕەشان دەچێ.

حەمید لە هەرسێکیان دابڕا، هەرکە لێیان دوور کەوتەوە، یەکی لە کۆڵکێشەکان ڕای گرت، داوای لێ کرد ئەو تاقە ڕۆژنامەیەی بداتی کە بە زمانی عەرەبی بوو، حەمید لە سەرەتا ڕازی نەبوو بەبیانووی ئەوەی گوایە سەری قاڵە. چونکە ئەو ڕۆژنامە سەوداسەر دەکاو دەیگۆڕێتەوە، دیار بوو کۆڵکێشەکە کەینوبەینەکە حاڵی بوو، بە حەمیدی گوت:

– دەتەوێ سەربکەویتە سەر ئەو پاپۆڕە سویسراییە؟ ئەوانە فەرەنسایی دەخوێننەوە، ڕۆژنامەکەم بدەری و لەگەڵ پاسەوانی پاپۆڕەکە قسە دەکەم تا ڕێگەت بداتێ..

حەمید بیری کردەوە، سەیرێکی پاپۆڕەکەی کرد، ئاڵای سویسرای بەسەرەوە دەشەکایەوە، دڵنیابوو لەوەی پاپۆڕەکە نە ئینگلستانیەو نە ئەرلەندییە. هەندێ لە ئاڵاکانی لێ تێکچوو، زانیی سویسراییەکان دەزانن فەرەنسایی بخوێننەوە. دەستی ئاخنیە نێو ڕۆژنامەکانی بن دەستی، تاقە ڕۆژنامە بەعەرەبی نووسراوەکەی دەرێناو دایە دەست کۆڵکێشەکە:

– باشە، سەرکەوە و لەگەڵ پاسەوانەکە قسە بکە

کۆڵکێشەکە ڕۆژنامەکەی گرتەدەستەوە و چاوێکی بە لاپەڕەی یەکەمدا خشاند و بە حەمیدی گوت:

– چاوەڕێ کە، هەر ئێستا دێمەوە.

لەسەرەخۆ و بەئەسپاییی بەسەر پەیژەی پاپۆڕەکەدا سەرکەوت، حەمید چاوی لێ بوو هەردووکیان تەوقەیان دەکرد و قسانیان دەکرد، کەوتبوونە پێکەنین و گاڵتەکردنەوە. حەمید پاسەوانەکەی دەناسی، ئەو وەکو ئەو زۆڵەی پاسەوانی پاپۆڕە فەرەنساییەکە ناکا، دڕ و بەدخوو نییە. زۆرجار ڕێگەی داوە وەسەر چەند پاپۆڕێک بکەوێ. حەمید پەتی پەیژەکەی گرت و بەپیلکانەکاندا سەرکەوت. ئاوە چڵکنەکەی ڕووبارەکە خۆی بە دار و بەردی ڕۆخەکەدا دەکێشا. سەیری خوارەوەی کرد، ترسی لێ نیشت نەبا پێی هەڵخزێ و بکەوێتە ناویەوە، پاسەوانی پاپۆڕەکە دەستی دایە سەرشانیەوە و پێی گوت:

هەندێکیان ئەڵمانی قسان دەکەن و فەرەنسایی نازانن بخوێننەوە، بەڵام خۆت و بەختت..

حەمید گوتی:

– تەقەللا دەدەم بەشێوەی خۆم پێیان بخوێنمەوە.

– لە ناو پاپۆڕەکەش ون بوو. پاسەوانەکە بەکۆڵکێشەکەی گوت:

– لە وەتەی پاپۆڕە دانیمارکییەکە لە مانگی ڕابردوو ڕووت کراوەتەوە، پۆلیس زۆر تەنگی پێ هەڵچنیوین. کەس ناتوانێ وەسەر پاپۆڕەکە کەوێ، ئەگەر بێتو ڕوخسەتی دەزگای پۆلیسی پێ نەبێ.. خۆت سەربردەکە دەزانی؟

– بەڵێ، دەڵێن ئەوەش تەنیا کەسی وای کردووە، دەڵێن ئێستا دەوڵەمەند بووە و لە ئیسپانیا بازرگانییەکی گەورەی کردووەتەوە.





– تەنیا بەیت و باڵۆرەیە، کەس نازانی خۆی لە کوێ شاردووەتەوە.

– دەڵێن گوایە پۆلیس و گومرگیش دەستیان تێدا هەبووە؟!

لەوە زیاتر لەسەری مەڕۆ، ئەوەشت لە بیر نەچێ تۆ تەنیا کۆڵکێشی و هیچی دی، دەبێ بێدەنگ بی.

کۆڵکێشەکە بەپێکەنینەوە گوتی:

– سەگە وا دیارە تۆش سیخوڕی؟

ئەگەر وا نەبم چۆن ڕێگەم دەدەن ببمە پاسەوان، بەڵام سیخوڕێکی بێ کەڵکم.

– تۆش وەکو کوڕەکەی (ئەلزاویە) بکە، بەرز بووەوە و بووە سیخوڕێکی یەکەم، دوای ئەو هەموو بەنگ و تلیاکە زۆرەی لە ناو پاپۆڕە فلینە فەرەنساییەکە دۆزیوە.

– ناتوانم وەکو ئەو بکەم، ئەو بۆ قۆستنەوەی دەنگوباس شارەزاییەکی چاکی هەیە، سەرباری ئەوەش ڕێویەکی فێڵباز بوو. هەمیشە لێی دەترسام نەبا ئاشکرام بکا کە چەند شووشەیەکی وێسکی و پاکەتە جگەرەم بە قاچاخ دەبرد و پۆلیسی بەندەریش ئاگەدار کاتەوە..

– هەر تۆ بەتەنیا نیت، هەموومان لێی دەترساین، تەنانەت پۆلیس و گومرگیش لێی دەترسان، ئەگەرچی خۆی تەنیا هەر پاسەوانێکی پاپۆڕ بوو.

– بەڵام ئەوان خۆیان لەوێ دایان مەزراندبوو، دەیانوت لە – ڕەبات – لە نووسینگەی، دووەم پێوەندیی بە کابرایەکی گەورەوە هەبووە..

هەرکە لەسەر پەیژەی ناو پاپۆڕەکە، گوێیان لە ترپەی پێی حەمید بوو، پاسەوانەکە گوتی:

بێدەنگ بە نەبا ئەم منداڵەش سیخوڕی نووسینگەی دووەم بێ و خەبەرمان لێ بدا.

کۆڵکێشەکە پێ کەنی و گوتی:

– ئەوان توانییان کە چۆن گومان بخەنە دەروونمانەوە

حەمید لە پاپۆڕەکەوە سەری دەرهێنا، لە ڕادەبەدەر کەیفخۆش بوو. پاسەوانەکە هەستی کرد و بە زەین تێ گەیشت حەمید بازاڕی گەرم بووە، هەرکە لێیان نزیک بووەوە، پاسەوانەکە گوتی:

– هیچت فرۆشت؟

– دوو ڕۆژنامەم فرۆشت.

– پاپۆڕەکە لە دوێنێوە لێرەیە، هێشتا بۆیان نەکراوە پارەکانیان بە پارەی مەغریبی بگۆڕنەوە، بێگومان گیرفانەکانت لە دۆلار سیخناخن..؟!

– نەخێر، سوێندت بۆ دەخۆم، چوار پاکەتە جگەرەم دەس کەوتووە..

– پێشانمانی دە.

حەمید لە ترسان دەلەرزی، دەستی کرد بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا، چوار پاکەتە جگەرەی دەرێنا، پاسەوانەکە بڕوای نەهاتێ. کۆڵکێشەکەش، بە خۆلێتێنەگەیاندنەوە چاودێریی ئەوەی دەکرد، پاسەوانەکە لە حەمید نزیک بووەوە، لەسەر تا پاین، دەستی بە جەستەیدا هێنا، هیچی ئەوتۆی نەدۆزییەوە جێگەی گومان بێ، لە





پاشان بە حەمیدی گوت:

– ئەی هیچت لە چێشتخانەکە نەدزییەوە؟

– نەخێر، سوێندت بۆ دەخۆم، چێشتلێنەرەکان لەوێن

– ئەگەر چێشتلێنەرەکانیش لەوێ بن، دزیی خۆت هەر دەکەی.

خۆت چاکم دەناسی، من دز نیم.

– لە کوێ بزانم کە تۆ چ کەسی؟

کۆڵکێشەکە ڕۆژنامەکەی بەدەستەوە بوو، بەبێ بایەخییەوە گوێی لە مشتومڕەکە بوو، پاسەوانەکە گوتی:

– بێنە پاکەتێ جگەرەم بدەرێ.

– من ڕۆژنامەم بە کۆڵکێشەکە داوە.

– نازانم ڕۆژنامە بخوێنمەوە، حەزم لە جگەرەکێشانە.. کامیانت پێ خۆشە؟ یەک پاکەت یان چوار؟

حەمید پاکەتە جگەرەکەی بۆ پاسەوانەکە درێژ کرد. ڕەنگی سەروچاوی گۆڕا، هەندێ شین هەڵگەڕا، بەڵام تەقەللای دا زۆران لەگەڵ ئەو بارە دەروونییەدا بگری، تا لە بەردەم هەردووکیان بەهێز بێ، دوور هەڵی ڕوانییە ئەوپەڕی ڕووبارەکە، لەوێوە دەسووڕێتەوە و گورێچەی بنکەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا دەدا و لە پاشان دەڕژێتە نێو ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە. لە تێڕوانینەکەی بەردەوام بوو، بیری لە بەرپەچدانەوەیەکی توندوتیژ کردەوە. بەڵام لە بەردەم پاسەوان و کۆڵکێشەکەدا خۆی بەدەستەوەستان هاتە بەرچاو. ڕۆژنامەکەی لە کۆڵکێشەکە ستاندەوە، بەپیلکانەکاندا چووە خوارەوە. بەندەرەکە

کەسی لێ نەمابوو، تەنیا چەند موغازەیەک دەرگەکانیان کرابوونەوە، لە ناوەوە تاریک بوون. لە ژوورەوەیاندا سندووقی هەمەجۆری لە دار و موقەبا و لاستیکی لێوە دیار بوون، هەندێکیشیان جاخ و دەفری جۆراوجۆریان تیا بوو، هێشتا بۆڕییەکە بۆ ناو پاپۆڕەکە خوڕەی دەهات و هێدی هێدی دەڕژا، وەکو خوێنێک کە خەریکە بمەییە، لەسەر زەوییە سوور و ڕەشەکەدا شەپۆلی دەدا لە نێوان وێنجە گەورە گەورەکانەوە تێپەڕ بوو، هێڵە بەیەکاچووەکانی شەمەنەفەری سەر بەندەرەکەی ڕەت کرد، هێڵەکانیش بەجۆرێکی ئەندازەیی ڕێکوپێک یەکتریان بڕیوە، نەیویست لە دەرگە سەرەکییەکەی بەندەرەکە بچێتە دەرەوە، چونکە زۆر سیخناخەو چاودێریی لەسەرە. چاوی بە بۆڕییەکی ئاو کەوت، بە دیواری موغازەیەکەوە نووسا بوو، لە دیوارەکە نزیک بووەوە، ڕۆژنامەکانی لە دوور بۆڕییە ئاوەکە دانا، بەردێکی گەورەی خستە سەر ڕۆژنامەکان، نەوەک بایەکە هەڵیان دات. دواجاریش بۆ ماوەی سی و چوار ڕۆژ دەبی بە مووچە نرخەکەیان بداتە خاوەن ئیشەکەی. لەوانەشە لەسەرئەوە دەری بکەن. چەند حەزی لێ بوو، بۆیە چی پێڵاو بووایە، چونکە ئەوان ژیانیان ئازادە، کەس دەستیان بەسەرەوە ناگرێ، بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئاغاکەی تێر جنێوی دەکا و دەیداتە بەر شەق و شولاقان (قسە بکە کوڕی.. من ڕۆژنامەم داویتی بیفرۆشی، یان بڕۆی لە باخچەی گشتیدا بۆ خۆت لێی بخەوی؟ چەند جار پێم گوتوون لەیەکدی جیابنەوە. هەریەکە و بۆ شەقامێک بڕوا، ئێوە وەکو مێش و مەگەز وان لە شوێنێک کۆدەبنەوە.. قسە بکە هەی بەراز) بۆڕییە ئاوەکەی قەدی دیوارەکە ڕەش هەڵگەڕاو و ژەنگاوی بوو،





لە ژێر کونەکەیەوە ئاوێکی لیخن پەنگا بووەوە، لە بەرد و گەڵای تەڕش پڕ بوو. ئاوەکە بە جۆگەلەیەکی باریک شۆڕ دەبووەوە، لە نێوان بڕە ڕووەکێکی کورتەباڵاوە ون دەبێ.. حەمید بۆڕیی ئاوەکەی کردەوە، تا ئانیشکی قۆڵەکانی خۆی لێ هەڵکرد، ئاوەکە کەوتە وژە وژ، سەری خستە ژێر بۆڕییەکە، بە ئەنگوستەکانی سەری خۆی هەڵدەولاوی، سەروچاوی شۆشت، پاشەوپاش گەڕایەوە دواوە، دەتوت گوجیلە سەکە ئاوها سەری خۆی ڕادەوەشاند، دەستەکانی کزر کردەوە، دەستی بە سەروچاویەوە هێناو تفێکی ڕۆ کردە زەوییەکە، هەستی بە ئۆخژنێکی سەیر کرد. لە پاشان داهاتەوە سەر قەیتانی پێڵاوە دڕاوەکانی و شلی کردنەوە، لەسەر تاشەبەردێک دانیشت، پێیەکانی شۆڕ کردەوە بۆ ژێر بۆڕییەکە و هەڵی دەگلۆفتن. لەسەر دیوارەکەی بەرانبەری چاوی بە شینایییەک کەوت، بەترسەوە ئاوڕی دایەوە، دیتی کابرایەکی شین پۆشی ڕەسمی بە چاوێکی ناحەزانەوە سەیری دەکا، بە لای ڕاستییەوە دەمانچەیەک شۆڕ بووبووە، لەوانە بوو بکەوێتە خوارەوە. سەرەتا هیچ ورتەیەکیان لێوە نەهات، تەماشای یەکتریان دەکرد، تەنیا بە چاو قسەیان دەکرد، هەندێک ترسنۆک بوو، هەندێکیش تووڕە بوو. کابرا شین پۆشەکە گوتی:

– هەی زۆڵ ئەوە لێرە چی دەکەی؟ چەند جار پێم گوتووی بەقەرەی ئێرەدا نەیەی؟ پسوولەی هاتنە ژوورەوەی بەندەرت هەیە؟

حەمید گوتی:

– هەمبوو، ونم کردووە.

– کی پێی داوی؟ ڕۆژێ چەند شووشە وێسکی بە قاچاخ دەبەی؟

– هیچ بە قاچاخ نابەم، پۆلیسی بەندەر پسوولەیان دامێ، من تەنیا ڕۆژنامەفرۆشم، گەورەم بڕوام پێ بکە

– ئایا دەزانی کەسانی وەکو تۆ لە کوێ توند دەکەین؟ تۆ هەر بۆ ئەو سەرخۆش و قاچاخچییانە دەست دەدەی..

– جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە، هەرگیز چی تر بۆ بەندەر نایەم.

کابراکە پاکەتە جگەرەکەی دەرێنا و بەپەنجەی دای لە قونکی جگەرەکە و نای بە زاریەوە، جگەرەکەی داگیرساند، بیرێکی دوورودێژی کردەوە، چەند هەنگاوێ لە حەمید دوور کەوتەوە، لە ژێر هەتاوەکە ڕاوەستاو نەختی بەراییی تەپلەکەی هەڵبڕی، وەکو بیر لە پرۆژەیەکی گرینگ بکاتەوە، هەندێکیش پاشەوپاش گەڕایە دواوە. لە حەمید نزیک بووەوە، بەئەسپایی بە پێلەقەیەک پاڵی پێوەنا و گوتی:

– باشە، ڕۆژنامەکانت کۆکەرەوە، ئەگەر هاتوو ئەمجارە گەڕایتەوە، بە خۆم دەزانم چت بەسەردێنم..

حەمید پێڵاوەکانی لە پێ هەڵکێشا، خێرا ڕۆژنامەکانی خستە بن هەنگڵی، بەترسەوە لە کابرا دوور کەوتەوە:

– سوپاس گەورەم، جارێکی تر، دووبارەی ناکەمەوە، هەرگیز چی تر بۆ بەندەر نایەم.

ئەمە جاری یەکەمی نەبوو تووشی گێچەڵ دەبوو، تاقە ڕۆژنامەفرۆشیش نەبوو گێچەڵی تووش دەهات، ئەو پاسەوانانە قورمساغن، وەکو بڵێی لە کەللەچی لەدایک بوون و پەروەردە کراون. هەندێ لەو لاوانەی یەکەم جاریان بوو ئەم پیشەیەیان هەڵبژارد بوو،





ڕەوشت بەرز بوون، قسەخۆش بوون، بەدخو نەبوون، بەڵام لە دوای ساڵێک ئەمانیش وەکو ئەمانی دییان لێ هات و ناکەسبەچانە ڕەفتاریان دەکرد و قسەکردنیشیان بێ زەوقانە بوو..

حەمید هەرکە ڕۆژنامەکانی کۆ کردنەوە، بەهەنگاوی ملکەچییەوە بەرەو دەرگەی ناوەڕاستی بەندەرەکە ملی نا، تەنیا پاسەوانێکی لێ بوو. بیری کردەوە لەوانەیە گێچەڵی تری بێتە ڕێی. زۆربەی زۆری پاسەوانەکان دەناسێ، هەر هیچ نەبێ ئەوانەی بەزۆری زۆرداری پاکەتە جگەرەکانی لە دەست دەردێنن، هیچ نەبێ ئەوانە لاون، بەڵام بەساڵاچووەکان ئەوانەی بەفرتوفێڵ و ڕێگەی نەشیاو دەوڵەمەند بوون و بۆ زارۆکەکانیان پاشەڕۆژێکی بەختەوەریان زامن کردووە. هەندێکیشیان خستوونەتە بەر خوێندن و کیژەکانیان بەمێرد داون، چاویان لە کەسانی وەکو حەمید نەبوو، دانا بوون، بەر لەوەی کارێک ڕاپەڕێنن زۆری بیر لێ دەکەنەوە، ئەمەش ڕێگەی ئەوەی لێ نەدەگرتن بەشداریی هەندێ قاچاخچییەتیی یاساغ بکەن، کە زۆر جار دووچاری گرفتیان ناکا.

حەمید چاوی بە کوختێکی بچکۆلانە کەوت. ڕەنگە قاوەییەکەی کاڵ بووبووەوە، لە دەلاقەیەکی بچووکەوە چاوی بە شەپقە بەسەرێک کەوت، چەند نیشانەیەک لەسەر هەردوو شانی بوون، بۆی نەکرا بزانێ پاسەوانەکەی کێیە، چونکە کوختە بچکۆلانەکە بەسەر دەرگەیەکی تەسکەوە مت بووبوو. دەرگە ناوەڕاستەکەی بەندەر بوو، دەرگەکەش هەمیشە والایە، دەکەوێتە سەر گۆڕەپانێکی خۆڵەپەتانی، ئەنجاش بۆ لای ئەو گوزەرەی بەچاکی شۆستەی بۆ نەکرابوو، لە پاشانیش بەرەو

ڕێگەیەکی پانوپۆر، ئەنجاش بۆ ناوەندی شاره نوێیەکە پەل پەل دەبێتەوە. حەمید هەرکە لە کوختە بچکۆلانەکە نزیک بووەوە، بەئەسپایی هەنگاوی هەڵدەگرت تا کەس ئاگای لێ نەبێ، فیکەفیکی بوو، بە پێ بەردێکی دایە بەر شەق و خۆی بێمەلامەت نیشان دا، هەرکە خەریک بوو بە دەرگەکە دەرباز بێ، پاسەوانەکە ئامبازی بوو، لە دواوە ملی گرت:

– وەرە ئێرە، وا دەزانی چما لە ماڵی خۆتی؟ هەی سەگ ئەی من لێرە چ کارەم؟

– گەورەم بەیارمەتیت، چاوم لێت نەبوو.

– درۆ دەکەی، باش تێم ڕوانە.. نامناسی؟

– ئا، ڕاستەکەی، دەتناسم.

– دەمناسی و هەرواش بەئاسانی بێ ئەوەی سڵاو بکەیت ڕەت دەبی.

– گەورەم بەیارمەتیت..

پاسەوانەکە بەرەو کوختەکە بەکێشی کرد، حەمید ترسی لێ نیشت، ئەمانە قورمساغن، زۆر دڵڕەقن. وەکو بڵێی لە کەللەچی لەدایکبوون و پەروەردە کراون، دەشێ لە تاوانبار و خوێنڕێژەکان هەڵبژێرابن. پاسەوانەکە ڕۆژنامەکانی لە دەست ستاند و لەسەر مێزەکەی بەردەمی پەرت و بڵاوی کردنەوە:

– چییان تیایە؟ جگەرە؟ یان دۆلار؟

– نەخێر، سوێندت بۆ دەخۆم.





بێدەنگ بە، ئەمن پیشەی خۆم دەزانم چییە.

کەوتە هەڵتەکاندنی ڕۆژنامەکان، هەندێ شتیان لێ بەردەبووەوە، هەندێکی تریان قەمچ دەبوون، حەمید بیری لەوە دەکردەوە کە خاوەن ئیشەکەی سەرلەئێواره تێر جنێوی دەکا، خەتاباری دەکا بەوەی ڕۆژنامەکانی بەکرێ داوەتە خەڵکی بیخوێننەوە و بۆی بگەڕێننەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمپانیای دابەشکردن، سەرۆکەکەی دەیداتە بەر شەق و شولاق، داک و باب و ئەژدادی تێر جنێو دەکا. گەرچیش حەمید ئەژدادی خۆی ناناسێ، دایک و بابی گەلێ دڵڕەقن، بابەکەی خۆش ناوێ، تەوەزەل و تەمەڵە، زۆر دەخەوی تا شەوێکی درەنگیش چاوەنۆڕی حەمید دەبێ، تا کرێی ئەو ڕۆژەی لە بەردەم ببژێرێ، باوکی کابرایەکی هەمیشە مڕومۆچە، بەڵام هەرکە هەندێ مووچەی ئەو ڕۆژەی بەرز دەبێتەوە، وەکو ڕێویەکی فێڵاوی بزەخەنە دەیگرێ. زۆرجاریش بەوە منەتباری دەکا گوایە پاسکیلێکی بۆ دەکڕێ، چونکە لەبەر ڕێکردن پێوپلی شەق شەق بوون.

پاسەوانەکە هەرکە لە ڕۆژنامە هەڵتەکاندن بووە، خۆی تووڕە کرد، بەرایی تەپڵەکەی بەرزکردەوە، بە پەنجەیەکی تەوێڵی خۆی خوراند، بە حەمیدی گوت:

– ناتوانی فێڵەکەی خۆتم لێ بشاریتەوە.

– هەتا خۆی بگرێ ڕای وەشاند، بۆ ئەوەی ترس و دەسەپاچەیی بخاتە دڵیەوە.. خێرا کەوتە پشکنینی جەستەی. حەمید ئەمجارە بەڕاستی ترسی لێ نیشت، ئەم لە بەرانبەر حەرامزادەیەکی ڕاستەقینە وەستاوە، حەرامزادەیەکە لە قەحپەخانە لە دایک بووە و

بەخێو کراوە.. حەرامزادە لە قەحپەخانە لە دایک بوو بەخێوکراوەکە گوتی:

– شەڕواڵەکەت داکەنە، هەموو شوێنێکت دەپشکنم..

فرمێسکی قەتیسماو لە چاوەکانی حەمیددا تنۆک تنۆک پێشبڕکێیان بوو:

– گەورەم بەخوای هیچم پێ نییە.

– دایکەنە دەنا بە ڕووت و قووتی لە شەقامت بەرەڵا دەکەم.

حەمید کەوتە ترازانی قۆبچەی شەرواڵەکەی، پاسەوانەکەش یاریدەی دەدا. حەمید دەگریا، چ دنیایەکی دڵڕەق دەوری لێ داوە. هەرکە پاسەوانەکە لە ئەرکی خۆی بووەوە، دۆلارێک و پاکەتە جگەرەیەکی دۆزییەوە، هەستی بە خۆشنوودییەکییە ڕادەبەدەر کرد، پاڵی نا بە حەمیدەوە بۆ دەرەوەی کوختەکە:

– ئێستا دەبێ فێربی کە جارێکی دی درۆم چۆن لەتەکدا دەکەی..

ناچار بوو ئەوە هەڵبگری و بەندەرەکە بەجێ بێڵێ.. لەنزیکترین دیوار بەجارێ پرزەی لێ بڕا و کەوت، هەردوو پێی لەسەر زەوییەکە لێ درێژ کرد و باوەشە ڕۆژنامەکەشی تووڕدایە لایەکەوە، دەستی بەزوڕەزوڕی گریان کرد..

***



٢

هەتا چاو هەتەر دەکا هەر کوختی لە تەنەکە هەڵچنراو بوو، هەموویش لە گۆڕەپانێکی بەرینی دەوروبەری شار بڵاو بوونەتەوە، هەندەک جار دەسووڕێتەوە و پەرت و بڵاو دەبنەوە و لە جێگەیەکی تردا بەیەک دەگەنەوە ئەو هەزاران خەڵکەش لە خزمەتی دانیشتووانی شارەکەن، هەندێکیان چاڵ هەڵکەن و کارەکەر و دزن، هەندێکی تریشیان بۆیەچی و قیرچی و دێوەرە و سواڵکەرن و هەموو شتێکن، هەموو شتێکیان تیایە، هەموو شتێ، تەنانەت ڕۆژنامەفرۆشیش، لەو ڕۆژنامەفرۆشانەش یەکێکیان حەمیدە. هەوەڵ جار خۆیشی نەیدەزانی چ بکا، جاروبار باوکی بۆ بەڕوو چنین بۆ نێو دارستان دەڕۆیشت ئەویشی دەخستە لاتەک خۆی، بەڕووەکەشیان بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشت، بەڵام ئەمەش ئەوەنەی نەخایاند، چونکە وەرزی بەڕوو زوو بەسەرچوو، لەبەرئەوەی خەڵکە بێ ئیشەکەی کوختەکان وەک کوللەزەرد بەردەبوونە گیانی دارستانەکە و، یەک دەنکە بەڕوو چییە پێوەیان نەدەهێشت، وێڕای تەقەللای دەوڵەت تا لێیان قەدەغە بکا، بەڵام هیچ کەڵکی نەگرت. سەرەنجامیش ئەوە بوو لاشەی لەتوپەتکراوی چەند پاسەوانێکی دارستانەکە دەدۆزرایەوە، برسیەتییە، لە هەرکوێ برسیەتی هەبوو، بنیادەم کوشتن دەبێتە مێش

و مەگەز کوشتن، ئەوە بوو چەند پاسەوانێکی دارستانەکە لەو وەرزانە دەکوژران، جاروبار حەمیدیش خۆی و هاوڕێیەکانی بۆ بەڕووکردنەوە دەچوون، لە پاشانیش لە نێو خۆیاندا دەیانبەشانەوە، بابێکی تەوەژەلی هەبوو، تەنیا ئەویشی بۆ ئەوە دەکرد (بەڕووکردنەوە) هەرکە پێداویستیی بە پارە هەبووایە بۆ جگەرە کڕین، یان هیچ وختی عەرەب واتەنی هەراسانی لێ هەڵگیرابا، چەند مانگی دەهات و دەچوو تامی قنچکە گۆشتێکی ئەوە کرد، ئەوسا دەکەوتە خۆی تا ئیشێ بکا، حەمیدی لەگەڵ خۆی بۆ دارستانەکە دەبرد، بەجاخێک بەڕووەوە دەهاتنەوە، بابی بەڕووەکەی دەفرۆشت، لە پاشان ڕووی دەکردە بۆرە گۆشت فرۆشان و شاگردانی قەسابخانەی شارەکە، ئەوانیش لەجیاتی پارە هەندێ گۆشتی بەرخی بەراویتەیان دەدایێ، کیلۆێک لەو گۆشتەی دەکڕی و بە ژنەکەیشی دەوت کە چاکی بکوڵێنێ، ژنەکەیشی لەبەرچاوی هەرسی منالەکەیدا هەولی دەدا وشەی (گۆشت) دووبارە بکاتەوە (لە هەویرەکە دوور کەوەرەوە، لە گۆشتەکە گەڕی با چاک بکولێ) زۆرجار ئەمەی دەوتەوە تا دراوسێیەکان گوێیان لێ بێ. هەستی بە خۆشنوودییەکی گەورە دەکرد، هەرکە دەیزانی بە دووبارەکردنەوەی وشەی گۆشت زاریان ئاو دەکا، منالانی دراوسێش دەستیان بە قیژە و زۆڕە زۆری گریان دەکرد (دایە گۆشتە.. گۆشتە) تەنیا دڵ داخورپانێک بوو، ژنە دراوسێکیانیش وایان دەکرد ژنەکەی لە کاتی نانخواردندا ئەوەی لەبیر ئەوەچوو قنچکی لەو گۆشتە بخاتە نێو پارویەکەوە، بانگی یەکی لە ژنە دراوسێ خۆشەویستەکانی دەکرد، بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد (ئەم قنچکە گۆشتە بدە منالەکەت تا





خەوی لێ بکەوێ).. لەوانەش بوو سەرجەمی خێزانەکە قنچکە گۆشتەکە بقۆزنەوە. هەرکە بابی کڵپەی برسییەتی و جگەرەکێشانی دادەمرکایەوە، ئیدی تا چەند ڕۆژی خەونی بەو ڕۆژەوە دەدی کە گۆشتەکەی خواردووە، زۆربەی پیاوان تەقەللای دابینکردنی ژیانی خۆیان دەدەن. هەموو پیاوەکان، بەڵام ئەو زۆری حەز لە خەوە زۆریش چەنەبازەو، لەبەر دەرگەی دووکانەکە دابنشی و تەماشای ڕێبوارەکان بکا، یان یاری کاغەزێن بکا. بەڵام حەمید نەیدەزانی چی بکا، دواجاریش تەقەللای ئەوەی دەدا بۆ خۆی شتی بکا.. ئەلزاوی پێی گوت:

– تا کەی ئاوها دەمێنیتەوە؟ وا بووی بە پیاو بەژنت لە بەژنی بابت کەڵەگەت تری.

– دەزانم.

– دەزانیت و وەکو باوکیشت خەواڵوویت.

– هەرکە تۆزێکی دی گەورە بووم لە بەندەر کۆڵکێشی دەکەم.

– تا گەورە دەبی وەرە با پێکەوە ڕۆژنامە بفرۆشین.. خاوەن ئیشەکەم پێویستی بە فرۆشیاری دییە.

حەمید نەیدەزانی چی بکا.. بەڵام ئەوەتا دەزانی چی دەکا، دایکی هەر لە تاریک و ڕوونەوە لەگەڵ دەنگی تەقەی دەرگە لە خەوی هەڵساند، نواڵەیە نانی ئاخنیە گیرفانیەوە، ئەلزاویش پاسکیلەکەی خۆی ڕاکێشا، تا قەدەری بەسەر قومەکەوە ڕێیان کرد، هەردوو پێچکەی پاسکیلەکە لە نێو قومەکە گیریان خوارد و چەقین، ئەلزاوی

پاسکیلەکەی بەکێش دەکرد و، حەمیدیش لەدواوە پاڵی پێوە دەنا، فزەیان لێوە نەدەهات، هێشتا خەو بەری نەدابوون و لێویان قورس بوو، پاش تۆزێکی دی خۆر هەڵدێ، حەزەکەن بەر لە خۆرکەوتن، بگەنە نووسینگەی دابەشکردن، هەرکە گەیشتنە تەختاییی ڕێگە، ئەلزاوی سواری پاسکیلەکەی بوو، حەمیدیش سواری بەردەمی بوو. گڵۆپە گشتییەکان هێشتا دەسووتان، پاش تۆزێکی دی دەکوژێنەوە، هەوەڵ گزنگی خۆریش دەردەکەوێ، حەمیدیش یەکەم باوەشە ڕۆژنامە لە بن هەنگڵی خۆی دەنێ.

سەبارەت ئەم کارە هیچی ئەوتۆ نازانێ، وێڕای ئەوەش هەر لە هیچ چاترە، بەر لەوەی بگەنە نووسینگەی دابەشکردن، پاسکیلەکە چەند جاری لار دەبووەوە و خەریک بوو بکەونە خوارەوە، ڕێگەکە دووروودرێژ بوو، بەڵام ئەلزاوی دەیزانی چۆن قەدبڕی دەکا، چەند ڕچەیەکی دی چۆڵی لاوەکی هەبوون، بەهەرحاڵ بەڵام لەماوەیەکی کورتدا دەگەیشتنە نووسینگەی دابەشکردن، حەمید بەدەم ڕێگەوە شتی لە بارەی خاوەن ئیشەکەوە شارەزا بوو، دەبێ لە بەردەمیدا بەئەدەب و سادە بێ، خاوەن ئیشەکە کەسانی زیرەک و چاو بەلی، خۆش ناوێ، حەزی لە کەسانی بەڕەڵاو گەمژەیە، کۆنترین ڕۆژنامەفرۆش کەسێکی بێ فەڕە، هەر بەر لە جەنگی گێتی دووەمیشەوە نەیانتوانیوە ئەم پیشەیە بگۆڕنەوە.. پیربوون و لاق و لەتەریشیان تۆکی بەرداوە، ئەم جۆرە کەسانە لەمەڕ کڕیارەکان چاک و پەسەندن، هەندێکیان هەرکە ڕۆژنامەیان کڕی دەسبەجێ تووڕی دەدەنە یەکەم ئاودەسخانەوە، یان لە هەندێ بزگوڕی خۆیانی لوول دەدەن.





حەمید لەو ئاپۆرایەی کە لە بەردەم دەرگەی نووسینگەی دابەشکردن ڕیزیان گرتبوو، واقی وڕما، پیرو کاڵ و کەسانی تریش هەبوون لە تەمەنی خۆی بوون، بەسەریەکەوە ژمارەیان بیست کەسێ دەبوو، هەندێکیان هێشتا باوێژگیان دەدا، جوونێ تریشیان لەسەر شۆستەکە هەلاژابوون و پشتیان دابوو بە دیوارێکەوە و پرخەپرخی خەویان بوو، دیارە ئەو خەڵکە چاک ناخەون (حەمید لە دواییدا ئەوەی پێ زانی، خۆیشی جاروبار لەماوەی بیست وچوار سەعاتدا تەنیا سی سەعات دەخەوت..

ئەلزاوی چاکەتە دڕاوەکەی ڕاکێشا، دنیا سارد بوو، بەڵام باران نابارێ، هەوەڵ تیشکی خۆرەکە لەئاسمانڕا پەخش بووبوو، چرا گشتییەکانیش کوژانەوە، بەڵام هێشتا تاریکاییەکی لێڵ لە هەموو جێگەیەک بڵاوەی لێ کردووە، درەختەکانی قەراغ شەقامەکە بە ئاونگ بوون، ڕەوە پاسارییەک لە نێو گەڵای چڕوپڕی درەختەکاندا خۆیان شاردووەتەوە و جریوە جریویانە، ئەلزاوی، حەمیدی بردە پەنایەکەوە و پێی گوت:

– ناتوانم ئێستا لەگەڵتدا بمێنمەوە، دوای قەدەرێکی تر ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە ڕۆژنامە دێ، دوای تۆزێکی تریش ئیدریس ئاغا لەخەو هەڵدەسێ، ئەو خۆی سەرگەورەیە..

– بەجێم مەیەڵە، چی پێ بڵێم؟

– مەترسە، پێی بڵێ ئەلزاوی ئامۆزامە، بەخۆشم قسەی لەتەک دەکەم.

– دەتوانی لەگەڵمدا بمێنیتەوە؟

– ناکرێ، ئەگەر یەک دەقە دوابکەوم، چەند کڕیارێکی بەیانیانم لەکیس دەچێ، دواجاریش خۆت لەمە حاڵی دەبی.

(لە پاشان حەمید خۆی ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت و، ئەلزاوی درۆی لەگەڵی نەکردبوو).

هەرکە ئۆتۆمبێلەکە وەستا و، لوورانی، ئەوەیشی خەوی لێ کەوتبوو ڕای پەڕاند، دەمودەست کابرایەکی گۆشتن چاویلکەیەکی جام ئەستووری لە چاو کردبوو، هاتە خوارەوە، دەتوت ئەو کابرا جوولەکەیەیە کە مریشک و جووجەڵە دەفرۆشێت..

هەرکە حەمید لە بەردەم دووکانەکەیدا تێپەڕ بووایە بەرماوەی سەندەویچی دەدایێ.. ئەگەر ناوی ئیدریس ئاغا نەبووایە، حەمید هەر وای دەزانی ئەو کابرایەیە. کابراکە ڕستی کلیلی بەدەستەوە بوو، وەک سکەخشە بکا ئاوها ڕێی دەکرد، بەیانی باشی نەوت، بەڵام تەنیا لەو دەرگە شووشەبەنە نزیک بووەوە، کە نیوەی لای خواری بە بۆیاخی سپی ڕەنگ کرابوو، نیوەی سەرەوەیشی بە ڕەنگی سەوز، کلیلەکەی خستە ناو کونی دەرگەکەوە، ئەنجاش دەرگەکە کرایەوە، چەند مێزی دەرکەوتن کۆمەڵە قاقەزێکیان لەسەر بوو، کابرا قەڵەوەکە هەندێ لە چاوەکانی مێزەکەی کردەوە و ئەو قاقەزانەی تێ ئاخنی، هەندێ لە فرۆتەنییەکان چەند باوەشە ڕۆژنامەیان داگرت و تووڕیان دایە سەر زەوییەکە، لە پاشان کەوتنە شوێن کابرا قەڵەوەکە، حەمیدیش لە دووڕا چاوی بڕیبووە ئەو دیمەنە، دوای قەدەرێک چاوی لێیان بوو کە لە نووسینگەکەوە هاتنەدەرێ، هەریەکە و بەلایەکدا دای کێشا،





بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد. هەرکە ئەلزاوی هاتە دەرەوە سەرێکی بۆ ئەویش لەقاند کە ئەویش بچێتە ژوورەوە، ئەنجاش خێرا سواری پاسکیلەکەی بوو، ئەویش کەوتە بانگەوازکردن و بەیەکجاری لە چاو ون بوو..

حەمید خۆیشی نەیزانی چی بکا، بەڵام وا ئێستا دەزانی چی دەکا، خاوەن ئیشەکە بە دەنگێکی ڕەق و نەبیستراوەوە قسەی لەگەڵ کرد، دەربارەی پێوەندیی بە ئەلزاوییەوە لێی دەپرسێ، بەکورتی باسی هەلومەرجەکانی پیشەکەی بۆ کرد، ئەنجاش لە پشت چاویلکە ئەستوورەکەیەوە چاوی تێ بڕی، لە نیگاکانیڕا دیاربوو لە دنیا داخ لە دڵە، وشک و دڵڕەقیشە:

– چەند ساڵانی؟

– شازدە ساڵ

– ئا.. تەمەنێکە لە جێی خۆیدایە، ئەمەیە پیشەی دوارۆژ، ئەگەر بتەوێ خێزانەکەت بەخێوکەی.. دەبێ گورجوگۆڵ بی، جگەرە دەکێشی؟

– نەخێر.

– زۆرباشە

– دەخۆیتەوە..؟

– نەخێر.

– دیسان زۆرباشە.. بەڵام سەیرە، کەچی کەسانی هەرچی وپەرچی وەکو تۆ تەمەنیان نابێتە دە ساڵ ئەم هەموو شتانە فێر دەبن، لێی گەڕێ، ئەگەر ئەم شتانە فێر نەبووی هەلت لە بەردەمە، خەڵکی

هەمەجۆریش دەناسی، دز، فەرمانبەر، سەربازە ئەمریکاییەکان، سۆزانییەکان، دنیایەکی فراوانەو چاوەڕێتە، دوای ماوەیەکیش لەسەریان ڕادێی.. ئیدریس ئاغا بەوشێوەیە قسەی دەکرد، بەڵکو زۆرجاریش قسەی زۆر ناشیرینی دەکرد. ئەو شتەی کە لەگەڵ قەدوباڵە قەڵەوەکەی و سەروچاوە بەحورمەت ئامێزەکەی ناتەبا بوو.

حەمید گوتی (ئەمە سەرەتایە) ئەو دنیایەی هاتەبەرچاو کە خاوەن ئیشەکە بۆی باس دەکرد، لەو هەمووەش دنیای سەربازە ئەمریکاییەکان سەرنجی ڕاکێشا، وەکو ئەوانەی لێ دێ کە لە گەڕەکەکەی خۆیاندا دەیانناسێ، دەبێتە خاوەن کاتژمێرێکی ئەمریکایی و گیرفانەکانی پڕ دەبن لە دۆلار، شتی تریشی هاتەبەرچاو، خاوەن ئیشەکە خێرا خێرا ڕۆژنامەکانی دەبژارد، ئەنجاش باوەشێکی دایە دەست حەمید:

– ئەگەر هاتو ڕۆژنامەیەکت بزر کرد بەخۆت دەیبژێری.. دەی بکەوە خۆت، کوچەو کۆڵانەکانی شار چاک شارەزای؟

حەمید وەرامی نەدایەوە و ڕۆژنامەکانی خستە بن هەنگڵی، بە ڕاکردن لە دەرگەی نووسینگەکە دەرفرتایە دەرەوە، نەیزانی بەرەو چ ئاقارێک بچێ، دواجاریش لە دواوە گوێی لە دەنگێک بوو، وەستاو ئاوڕی دایەوە، خاوەن ئیشەکە بە جەستە کەتەکەیەوە هاواری لێ کرد:

– ئەرێ هۆو، بۆ کوێ دەچی؟ بەرێگایەکی دییەوە بڕۆ بۆ ئەو قاوەخانانەی خەڵکی قاوەڵتی لێ دەکەن.

حەمید سەرێکی بادا، بەرەو ئەو ئاقارە ڕای کرد کە خاوەن ئیشەکە





بۆی دیاری کردبوو، بەڵام بانگەوازی نەئەکرد، چونکە ناوونیشانی ئەو ڕۆژنامانەی نەدەزانی کە لە بەن هەنگڵی ناون، هەر ڕای دەکردو، ڕای دەکرد، دەتوت شێتە ڕادەکا..

***

## ٣

لەسەر چیغێکی کۆنی زەردی ڕەنگبوارد، حەمید و باوکی چوارمشقی ڕۆنیشتن، کاتی هەردوو براکەیشی خەوتبوون، یان لەوانەیە یەکێکیان خۆی کردبێتە خەو. ئەوەی لە کوختەکە دەوترا گوێی لێ دەگرت، لەوانەیە ئەویش خوزیای دەکرد لە تەمەنی حەمید بووایە، ئەویش بۆ خۆی کارێکی دەدۆزییەوە. فێری جگەرەکێشان و خواردن و خواردنەوە و هەموو شتی دەبوو. دایکی خۆی لە ناو بزگوڕێک گرمۆڵە کردبوو، وا خۆی نیشان دەدا باکی هیچ شتێکی نییە.

حەمید پارچە دراوە زەرد و سپییەکانی دەرهێنا و، بەوپەڕی دەسخاوێنییەوە ڕۆی کردن، هیچی بەدزییەوە لێ خەرج نەکردبوون، وەکو لەمەوپاش وای دەکرد، باوکی پارچە دراوەکان دەبژێری و، دایکیشی خۆی لێ نەبان کردوون و بێ باک، لە کوانووەکە نزیک بووەوە، بەدەست و دەم دەیگەشانەوە، ئاگرەکە خەریک بوو دەکوژایەوە، سەر قەپاغی کتلیەکەی هەڵگرت، چایەکە کوڵە کوڵی بوو، گەڕایەوە جێگەکەی خۆی.. باوکی لە ژماردن بووەوە، ترووسکەیە لە چاوەڕوانیرا وەدەرکەوت، بزەیەکی هاتێ، ددانە دژوێن و ڕەش داگەڕاوەکانی لەبەر جگەرەکێشان دیارکەوتن، دەتوت سیخی ئاسنین. ژنەکەی چاوی لەوە بوو، کەوتە چاوگێژدان لە نێوان حەمید و





باوکیدا، گوتی:

– ئۆخەی، شتی هەر لە هیچ چاترە.

– خێر و بەرەکەت لەمەدایە..

مێردەکەی وای گوت.

دایکەکەش گوتی:

– بەخۆت بڵێ، تۆش ئەگەر وەکو ئاغاکانت زوو لە خەو هەڵسی و بۆ بەندەرەکە بچی، شوێن خۆت لە ناو کۆڵکێشەکان بکەیتەوە، ئێوارەش بەکۆڵی پارەوە دێیتەوە.

– تۆ شارەزای بەندەرەکە نیت، ئەگەر بەرتیل نەدەی نۆرەت ناگاتە سەر، یان دەبێ وەک حوشتر تۆکمە بی.

– سەیری ناوشانی خۆت کردووە، دەڵێی ناوشانی بارگیرە؟

– هەی کچی پیاو، ناساغم ناساغ، دواجاریش ئەمشەو نامانەوێ دەمەقاڵەمان بێ، خەریکی چا لێنانەکەی خۆت بە..

حەمید خۆی تێ هەڵنەقورتاند، چونکە بۆی نییە خۆی تێ هەڵقورتێنێ، ئەگەر بێتو خۆی لەو جۆرە دەمەقاڵە ئاوها هەڵقورتێنێ، هەردووکیان بەردەبنە وێزەی. ئەم وەکو کوڕە ئاوەڵەکانی گەڕەکی خۆیان نییە کە لە دایکیان دەدەن، تا دەم و لووتیان خەڵتانی خوین دەبێ، هەستی کرد ئەو جۆرە ڕەفتارە بێ شەرم و بێ شکۆیە و، خواش لەبەری گرانە، حەزی لە چەتوونی نییە، ئەوانەی ئەو تەرحە ناوێڵیەیان لێ دەوەشایەوە، دەیانتوانی چەند مانگی لە خێزانەکانیان دوور کەونەوە، دەچوون لە سەرانگوێلەکانی شار دەژیان و لە باخچە

گشتییەکان و ژێر دەرگەی تەلارەکان دەنووستن. ئەنجامیش ئۆتۆمبیلی پۆلیس دەیدۆزینەوە، یان ڕاودەنران، یان لە کاتی هەڵمەتی پاقژکردنەوەی شار لەو جۆرە کەسانە ڕاودەنران. ئەوساش دەگەڕانەوە، دایکەش ئەوەی لەبیردەچووەوە کە چی لێ قەوماوە، ژنێکیان دەڵێ:

– فلانە هەرچۆنی بی کورمەو لە خوێن و گۆشتمە، هەرکە گەورەش بوو ئەوسا تێ دەگا لێدانی دایک شوورەییە..

لە پاشان دەیدایە بەر لۆمەو تانە و سووکە جنێوێکیشی دەدایێ، یان ئەوەتا شەپازللەیەک بە گرێی ملیدا دەدا (هەی ڕووڕەشی خوا و بەندە، برۆ ژوورەوە و پارووە نانێک بخۆ، خوا بیبڕی، چواردەی مانگە و نان لە ماڵەکەشماندا نییە).

حەمید لەو تەرحە نەبوو، هەرگیز لەگەڵ دایکیا نەبووەتە دەمەقاڵەی تا دەستی لێ بوەشێنێ، ئەگەرچی لە دڵەوە دەیویست وا بکا. بەڵام هەندێ شت هەبوون ڕێیان لێ دەگرت وا بکا، دایکەکە سینییەکەی ڕاکێشاو چیتر بۆ مێردەکەی درێژی نەکرد، چای کردە پەرداخەکان، باوکەکە پارووە نانەکەی لە بەردەم کردە چەند لەتەوە، لەگەڵ زەیتوونەکەی ڕاکێشا، ئەمجارە بێ ئەوەی وەحشیانە سەیری حەمید بکا، چاو نانی نایە بەردەمی وەکو بە میوانێکی دۆستی بدا وابوو. جاران حەمید نەحلەتی لەو ساتە دەکرد کە نانی دەخوارد..

باوک:

– بخۆ هێستر، ناوشانت دەڵێی ناوشانی حوشترە، قابیلت نان خواردن نییە.





دایک:

– بخۆ، ژەهری مار بخۆی.

باوک:

– ئەم گوێدرێژە کەی تەگبیرێکی خۆی دەکا؟ ئەمە بۆ من زۆرە، زۆریش.

دایک:

– ئەی من؟ تەماشام ناکەی بەدەستتانەوە ناوەخت پیر بووم، هەرچی ئیشوکار هەیە دەیکەم، بۆ ئەوەی مێردێ بژێنم دەڵێی هێسترەو، مناڵ گەلێکیش وەک کوللە زەرد هەر دەخۆن)، هەرجاری حەمید ئەم قسانەی بژنەوتایە، وای بە چاک دەزانی کە ئیتر نان نەخوا، دەچووە دەرەوە کن هەنجیر فرۆشەکان، یان پرتەقاڵ فرۆش و گندۆرە زەردو سوور فرۆشەکان، لە پاشان خۆی و ئاوەڵەکانی هێرشێکیان تەگبیر دەکرد، هەچ خواردنێکیان بەر پل کەوتبایە دەیانفڕاندو دەدزی، لەوانە بوو هێرشێکی سەرنەکەوتوو بووایە، ئەنجامیش یەکێکیان بەرەو قشڵەی ناوچەکە ڕاپێچ دەکرا، لەوێش ئەفسەری هێزە کۆمەکیار و یەدەگەکان تێری تێ هەڵدەدا، تێهەڵدان لە لایەن بنیادەمێکی ئەجنەبییەوە قارەمانیەتی بوو، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو پیاوی میریش بێ، لەو جنێوانە چاترە لە داک و بابیەوە دەیانبیستی.

حەمید ئێستا نان دەخوا بێ ئەوەی هەست بە تاڵیی نان خواردنەکە بکا، چونکە نرخەکەی داوە، ئەو دراوە ئاسنە سپی و زەردانە توانییان

بیپارێزن. بەڵام بە ڕۆژ زۆر ماندووە، لە دواییدا فێردەبی چۆن ئیسراحەتی خۆی دەکا. لە هەوەڵەوە ئاوەڵە ڕۆژنامەفرۆشەکانی حەزیان لێی نەبوو. هەموو تازە فرۆشیارێک هەمان شتی لێ دەقەومێ. کۆنەفرۆتەنییەکان هەمان تەرحە هەڵوێستی بەرانبەر دەکەن، بەڵام دواجاریش ئەو هەڵوێستە دەرەوێتەوە.

حەمید نان و زەیتوونی خواردو چاشی هەڵقوڕاند، جاران تەنیا هەر نانی دەخوارد، یان نان و چای دەخوارد. لەگەڵ داک و بابی قسەی نەدەکرد، لە بێدەنگیدا پیشی دەخواردەوە، هەر بە بێدەنگیش لێیان دەنۆڕی. هەرکە لێ بووەوە لە قوژبنێکی کوختەکە لەسەر چیغێک هەلاژا.. دایکەکە بەسۆزێکی دییەوە گوتی:

– چیغەکە ساردوسڕە، ئا ئەو بەتانییە بگرە و ڕای خە.

دەستی بۆ بەتانییە کۆنە دڕاوەکەی ژوورسەری درێژ کرد، لۆیەکی لەسەر چیغەکە ڕاخست و، بە لۆیەکی تریش بەخۆدا دا، ئەنجاش نیمچە بالیفێکی خستە ژێر باڵی کە لە هەندێ کونەکانیەوە ناوئاخنەکەی هاتبووە دەرەوە، ئەویش ڕەنگە ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەست دابوو. گوێی لێ بوو دایکی بەدەم پاروجوین و چای فڕکردنەوە دەیگوت:

– دە بنوو، لەبەرئەوەی بەیانی زوو هەڵدەسێ.

حەمید گوتی:

– قەی ناکە، سبەینی لە نیوەڕۆدا دەتوانم بنووم، لەگەڵ ئەلزاوی شوێنی نووستنمان هەیە. هەرکە خاوەن ئیشەکەمان بۆ پشکنین دەردەچی پێی نازانێ.





– نەکەی خاوەن ئیشەکە پێی بزانی و دەرت کا، چیت پێ لێ دەنێم هەمیشە هەر وا بکە..

حەمید وەرامی نەدایەوە بۆ ئەوەی سەرزەنشتی بکا، بەسەربادانەوە گوتی:

– بەڵێ.

بەڵام خۆی دەیزانی چی دەکا، گوێی لە پرخە پرخی هەردوو براکەی بوو، وەک جووتە ماسییەکی سەردین نێو قووتوو ڕاکشابوون، بە لێفەیەکی پینەوپەڕۆ کراو داپۆشرابوون، پینەوپەڕۆیەکی هەمەڕەنگی پێوە لکاوە. جاران ئەویش لەگەڵیاندا پێکەوە ڕادەکشاو، دایک و باوکیش لە قوژبنەکەی بەرانبەر ڕادەکشان. ئێستاش بووەتە زەلام و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو دایک و باوکیشی بڕەک میوەی بەردەکەوێ.

حەمید ماندوو بوو، بەتانییەکەی کێشایە سەر خۆیەوە، تا ڕۆشنایی لێی نەدا، چاوی نووچاند، کەچی خەوی لێ نەکەوت، گوێی لێ بوو دایکەکە بە شووەکەی دەگوت.

– دەبێ لە حەوشە هۆدەیەکی بچووکی بۆ دروست کەین، نابینی ئەوا بووەتە زەلام و ئەم کوختەش بەشمان ناکا..

باوکەکە وەرامی دایەوە:

– وابزانم هێشتا وەختی ئەوە نییە، پارە بەش ناکا.

– هەمووی لە جگەرە و قومار دەدۆڕێنی، ئەنجاش دەڵێی بەشمان ناکا.

– ئافرەت ترسی خوات لە دڵ بێ، حەزم بە قومار نییە.

– درۆم لەگەڵ مەکە، وەک بڵێی نەتناسم.

– لە حەوشە کولانەیەکی بۆ دروست دەکەین، بەڵام ئەگەر هاتو سەرۆکی پۆلیس ئاگەدار بێتەوە، بۆ ناوچەکە یان بۆ بەندیخانەمان ڕادەکێشێ، دروستکردنی ئەو کولانەیەش ڕوخسەتی دەوێ.

– تۆیش وەکو ئاغاکانت بە و بەرتیل بدە.

باوکەکە بە تووڕەیییەوە گوتی:

– بۆ نازانی ئەو سەرۆک پۆلیسەش زۆر داوا دەکا؟ ئەو حەرام خۆرە لە بەرتیلخواردن هەر تێر نابێ..

– بە هەچ کلۆجێ بێ، دەبێ کوختەکە بۆ کوڕەکە دروست کەین، ئەوا بووەتە زەلام، دڵم ئاو ناخواتەوە تا زەماوەندیشی بۆ نەکەم و لەتەنیشت خۆمی بێڵمەوە، دەترسێم ئافرەتێ لە دەستمی دەربێنێ، نە پارەش دەمێنێ و نە کوڕیش..

لێرەدا باوکەکە هەڵچوو:

– ئەتۆ دەڵێی گەمژەی؟ کوختی بۆ دروست بکەین و زەماوەندیشی بۆ بکەین..؟

– ئێ بۆ نا؟

جگەرەیەکی هەرزان بابیی بە ورووژاویەوە دەرێنا، لە پاشان کەوتە نێوان ژنەکەی و چراکەوە، تاریکی لێ کرد، ژنەکەی گوتی:

– چییە وا وەستاوی؟ بانگ دەدەی؟

مێردەکەی وەرامی نەدایەوە و لە کوختەکە چۆ دەرەوە و لە





حەوشەکەش چووە ئەودیوەوە، دنیا تاریک بوو، سەگوەڕ و دەنگی دەف و زوڕنا بێشک نیشانەی سازکردنی ئاهەنگێکی ئاینی بوو، لەسەر خۆڵەکە ڕۆنیشت و بەدەم جگەرەکێشانەوە دەیڕوانییە تاریکییەکە. لەوێڕا جگە لە تاریکیی هیچی تر لە گۆڕێ نەبوو. لە حەوشەی کوختەکە و بەرانبەر درەختە درێژەکە و لە بەردەمی لە نێو تاریکییەکەدا سێبەرێکی فەرق کرد، گوێی لە خشەخشی جلوبەرگ بوو لە کۆڵانەکەوە شۆڕ بووەوە. تارماییی کابرایەکی لە دوورەوە فەرق کرد، هەرکە تارماییییەکە نزیک بووەوە، شووەکە ئەوی ناسی و تارماییییەکە گوتی:

– کێیە؟ حەسەن..

بەڵێ:

– لێرە چی دەکەی؟

– هەوایەک هەڵدەمژم.

– وادیارە دیسان لەگەڵ ژنەکەت دەمەقاڵەت بووە، دە وەرە دەی دەردی دڵی خۆت بەبا دە..

تارماییییەکە لە ژێر چاکەتەکەیەوە قاپی مەی هەرزانبایی دەرێنا..

– وەرە، ژنم پێیە..

حەسەن گوتی:

– حەزم لێ نییە، دەمەوێ بخەوم..

– کەیفی خۆتە.

لە پاشان لە نێو تاریکاییییەکە ون بوو.

***

٤

دوای گەڕانێکی زۆر بەسەرجەمی تیاترۆخانەکانی شەودا، حەمید لە لای (وەهران بارِ) وەستا، بەناو بارِەکەدا سووڕێکی خوارد، خۆر هێشتا نەکەوتبوو، غەڵبەغەڵب بوو لە بارِەکە، سەرخۆشێکی زۆری تێدا بوو، کەسانێکیش هەن نازانی خواردوویانەتەوە یان نەیانخواردووەتەوە، لە بەردەم هەندێکیاندا فنجانە قاوە یاخود پەرداخە شیر و قاوە دانراوە. هەندێکیان نان دەخۆن و هەندێکی دیشیان دەنۆڕنە ئەو دنیایەی دەوروبەری خۆیان، هێشتا خۆر نەکەوتووە، حەمیدیش هەست دەکا، حەزی لە خەوە، لە سووچێکی بارِەکە، مێزێک سێ کورسی لە دەورە دانراون، بیری کردەوە بڕوا کە لەوی بخەوی. ویستی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ کا، برەک دوودڵ بوو، بەڵام دواجار بەنێو ئەو عەشاماتەی سەرخۆشن و ئەوانەیشی سەرخۆش نین و، ئەوانەیش کە بۆ هەلێک دەگەڕان بەهەر کلۆجی بێ ڕووتی کەنەوە ملی ڕێگەی گرت. کابرایەکی کەتەی ئەمریکایی ڕای گرت، تا بڵێی سەرخۆش بوو، شووشەیە بیرەی بۆ درێژ کردو بە زمانی ئەمریکایی قسەی لەگەڵدا کرد. ئەوەی لە زاریەوە دەهاتەدەری حەمید یەک وشە چییە لێی حاڵی نەبوو، زمانی کابرایەکی شەکەتی زۆر خواردووە بوو، تێ گەیی داوای لێ دەکا کە ئەویش بخواتەوە.





حەمید بەسەربادانێکەوە تێی گەیاند، نەو. بەڵام کابرا ئەمریکاییەکە بە زمانی عەرەبی هاتە قسە:

– ناتەوێ؟

– نا

– بۆ..؟

– ئەمن موسڵمانم

– چاکتر وایە بڵێ منالم

کابرا ئەمریکاییەکە بەرەو بارِەکە لێی دوور کەوتەوە، قاپە بیرە پڕەکەی دانا. حەمید چاوی پێوە بوو چۆن جەستەی لار دەبووەوە، دەتوت فیلە. بانگی حەمیدی کرد و بەرەو ئامێری (فلیبەرەکە) دوای کەوت، ئافرەتێکی بیانی لەودیوی ئامێرەکەوە سمتی خۆی بادەدا، کابرا کەتەکە بە حەمیدی گوت:

–دەتەوێ لەگەڵ ئەو ژنە فەڕەنساییە گەمە بکەی؟ ئەو عەرەبی بە وردو هەراشەوە خۆش دەوێ..

ئەمریکاییەکە دەستی بە پێکەنین کرد و لە پاشەوە شەپێکی کێشا بە ژنەکەدا. ژنەکەش بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە قیژاندی (ئۆی، دە لێم گەڕێ یاری دەکەم، دەبێ ئەم خولە هەر بیبەمەوە، هەی سەرخۆش چەندی دەدەی ئەگەر هاتوو بدۆڕێم).

کابراکە گوتی:

– ژیانی خۆمت دەدەمێ.

ئاوڕی لە حەمید دایەوە و بە زمانی پەڵتەوە گوتی:

– بە گیانی ئەم عەرەبە بچکۆلانەیە.

حەمید حەزی لەو گەمەیە نەبوو. بیری کردەوە تا خۆر هەڵدی هەندێ لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی مێزی قوژبنەکە پشوو بدا. دەیزانی بەرەبەیانی شەوی شەممە خەڵکی ڕۆژنامە ناخوێننەوە. زۆربەی مشتەرییەکان لەم شەوانەدا بێهۆش دەبن، وەکو منداڵی ساوایان لێ دێ. زۆربەی ئاوەڵە ڕۆژنامەفرۆشەکانیشی لەم شەوانەدا شتی بەبەهایان دەست دەکەوی، کاتژمێری دەس، پاکەتە جگەرە، قەڵەمی زێڕو ئاسایی، دۆلار، دراوی جیهانییش.

خەڵکێکی ئێجگار دەڕژێتە ئەم باڕانەوە، سەربازە ئەمریکاییەکان، زەریاوانی هەمە تەرح، ژنی مەغریبی و بیانی سەرخۆش دەبن، لە بەرەبەیانی ئەو شەوە بەدەست و شووشە لەیەک بەردەبن. بەتایبەتی سەربازە ئەمریکاییەکان بە ئۆتۆمبێلە پانوپۆڕەکانیان، کارەکەری مەغریبی و سەرخۆشەکان دەکەنە ژێرەوە، هەموو حەوتەیەکیش لەم بەیانییەدا ڕاونانی پۆلیسی بنکەی ئاسمانیی ئەمریکاش دەست پێ دەکا، بەدوای ئەو سەربازانەوە کە بە چەشنی فلیمەکان ترس بڵاوەکەنەوە، پۆلیسی مەغریبیش سرتەی لێوەنایەت، جگە لەگەڵ ئەو سۆزانیانە نەبی کە لە (سەی یەحیا و بازاڕی چوارشەممە و یان جومعەی ئەلمەکرن و سەی عەلالی ئەلقازییەوە دێن بۆ ئەوێ. بە حەمیدیان گوت پۆلیس بۆیە ئەو ژنانە دەگرن تا بیانڕووتێننەوە و لێیان بپەڕن. زۆربەیان ناسنامەی (کارەکەر) یان (لێزان) یان هەیە، تەنانەت هەندێ جار ئەو ژنەیش دەگرن کە ناسنامەی (لێزان)ی هەیە، بەتۆمەتی داوێن پیسی، چونکە لە ئیسلامدا داوێن پیسی قەدەغەیە،





زۆرجاریش پۆلیس دانی تیدا دەنی، ئەگەر بێتو ژنەکە بزانی کە چۆن لە گیرفانی یان لە جەستەی خۆی ئەو باجە دەدا.

هەموو شتی لەمەڕ حەمید ئاساییە، چ ناتەباییەک لە گۆڕی نییە، هەرکە چاوت بە ئۆتۆمبیلی پۆلیس کەوت ڕۆحی خۆت قوتارکە.. حەمید نیوەڕۆژەی دەکرد، لەگەڵ ئەلزاویدا پارووەنانێک و کەرە و ئاوی لیمۆیان دابەش کرد. گوێی پێوە بوو یەکی لە ڕۆژنامەفرۆشەکان بە ئاوەڵەکەی خۆی دەگوت، لاوێکی چوارشانە بوو، یەکێکیان لێی پرسی:

– ئەوەندە سەرخۆش بووی تا دوو مانگ لە بەندیخانەیان توند کردی و، ئاژاوەت نایەوە.

– نەخێر سەرخۆش نەبووم..

– کەواتە درۆیان لەگەڵ کردووی..

– بەڵێ، بەبۆنەی ژنێکەوە کە لە باڕەکە ئیشی دەکردو، کیژی گەڕەکەکەمانە، لەبەر هۆیەکی تایبەتی گاڵی پۆلیسی لێ دام.

– تۆ شت گەورە دەکەیتەوە، سەرخۆش بووی و گۆبەنت نابووەوە.

ئەوی دییان بێ تووڕەبوون گوتی و حەمیدیش گوێی لەو کردەوەیەی بەندیخانە دەگرت .

– پۆلیسەکە بەزۆرملی تووڕی دامە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە، دەزانن دواجاریش چیی کرد؟ هەر خۆی دوو قاپی بەتاڵ و قاپێکیش تا نیوە بوو هاوردی و گوتی:

– تۆ ئەم هەمووەت خواردۆتەوە و واو وات کردووە. هیچ لەو هەمووە

حاڵی نەبووم. لە بەردەمی دادگایش گوتم نەمخواردووەتەوە، تەقەڵلام دا سەرلەبەری هەموو شتێک بۆ سەرۆک دادگا بگێڕمەوە. بەڵام سەرۆک پرسیاری لێ کردم:

– ئیشت چییە؟

– ڕۆژنامەفرۆش.

سەرۆکەکە گوتی:

– وەهاشت کردووە و زیاتریش، هەی گوجیلە سەگ.

– گەورەم نە بەخوا وام نەکردووە. خۆ ئەگەرچیش مەی حەرام نییە، هەموو موسڵمانانیش لە بارەکان دەیخۆنەوە، گەورەم دە بە خۆت بچۆ بۆ بارەکان، بە چاو خۆت دەبینی کە چۆن سەرلەبەری موسڵمانەکان دەخۆنەوە، سەرباری ئەوەش پۆلیس باسیان دەکا..

سەرۆکەکە گوتی:

– ئەم قسانە لە کوێ فێربووی؟ ئایا دەتەوێ پیرۆزیی وڵات بلەوتێنی هەی گوجیلە سەگ؟ دەبی سەیرکەیت و بێدەنگ بێ. بژنەوە و بێدەنگ بە.

دواجاریش، دادگایش بڕیاری بەسەر تاوانباردا دا.. هتد..

حەمید لە قسەی ڕۆژنامەفرۆشەکە هیچ حاڵی نەبوو. بەڵام دیاریش بوو هەموو شتی ماقووڵ بوو، گەرچی لە هەمان کاتیشدا ناماقووڵ بوو.. ئاوی لیمۆکەی فڕ کرد و نان و کەرەکەی دەخوارد، خواردنەکە زۆر بەتام بوو، بە تامی نان و چای نەدەکرد، یان نان و زەیتوون. ئەلزاویش بە تام نانی دەخوارد و هێدی هێدی دەیجوو و لەسەرەخۆ





قوتی دەدا:

– بڕوا بە قسەکەی مەکە، لەوانەیە لە یەکێک لە ئەمریکاییەکان دزیی کردبێ، ئەو هەروایە.

حەمید گوتی:

– بەهەرحاڵ هیچی ئەوتۆ لە سەربردەکەی حاڵی نەبووم، بەڵام وادیارە دەیەوێ ڕقەبەرە لەگەڵ پۆلیس و دەوڵەتدا بکا، دەبێ ئەوە باش بزانێ کە ئەو شتە لە دەرەقەتی هەژاری وەکو ئێمەدا نییە. بەش بە حاڵی خۆم هەرکە چاوم بە پۆلیس کەوت وەکو ڕەشەبا دەینێمە دەمی..

ئەلزاویش گوتی:

– دەبێ وەکو من بکەی، هەموو جارێکیش هەروا بکە..

ژنە سمت خڕەکە و کەتە ئەمریکاییەکە باوەشیان بەیەکدا کردووە، بەتەنیشت بارەکەوە یەکتر دێنن و دەبەن، کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە، چونکە چەند ئافرەت و پیاوی دیش هەبوون هەمان شتیان دەکرد. لە بارەکەش دەچنەدەرەوە و خۆیان بە تیاترۆخانەکەدا دەکەن، لە تیاترۆخانەکەش دێنەدەرەوە و خۆیان بە بارەکەدا دەکەن. مێزەکە هێشتا چۆڵە، حەمید چوو لەسەر یەکێک لە کورسییەکان ڕۆنیشت. باوەشە ڕۆژنامەکەی لەسەر مێزەکە دانا، سەرباری ئەو غەڵبەغەڵبەش ویستی چاو لە یەک نێ، دوای ئەوەی بڕەک سەرخەوی شکاند، بەڵام هەستی کرد کێشایان بە پێیدا، هەرکە چاوی کردەوە گەرسۆنەکە بە بەژنە کەڵەگەتەکەیەوە لە ژوور سەری وەستاوە، بە زمانی عەرەبی و لەهجەی بەربەرییەوە قسەی لەگەڵ کرد:

– ئەری هۆو، تۆ وا دەزانی ئەم کورسییە نوێنی نووستنە، دەی خێرا هەر ئێستا بارەکە بەجێ بێڵە، ئەگینا لە پەنجەرەکەوە فڕێت دەدەمە سەر شەقام.

حەمید گوتی:

– دەمەوێ هەندێ پشوو بدەم.

– برۆ لە دەری پشوو بدە، لەسەر گوزەرێک، یان لە سەرانگوێڵی.

حەمید چ دڵتەنگییەکی نەنواند، باوشە ڕۆژنامەکەی خستە بن هەنگڵی و، قەرەباڵغییەکەی بڕی تا بچێتە دەرەوە لە بارەکە.. کابرایەکی ئەوروپایی کورتەباڵڵا ڕای گرت، تەپلەیەکی خڕو ڕەشی لەسەر نابوو، ڕۆژنامەیەکی لێی کڕی، لە نرخەکەی خۆی زیاتری پێ یدا، حەمید زۆر کەیفخۆش بوو، مۆسیقای تیاترۆخانەکە ئەوەندە بەرزو زوڵاڵ بوو، دەگەیشتە ناو بارەکە، هەرکە پێی نایە دەرکەی بارەکەوە گوێی لێ بوو کابرا ئەمریکاییەکە گازی کرد:

– هۆ محەممەد.

حەمید هەرکە لای کردەوە کابرا ئەمریکاییە قەڵەوەکە لێی نزیک بووەوە:

– وەرە بۆ ئێرە

جلوبەرگە پیس و دڕۆینەکەی گرت و ڕای کێشا، ئەمجار زیاتر لەتری دەدا، بەرەو لای پەرژینە دارەکە ڕای کێشا، ژنە سمت خڕەکەش لەوی لەتری دەدا.. کابرا ئەمریکاییەکە گوتی:

ئەم ژنە فەڕەنساییەت بەدڵە؟





حەمید گوتی:

– نەخێر

– بۆ؟ جوان نییە؟

– لە دایکم بەتەمەنترە

کابرا ئەمریکاییەکە گوتی:

– ئەوە دەڵێی چی، بۆ من فەلەم یان موسڵمانم؟

– تۆ ئەمریکاییت، ئەمریکاییەکانیش سەرومڕ فەلەن.

سەندەویچێکی گۆشتی بەراز لە بەردەم کابرا ئەمریکاییەکە بوو، قەپاڵێکی لێ دا و خستییەوە سەر پەرژینە دارەکە. حەمید چاوی بڕیبووە بەرماوەی سەندەویچەکە. ژنە سمت خڕەکەش بە چاوی بایەخپێدانەوە تەماشای دەکردن، چونکە نەیدەزانی چ کەینوبەینێکیان هەبوو. کابرا ئەمریکاییەکە ئاگای لێ بوو حەمید چاوی بڕیوەتە بەرماوەی سەندەویچەکە. بە حەمیدی گوت:

– نانت خواردووە؟ ئەمەت دەوێ؟

حەمید گوتی:

– گۆشتی بەرازە؟

– بەڵێ

– نایخۆم

– بیخۆ و گوێی مەدەرێ، تا وەکو من قەڵەو بێ

بە زمانەکەی خۆی گوتی:

– (مێشکیان بە قسەی پڕوپووچ ئاخنیبوون، دەبێ بخۆی نەبا وەکو

بزن لەڕولات بێ)

کابرا ئەمریکاییەکە سەندەویچەکەی گرتە دەستەوە و، بەپێکەنینەوە تەقەڵلای دا بیئاخنێتە زاری حەمیدەوە:

– دەبی بخۆی.

– باشە هەرکە چوومە دەرەوە دەیخۆم.

حەمید لێی وەرگرت و قەپاڵێکی گچکەی لێ دا، لە بەردەم کابرا ئەمریکاییەکە دەیجوو، ئەویش دەستێکی نایە سەرشانی:

– ڤەری گوود! دەبی نان بخۆی لە ماوەی چەند ڕۆژێکی دی بەگوڕ دەبی و دەبێتە زەلام.

حەمید هەرکە بارەکەی بەجێ هێشت، بە قێزەوە ئەوەی لە زاریشیدا هەبوو تفانیەوە و، سەندەویچەکەشی تووڕدایە گۆڕەپانە گچکەکەی بەرانبەری، لەتە گۆشتەکان لە نانەکە جیابوونەوە و پەرت و بڵاوی ئەو ناوە بوونەوە. دیتی دوو منداڵی سەرگەردان ڕادەکەن و سەندەویچەکەیان لە زەوییەکە هەڵگرت، بەتامەوە دەیانخوارد، حەمید هاواری لێیان کرد:

– نەکەن، حەرامە، گۆشتی بەرازە نەیخۆن.

بەڵام ئاوڕیشیان لێ نەدایەوە و گوێیان پێی نەدا، لە دەستی یەکدییان دەفڕاند و دەیانخوارد، هەندێ لەتە گۆشتیان لە زەویش هەڵدەگرتەوە، بەبێ هیچ بێزهاتنێک لە زەوییەکەوە ڕاست و ڕاست بۆ زاریان دەبرد..

***



٥

بۆ ئەوەی لە دەس خاوەن ئیشەکەی هەڵبێ، هەرکە ئەو بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە بە شاردا دەگەڕا، تا سەر لە چۆنایەتی کاروباری فرۆشتن بدا و، بزانی فرۆشیارەکان چۆن چۆنی هەریەکە و لە شوێنی خۆیدایە، بۆیە حەمید لە سیپەیەکی تایبەتیدا خۆی شاردەوە، لە نێوان ئاودەسخانە گشتییەکان و، بارەگای نەقابەی گەشتوگوزاردا، لە نێو درەختە چڕو بێشەکاندا، کە کرێکارانی شارەوانی بە تەرحێکی ناپووختەیان چاندوون، ئەوەندە ڕێی کردبوو ماندووبووبوو، لە هاوارکردن ماندوو بووبوو، لە هەموو شتێ ماندو بوو، تام زای نەکردبوو، فرۆشی ئەمڕۆکەی کەم بوو، تەنانەت ناشتوانی نان و کەرە و ئاوی لیمۆی پێ بکڕێ. ئەگەر وای کردبایە بێگومان ئەمشەو دایک و باوکی فەزیعەتیان پێی دەکرد، زۆرجار گوێی پێوە بووە کە دایکەکە دەیگوت:

– لەم تۆزە فرەنکانە چ بکەین؟

ڕووی خۆی گرژ دەکا، پرتەوبۆڵەیەکی نەبیستراوی لێوەدی، بەڵام دەنگی تووڕەییەکی ڕاست و ڕەوان بەرجەستە دەکا، لە کوختەکەدا هاتوچۆ دەکا، دەچێتە دەرەوە، دێتە ژوورەوە، بە تووڕەیی دەنۆڕێتە کوڕو شووەکەی. لە پاشانیش بە دەنگی بەرز دەڵێ:

– ئەم ماڵە کاول بێ، یەکێکیان هەتا نیوەڕۆ دەخەوێ، ئەوی دیشیان بە چەن فرەنکێکی کەمەوە دێتەوە و پارەی دەسکە پوونگەیەکیش ناکا..

باوکەکە وەرامی ناداتەوە، هەر ئەوەنەو پەیتا پەیتا جگەرەی هەرزان بایی دەکێشێ، مەچەکی لەسەر چیغەکە درێژ دەکا، لێفە پیناوییە چڵکنەکە بەسەر خۆیدا دەدا، جاروبار لە بێدەنگییەکەی خۆی دێتە دەرەوە:

– واز لە کوڕەکە بێنە، هەر ڕۆژەو ڕزقی خۆی هەیە.

– وازی لێ بێنم بحەوێتەوە، وازت لێ بێنم بحەوێیتەوە، ئەوا بە ناوەخت گەورە بووی، ئەگەر حەزکەی ئاغاکەت دەکەیتە ژن.

– ئەوجا حەمید خۆی تێ هەڵدەقورتێنێ:

– دایە، دە تۆ تەماشای پێم کە، لەبەر ڕێکردن ئاوساوە. سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەمڕۆ هەر ئەوەندەم پاشەکەوت کردووە. ئەگەر بڕواناکەی بڕۆ و لە خاوەن ئیشەکە پرسیکە، ئەمڕۆکە تەنیا بیست ڕۆژنامەم فرۆشتووە.

– وس بە، کوڕی باوکی خۆتی، یان لە باخچەی گشتی لێی دەخەوێ، یان ژنێ گەناو هەرچییەت پێیە لێت وەردەگرێ. دەچمە کن فەقییەکەی ئەلحەریزی نووشتەیەکت بۆ بکا، تا ئەو خێوەت لێ دوورخاتەوە، پیاو کەم بووە و ژنیش زۆرە، جاران ژن قەدر و قیمەتی هەبوو، چ پەکیان بە دەم ڕووتی وەک تۆ هەبوو..

حەمید ڕۆژنامەکانی لە ژێر سێبەری درەختە چروپڕ و کورتەباڵاکان





ڕاخستووە، زۆری برسییە، لەبەر خەو چاوی قورس بووە، بیری کردەوە لێی بخەوێ، زۆری ڕێگە کردووە، هەندێ با پشوو بدا، نیوەڕۆیەکی خۆش بوو، سێبەری درەختەکان سەهەنەو بەیەکداچوون، زۆربەیان گوڵی سوورو سپییان بەرداوەتەوە، شوێنەکە بۆ خۆی ژوورێکی بچکۆلانە بوو تەنیا کەلوپەلی کەم بوو. حەمید بیری لەوە کردەوە لە نێو درەختەکانەوە ماری داکشێ، بەڵام ئەوەی لەبیر خۆی بردەوە، مارو مێرو لەم شوێنە چی دەکا. چونکە کرێکارانی شارەوانی ئەوناوە بەدەرمان لە هۆرانە و وردە زینەوەری زیانبەخش پاقژ دەکەنەوە، ئەگەرچی حەمید برسی بوو، ماندوویی زۆری لێ هێنا، لێی بخەوی، سێبەرەکە فێنک بوو، دەنگی گوڕەگوڕی ئۆتۆمبیل و زیقەزیقی هۆڕنەکان وەکو خەون دەماتنە گوێی. دوای سەعاتی نووستنی پڕ لە خەونی هەڵەو پەڵەو زەڵە زەڵ و زیڕەو قەرەباڵغیی ئۆتۆمبیلە بارکێشە هەمە تەرح و هەمە ئەندازەکان، حەمید بەدەم پێلەقەی ئەلزاوییەوە بەخەبەرهاتەوە:

– حەمید، ڕابە، زانیم لێرەی.

– زۆر ماندوو بووم، ئەم بەیانییە چی ئەوتۆم نەفرۆشتوە.

– منیش هەروەها، مەسەلەکە بەخت و چارەیە، هەموو ڕۆژێ ڕزقی خۆی لەگەڵ خۆیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا نابی بنووی. چێشتخانە و بارەکان لە خەڵکی سیخناخن.

– ئێستا وەختی نانخواردن و خواردنەوەیە، نەک وەختی خوێندنەوە.

– جاری هەڵسە بجووڵێ و ئەوجا دەبینی لە ماوەی نیو سەعات بەگوێرەی درێژاییی ئەم بەیانییەم فرۆشتووە.

حەمید چاوەکانی هەڵگلۆفی، لەسەر زەوییەکە لەبەر سێبەرەکە هێشتا ڕۆنیشتبوو، ئەو هەندە گیاوگژەی کە هەڵی کەندبوون زەرد هەڵگەڕابوون، ئەلزاوی لەبەر ماندوویی لە بەردەمی چەمابۆوە. ئەلزاوی هەندێ پاشەوپاش کشایەوە، سەری وەکو گندۆرەیەک لەپشتەوەی لق و پۆپە بەیەکاچووەکان دیار بوو. هەردوو لاقی بڵاو کردبووەوە، لە نێوان هەردوو لاقە بڵاوبووەکەیەوە دیوارێکی سپی تیشکی خۆری نیوەڕۆی لەسەر ڕەنگ دەداتەوە.

حەمید ڕۆژنامەکانی کۆکردەوە کە لە بەشی سەرەوەی کەڵەکە کرابوون، بەجۆرێکی ناتەواو ڕاوەستا، داچەمایەوە و شوێنەکەی بەجێ هێشت، لقە دارێک لە کراسەکەی گیر بوو. لقە دارەکە ڕووە و ئاسمان درێژبووەوە و خێرا بەتوندی بەسەر حەمیدا کەوت.

حەمید گوتی: (ئای) و گوێی لێ بوو ئەلزاوی گوتی:

– ئاگات لە خۆ بێ، خەریک بوو لقە دارەکە چاوت دەربهێنێ، دەڵێی هێشتاکە نووستوی؟

بەسەر گیاوگژی نێوان ئاودەسخانە گشتییەکە و نووسینگەکانی سەندیکای گەشتوگوزارەوە ڕێگەیان گرتەبەر. ئەلزاوی جگەرەیەکی دەرهێنا و پێی کرد و پارچە بنێشتێکی دەجووی، مژێکی قووڵی لێ داو ئەنجاش بۆ حەمیدی درێژ کرد:

– جگەرە دەکێشی.

– تۆکەی منت بینیوە جگەرە بکێشم؟ یان گاڵتە دەکەی؟





– بکێشە، یان ئەوەتا وەکو کیژێکی سەروعوزرشۆری پاکیزە دەمێنیتەوە.

– نابێ جگەرە بکێشم، قسەی دایکم لە گوێ دەگرم

– نەحلەت لە باوکت.. هەمووجاری دایکم پێی دەگوتم ئەگەر جگەرە بکێشی داوا لە خوا دەکەم لە دۆزەخت تووڕدا. من دەمەوێ لەگەڵ برجێت باردۆ و مارلین مۆنرۆدا بچمە جەحەنمەوە.. ئایا دەیانناسی؟

– نەخێر.

– دەبێ ئەوە بزانی لە سینەمادا چەن جوانن. لەو فەرمەسۆنانەن کە دەچنە جەحەنمەوە.

– تۆش فەرمەسۆنی، ئەمەش لە تۆ حەرامە..

هەرکە گەیشتنە ئەو پەرژینە نزمەی کە گیاوگژەکان لە شۆستەکە جیادەکاتەوە. ئەلزاوی خۆی هەڵدا، خەریک بوو پێی هەڵنگوتێ، حەمیدیش شوێنی کەوت و وەکو ئەوی کرد، نەختێک بێدەنگ ڕاوەستان، دواجاریش ئەلزاوی گوتی:

– بەرەو کوێ دەڕۆی؟

حەمید وەرامی دایەوە:

– ڕووەو چێشتخانەی مادریگاڵ، لەوێرا مشتەری زۆرم هەن

– منیش بەرەو لایەکی دی دەڕۆم.

چێشتخانەی مادریگاڵ نزیک بوو. حەمید بیری کردەوە زوو بە زوو خۆی پێ بگەیەنێ. ئێستاکە کڕیارەکان نان دەخۆن. لەوانەیە لەتە نان و گۆشتێک و بەرماوەی شووشەیەکی ئاوی لیمۆی بەرکەوێ، لە

پێشخزمەتەکەیان دەدزێ، کاتێک ئەویش لەگەڵ خوان و چێشتخانەکەدا خەریک دەبێ. دەشی پێشخزمەتەکە ڕانە مریشکێکی بۆ بخاتە نێو پاروە نانێکەوە و دەیداتی و پاڵێکی پێوەدەنێ:

– لێم گەڕێ با کار بکەین، هەرکە کاتی ئیشوکار بێت خۆت دەکەیتە چێشتخانەکەوە. ئەمجارەیان ئەگەر بگەڕێیتەوە بە لەگەنەکە سەروچاوت ڕەش دەکەم.

لە دووریی چەند مەترێکەوە بینی، خێزانێکی بێگانە خۆی کردە بە قاوەخانەکەدا. کیژێک هاوتەمەنی خۆی بوو نیمچە ڕووت بوو لەگەڵ خێزانەکەدا بوو، لە ڕادەبەدەر جوانە، لەگەڵ منالێکدا هەڵدەبەزێتەوە و پێ دەکەنێ وەها دیارە برایەتی.. حەمید حەزی لێ کرد و لە پشتەوەی ڕاوەستا و تەماشای دەکرد، کیژەکە چووە چێشتخانەکەوە و دەرگەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لێک نرا.

ماوەیەک ڕاوەستا و چاوەڕوان بوو تاوەکو خێزانەکە دادەنیشێ، لەم حاڵەتەشدا پێشخزمەتەکە تووڕەیەو ئەوە دووبارەدەکاتەوە:

– حەز بە قەرەباڵغی ناکەن، تەنیا لەم وەختانە نەبێ، بۆیاغچی، ڕۆژنامەفرۆش، پیتاک فرۆش، گوڵفرۆش، تفوو و. ئەمە نەبوو بە ئیشکردن.

حەمید لەبەر گڕی گەرمای خۆری نیوەڕۆدا ڕاوەستابوو. پشتی دا بە دارتەلی کارەبایەکەوە و لەپشتەوەی شووشەبەنەکە بە پەردە و تووڵی تەنک تەنک داپۆشرابوو، لەوێوە چاودێریی کڕیارەکانی دەکرد. لەم وەختانەدا هەمیشە چێشتخانەکە سیخناخە. بێگومان ئەو ژنە





جولەکەیەی کە خاوەن چێشتخانەیەکە ئێستاکە دەوڵەمەن بووە. لەگەڵ ئەوەشدا مێردە درێژەکەی هێشتاکە ڕانندەی ئۆتۆمبیلێکی گەورەی بارهەڵگرە. بە هەچ جۆرێک بی هەردووکیان پارە کۆدەکەنەوە. بەردەوام خەریکی پارە کۆکردنەوەن. ژنەکە بە تاقی تەنی چێشتخانەو بارەکە بەڕێوەدەبا، چاویلکە لە چاو دەکا و جگەرە دەکێشی و لەگەڵ مەعمیلەکاندا قسان دەکا و دەست دەنی بە دوگمەی ئامێری ژمێریارەکەوە.

سەرنجی دا ژنان لەپشتەوەی بارەکە ڕاوەستاون و لەپێش چاویدا سەرخۆش دەبن، هەرکەسێکیان دەس کەوی لەئامێزی دەگرن. دواجاریش ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسیان لی پڕ دەبێ.

حەمید ئەو دوو کەسەی وەبیرهاتەوە کە لەسەر شۆستەی قاوەخانەی میلکا باڕ قسەیان دەکرد یەکەمیان گوتی:

– نازانم بۆچی ژنی مەغریبیش ناتوانی بۆ خۆی مەیخانەیەک بەڕێوەبەری.

– چونکە یاسا ڕێگەی ئەوە نادا، ئێمە لە دەوڵەتێکی موسڵمان دەژێین.

– بەڵام یاسا ڕێگە دەدا بە ژنە مەغریبییەکان داوێن پیسی بکەن و ڕێگەیانیش دەدا مەی بنۆشن، زۆربەشیان ناسنامەی ئیشکردنیان هەیە.

– دەوڵەت ڕێگەی ئەوە ناگرێ، بەڵام ڕێگەیان نادا مەیخانە بەڕێوەبەرن، ئەوە یاسای ئەوانە.

حەمید پاڵی دابووە دار تەلەکەوە و وشەی (یاسای ئەوانە)ی دەگوتەوە. یاسا چییە نایزانێ، ئەوەی گرینگە بەلایەوە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە لە چێشتخانەکەدا بفرۆشێ، یان هەر هیچ نەبێ هەندێ خۆراکی بەرکەوێ.

بەرەو دەرگەکە ڕۆیشت و بەئەسپایی پاڵی پێوە نا، لەگەنەکان لەسەر خوانەکان ڕیز کرابوون، هەندێک نانیان دەخوارد و هەندێکیش دەسەسڕیان بۆ زاران بەرز دەکردەوە و بەئەدەبەوە پاکیان دەکردنەوە. هەندێکی دیش پەرداخیان هەڵدەدا، کاوێژیان دەکردو کاوێژیان نەدەکرد، کابرایەک بەتەنی لە سووچەکەدا چاویلکەی لە چاوان کردووەو بەدەم خوێندنەوەوە خواردن دەجوێ. حەمید ناسییەوە، یەکێکە لەوانەی زۆر حەز بە ڕۆژنامە خوێندنەوە دەکا، هەرکە چاوی پێ دەکەوی باوشە ڕۆژنامەی لە بن هەنگڵ ناوە و لە نرخەکەی خۆی زیاتر پارەی دەداتێ، حەمید بەرەو باڕەکە داکشا، ژنە جوولەکە قەڵەوەکە لە ژێر چاویلکەکەیەوە چاوی پێی کەوت و بزەخەنەیەکی بۆ کرد، ئاهێکی وەبەرهێنایەوە، دەشی پێشخزمەتەکە نەیدەتوانی دەری بکا. ژنەکە گوتی:

– وەرە ئێرۆکانە، نیوەڕۆژەت کردووە؟

– نەخێر، هێشتاکە نانم نەخواردووە.

– دەچینە ماڵەوە پێکەوە نیوەڕۆژە دەکەین.

ئامێری ژمێریارەکەی بەجێ هێشت و لە پشتی باڕەکەوە ئیشارەتی بۆ کرد بەرەو چێشتخانەکە دوای کەوێ. حەمید دوای کەوت، ئەمە





هەلێکی زۆر چاکە. ژنە جوولەکە قەڵەوەکە گوتی:

– دەتوانی ئەم دوو سەبەتەیە تاوەکو ماڵەوە هەڵگری؟ نیو دەرهەمانت دەدەمی و نانت دەرخوارد دەدەم.

هەردوو سەبەتەکە پڕبوون، لە سەوزە و میوەجات. حەمید لێیان نزیک بووەوە، هەوڵی دا هێزی خۆی تاقی کاتەوە، بە زەحمەت هەردوو سەبەتەکەی هەڵگرت، وەها خۆی دەرخست ئەوەی بۆ ئەنجام دەدرێ و گوتی:

– بەڵێ، دەتوانم

– قورس نین..؟

– نەخێر

وادیارە ناتوانی هەڵیان بگری.. ئەگەر ناتوانی با کەسێکی دی بدۆزمەوە، ئەوان تەنیا خەریکی چێشتخانەکە

– نەخێر دەتوانم، تەماشاکە.

دووبارە خۆی هەڵدەنا کە دەتوانی هەڵیان گرێ.. خەریکە جەستەی بەزەوی دەکەوێ، پتر خۆی ڕادەگرێ، پەنا دەباتە بەر هێزی دەروونی بۆ ئەوەی هەندێ دوو سەبەتەکە بەرزکاتەوە.. ئەنجاش ڕەپ ڕادەوەستێ، دەستەکانی ئازاریان پێ دەگا، چونکە هەر چوار قڵفەکەیان زبرو دڕن. ژنە قەڵەوە جوولەکەکە گوتی:

– باشە، بیانبە دەرەوە و چاوەڕوانم بە تاوەکو حسێبی خۆم پاک دەکەم.. ئەی ماڵەوە دەزانێ؟

– نەخێر، تەنیا تەلارەکە پێ دەزانم، ئەوەی کە لەسەری شەقامەکە

بەتەنیشت نانەواخانەکەوەیە.

– باشە، دوو سەبەتەکە ببە دەرەوە و چاوەڕوانم بە.. حەمید بە لارەلارە هەردوو سەبەتەکەی دەرکردە دەرەوە و باوەشە ڕۆژنامەکەی خستە نێو یەکێکیانەوە. لەبەر دەرگەی چێشتخانەکە وێستی کرد، بەترسەوە بەڕاست و چەپدا هەڵی دەڕوانی. ئەگەر بێتو سەرۆکەکەی لەوێ بیگری تێروپڕ بەر شەق و شولاقانی دەدا.

– هەی کوڕی.. تۆ ڕۆژنامەفرۆشی یاخود کوڵ هەڵگری؟ ئەم ئێوارەیە هەموو حەق و حسێبێکت لەتەکدا یەک لایی دەکەمەوە، ئەگەر ئەم پیشەیەت بەدڵ نییە بۆ خۆت کوڵکێشی هەڵبژێرە.

حەمید زۆر ترسی لێنیشت، مووچڕک جەستەی دابێژا، خواخوای ئەوەی بوو کە ژنە جوولەکە قەڵەوەکە زوو بێتە دەرەوە. دەرگەکە کرایەوە و جەستەی وەدەرکەوت. بەدەم زەردەخەنەوە لەگەڵ کڕیارێکدا قسەی دەکرد:

(خواردنێکی بەتامە). بەبەردەمیدا تێ پەڕی بێ ئەوەی گوێی بداتێ، حەمید دوای کەوت و بە ماندووییەوە جەستەی خۆی بەکێش دەکرد، دوو سەبەتەکە قورس بوون، لارەلارەی دەکرد، ترسا ژنە جوولەکەکە ئاوڕی لێ بداتەوە و بەو حاڵەتە چاوی پێی بکەوێ و ئەنجاش تەماشای هێزی بکا. بەڵام بەدرێژاییی ئەو ڕێگە کورتە ئاوڕی لێی نەدایەوە. تەلارەکە لە چێشتخانەکەوە نزیک بوو . خانووەکەی لە نهۆمی یەکەم بوو، لەوانە بوو هەرچییەک لە هەردوو سەبەتەکەدا هەبوو هەڵڕژێت هەرکە گەیشتنە دەرگەی تەلارەکە. ژنە جوولەکەکە گوتی:





– ئەوەندەت بەسە، لێرەدا چاوەڕوانیم کە.

سەرکەوتە سەرەوە، نەهاتە خوارەوە، بەڵام کارەکەرەکە هاتە خوارەوە. هەردوو سەبەتەکەی لێ وەرگرت، بەئەسپاییەوە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت، هەر دەڵێی دێوە ئەوەندە بەهێزە.

حەمید لە دوایەوە لە برسیەتی و ماندوویدا هەناسەکەهەناسکی بوو، دەرگەکە کرابووەوە، بێ ئەوەی ڕوخسەت بخوازی چووە ژوورەوە، بەڵام ژنە جوولەکەکەش گوێی بەوە نەدا. بە کارەکەرەکەی گوت لەگەنی لۆبیاو پێچکە چێڵی بخاتە بەردەم، چەند مانگێکە خواردنی ئاوهای نەخواردووە، خێرا ئەوەی ماشاندەوە و نیو دەرهەمانی وەرگرت.

هەرکە لە چێشتخانەکە وەدەرکەوت ژنە جولەکەکە باوەشی جلوبەرگی شڕە و پڕەی کۆنی دا پێی..

– ئەو جلوبەرگانە بگرە، ئەو شڕە و پڕەیەی بەرت بگۆڕە، ئەی باوکت کار دەکا؟

– نەخێر

– ئەی دایکت؟

– نەخێر

– دەتوانێ وەکو ژنانی دی کارەکەری بکا، یاخود تەمەڵ و لادێییە و هیچ شتێک نازانی؟

حەمید سەری دانەواند و وەرامی نەدایەوە، چونکە دایک و باوکی هەموو شتێکن، ئەوان هەموو شتێکن، تەمەڵ و لادێین و کۆچەرین و هەموو شتێک.. باوەشە ڕۆژنامەکەی خستە بن هەنگڵیەوە و ژنە

جوولەکەکەش دەرگەکەی داخست.

هەرکە دەرگەی تەلارەکەی بەجێ هێشت، پۆلیسێک پاسکیلەکەی لەسەر شۆستەکە بەکێشە دەکردو دەمانچەیەک بە لاقەبرغەیەوە شۆڕ بووبووە و جلوبەرگەکەی چڵکن و کاڵ بووبووە و ڕای گرت:

– هۆ، تۆ! وەرە، ئەوە چیت لە بن هەنگڵدایە.

– ڕۆژنامە.

– ئەو شتانەی دی ژێر هەنگڵت؟

– جلوبەرگن.

– ئەو جلوبەرگانەم پشان دە.

حەمید باوەشەکەی بۆ پۆلیسەکە درێژ کرد و ئەویش لە بەردەم خۆیدا بڵاوی دەکردنەوە و پارچە پارچە تەماشای دەکردن، سێ کراس و شەرواڵێک بوو، پۆلیسەکە بیری کردەوە:

– لە کام سەربانی تەلارێک دزیوتن؟

– بەخوا نەمدزیون، ئەو ژنە جوولەکەیە پێی داوم، لەو تەلارە نیشتەجێیە.

– هەی سەگ بێدەنگ بە، کەسانی وەکو تۆ دەناسم چ ماڵێکن لە پۆلیسخانە سکاڵا زۆر بووە، سەربانەکان زۆر دەدزرێن، پێم بڵێ لە کام سەربانت دزیون؟

– سوێندت بۆ دەخۆم نەمدزیون، ژنە جوولەکەکە، پێی داوم.

– بێدەنگ بە، زارە چەپەڵەکەت مەکەرەوە.





پۆلیسەکە جلوبەرگەکانی خستە ژێر هەنگڵیەوە و پاسکیلەکەی پاڵ دا بە دارتەلی کارەبایەکەوە و بە حەمیدی گوت:

لێرە چاوەڕوان بە، تەلەفۆن دەکەم بۆ پۆلیسخانە ئۆتۆمبیل بنێرن تاوەکو بتبەن هەی دز.

پۆلیسەکە خۆی کردە نزیکترین شوێنی تەلەفۆنەوە. حەمید هەندێ ڕاما نەیزانی چی بکا، نەیدەتوانی پۆلیسەکە قایل بکا، ئەوانە چەپەڵن، تێ گەیشت کە پۆلیسەکە دەیەوی جلوبەرگەکانی لێ بسەنی و ڕووتی بکاتەوە، بەدەوری خۆیدا کەوتە چاوگێڕان، ئەنجاش بیری کەوتەوە وەکو تێسکەی تفەنگ تێی تەقاند، هەڵات بۆ ئەوەی خۆی دەربازکا.

***

## ٦

حەمید لە بەردەم قاوەخانەی (ئەرکاد) ڕاوەستا و تەماشای مێزەکانی سەر سەکۆکەی دەکرد، خەڵکەکە هەروەکو گوێچکەماسی لە دەوریان کۆ بووبوونەوە، کورسییەکی بەتاڵ لەو ناوەدا دەس ناکەوێ، بیرە و ئاوی لیمۆ هەڵدەقوڕێن و گەنمەشامی تورکی سوورەوەکراو دەخۆن، هەندێکیان گوێچکەماسییەکان دەمژن، هێندێکی تریش لەگەنیدا بەدەستەوەیە پاشماوەی چەرمی گوێچکەماسییەکان هەڵدەقوڕێن، کە زۆرجار لەگەڵ گەڵای زەعتەردا تێکەڵ کراوە.

حەمید سەیریان دەکا.. دنیایەکی سەیرە، بە زمانێک یان چەند زمانێک قسان دەکەن و لێیان تێ ناگا، بەڵام دەتوانێ هەر هیچ نەبێ هەندێکیان بە دەمودوو لەیەک جیا بکاتەوە. لەمەوبەر بەسەر کرێیارەکاندا لە دەرەوە و ناوەوەی قاوەخانەکە، سووڕایەوە. کەس نایەوی ڕۆژنامە بکڕی. یەکێک لە هاوڕێیەکانی لە پشتەوەی تێپەڕ بوو و دەستێکی سەر شانیدا. حەمید گوتی:

– خۆت ماندوو مەکە، کەس نایەوێ بخوێنێتەوە

– هاوڕێیەکەی گوێی پێ نەدا، بەڵام گوتی:

– هەرکەسە و خۆی و بەختی.

کەوتە گەڕان بەسەر مێزەکاندا، خۆی کردە بارەکەوە، ئەنجاش لە





چاو ون بوو. حەمید لە ناخەوە گاڵتەی پێ دەکرد، بەڵام کێ چووزانی؟ هەرکەسە و خۆی و بەختی. هاوڕێیەکەی لەو دەرگەیەوە دەرنەچووە دەرەوە کە لێوەی چووە ژوورەوە. لەوانەیە لە دەرگەیەکی دییەوە چووبێتە دەرەوە.

حەمید هەندێ ڕۆیشت، چونکە نەیدەزانی چی بکا. پێیەکانی زۆر ماندوو بوون. لە شوێنێکدا ڕاوەستا، لە نێوان دوو ئۆتۆمبیل لەسەر شۆستەکە دانیشت و پێیەکانی درێژ کردن. دەیڕوانییە ئەو بەنزینەی لە ژێر یەکێک لە دوو ئۆتۆمبیلەکە و دەتکا و گۆمێکی ڕەشی دروست کردبوو. بەئەسپایی بڵاو دەبووەوە و بەرەو شۆستەکە شۆڕ دەبووەوە، بیری کردەوە تەڵە شقارتەیەکی لێ بدا و ئۆتۆمبیلەکە گڕ بگرێ، ئەنجاش ئەو دی و ئەو دیش، بەڵام بۆی دەرکەوت ئەوە مەحاڵە و نابێ.

ئەگەر شەقامەکە چۆڵ بووایە دەیتوانی ئاوها بکا، دەستێکی خستە گیرفانیەوە و پەنجەکانی کەوتنە گەمەکردن بە پارچە دراوەکانی ناو گیرفانی. ژمارەیان زۆرە بەڵام کەم نرخن. هێشتا بەنزینەکە دڵۆپ دڵۆپ دەتکێ و ڕووبارەکەی پڕ دەکرد. لە پشتەوە گوێی لە دەنگی پێ بوو. هەردوو پێیەکە ڕاوەستان. چاکە کە لەپشتەوەی شتێکی نائاساییی ڕوودەدا.

هەرکە خێرا ئاوڕی دایەوە هاوڕێیەکەی خەریکبوو شەپازلەیەکی توندی بە پشتەملیدا دەکێشا و پێکەنینێکی ئاشنایی شاردووەتەوە.

– هەی هێستر دەتەوێ چی بکەی؟

– ئەگەر بەئاگا نەهاتبای بە پشتەملتم دادەدا.

– ئایا دەوێری ئەوە بکەی؟

– بۆ نا؟

هاوڕێیەکەی بە وریاییەوە ڕووەو دیوارەکە دوور کەوتەوە، خەریک بوو ڕۆژنامەکانی لە بن دەستی بەردەبوونەوە. حەمید بە خاوخلیچکیەوە هەڵسا.

– هەی گوێدرێژ چیم لێ کردووی؟

– هیچت لێ نەکردووم، دەمویست وەها بکەم بێ ئەوەی شتێکت لێ کردبم. ئەو پشت ملەم لا پەسەندە.

حەمید بەئەسپاییەوە لێی نزیک بووەوە، خۆی وەها دەرخست کە نایەوێ خراپەی لەگەڵدا بکا. جەستەکەی دیش بەسەر دیوارەکەوە دەخزا، بەهەموو لایەکەوە دەبزووت و حەمید گوتی:

– مەترسێ، چیت لێ ناکەم، ئەوە چیتە خۆت لە بن دیوار ناوە وەکو یەکێک گەڕ بووبێ؟

– سوێند بخۆ ئازارم نادەی.

حەمید گوتی:

– سوێندت بۆ دەخۆم.

هامبازی هاوڕێیەکەی بوو و پەنجەکانی لە گەردنی توند کرد و دەیگوشی. چەند جارێک ڕەنگی گۆڕاو دەکۆکی. حەمید بەپێکەنینی سەرکەوتوونانەوە کشایەوە:

– ئەمجارەیان فێر بە چۆن شەپازللە لە پشتە ملی خەڵکی دەدەی.





ئەوی دی گوتی:

– دەمویست گاڵتەت لەتەکدا بکەم

– فێر بە ئەوجۆرە گاڵتە و گەمانە نەکەی.

دەنگی گۆرانیی شەش حەوت ئەمریکایی بەرز بووەوە.

لەسەر سەکۆی قاوەخانەی (ئەرکاد) چەند شووشە بیرەی بەتاڵ و پڕیان لە بەردەم بوو. خەڵکەکە هەروەکو لە جەژندا بن گەنمەشامی و گوێچکەماسییە تەڕەکانیان دەخوارد و پێ دەکەنین، لە بێگانان و مەغریبییەکان و ژنی بێگانان. ژنە مەغریبییەکان لەسەر سەکۆکە دادەنیشتن لە ژوورەوەی بارەکە بوون و دەیانخواردەوە و خەڵکەکەیان دەڕووتانەوە، یان بۆ ڕابردووی گوندایەتیی خۆیان دەگەریان. لە گوندەوە یەکسەر بۆ مەی نۆشین. بۆجگەرەکێشان و هۆڵەکانی سەرتاشخانەو خۆڕازاندنەوە و بنێشت جووین. سەربازە ئەمریکاییەکان هەر گۆرانییان دەگوت، یەکێکیان دەستی بۆ قاپێک بیرە درێژ کرد، لەسەر مێزەکە هەڵی گرت و یەکسەر کردی بەسەر یەکێک لە هاوڕێیەکانیدا. ئەویتر بەکاوەخۆ و وریاییەوە هەڵسا، بەڵام ئاسەواری خواردنەوەی پێوە دیاربوو، پێیانەوە دیار بوو. کەوتە تەکاندنی ئەو شلەیەی بەشێکی جلوبەرگەکانی تەڕ کردبوو. لە گۆرانی گوتن وەستان. خەڵکەکەش لە ماشاندنەوەی گەنمەشامیی تورکی و گوێچکەماسی وەستان، تەماشای ئەوانیان دەکرد، ئەمریکاییەکە بۆ جێگەکەی خۆی گەڕایەوە و دەستیان کردەوە بە گۆرانی گوتن. هەندێ لە خەڵکەکەش کەوتنەوە خۆملۆش کردن. بەڵام کابرا ئەمریکاییە تەڕبووەکە، لەپڕێکدا قاپێک بیرەی ڕژاند سەر برادەرەکەیدا، هەڵسانە

سەر پێ و دەستیان لەیەک گیر بوو.

حەمید گوتی:

– هەر ئێستاکە شەڕ دەقەومێ.

هاوڕێیەکەی وەرامی دایەوە:

– ئەوەی ئاواتی دەخوازین، بەتاسەوەم بۆ شەڕکردنی ئەم گاوانانە.

– ئەگەر دەستی پێ بکا بەخوێن نەبێ کۆتایی نایەت.

– چ باکمان پێیە؟ با هەموویان بمرن.

هێشتا هەردوو ئەمریکاییەکان چنگیان لەیەک گیرکردووە. هاوڕێیەکانیان بەدەنگی بەرز پێ دەکەنن و گاڵیان دەدەن. ئەمریکایی یەکەم لە مێزەکە دوور کەوتەوە بەرەو شۆستەکە لەتری دەدا. ئەویدی بەخۆ بە کێشکردنەوە دوای کەوت. سەرلەنوێ دەستیان لە یەک گیربوو. بەتووڕەییشەوە قسەیان بەیەکدی دەگوت، بەڵام لێی تێ نەدەگەیشت، وا دیارە جنێو بوو، سەرنجی هەموو خەڵکەکەی ڕاکێشا و تەشەریان تێ دەگرتن و ڕەخنەیان لە دیمەنەکە دەگرت. هەردوو سەربازەکە گەڕانەوە تەنیشت هاوڕێیەکانیان، بەڵام یەکێکیان پاڵێکی نا بەوی دییەوە و هەرچییەک لەسەر مێزەکە بوو کەوتە خوارەوە. کەوتنە وێزەی یەکتر و جلوبەرگەکانیان تەڕ بوو و یەکانگیر بوون. ژنە جوولەکە قەڵەوەکەی خاوەن (ئەرکاد) سەری دەرهێنا و بەنۆکەرەکەی ڕاگەیاند:

– دەی، ئۆمحند، فریاکەوە.

– دەبێ ئۆمحندیش داواکاریی خانمەکەی جێبەجێ بکا.. ئۆمحند





گوتی:

– باشە خانم.

ئۆمحند بە ڕاکردن خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا و خێرا هاتە دەرەوە و گزکێکی درێژی بەدەستەوە بوو، بەر بووە وێزەی کۆمەڵەکە، بە هەموو لایەکدا دەستی دەوەشاند، هەندێ لە خەڵکەکە پێ دەکەنین و هەندێکی تریش تیر و توانجیان تێ دەگرتن:

– ئای کە جوانە سەربازە ئەمریکاییەکان دەیانەوێ داگیرمان بکەن.

کابرایەکی مەغریبیی تر بەبرادەرەکەی گوت:

– بێگومان داگیریان کردووین

هێشتاکە ئۆمحند دەست لە سەروپێ و دەموچاو و هیچ شتێک ناپارێزێ، بڕەکە لەسەر شۆستە و ڕێگەکەدا پەرت بوون، سەربازە سەرخۆشەکە پێی هەڵنگوت و بەسەر دەما کەوت. دەسبەجێ ڕوخساری نەختێ هەندێ ڕووشا. خۆی گرتەوە. بڕەکە سەرلەنوێ تێکگیر بوون. دەست و پێ بە خاو خلیچکیەوە لوولی دەخواردو بەئاسماندا دەچوون. ئۆمحند هەندێ لە دووریانەوە ڕاوەستاو گزکە درێژەکەی بەئاسماندا دەسووڕانەوە. بڕەکە ڕقیان لە ئۆمحند هەڵساو ویستیان تۆڵەی لێ بکەنەوە. یەکەمیان بەخێراییەکی سەرخۆشانەوە لێی نزیک بووەوە، بەڵام ئۆمحند بەگزکەکەی پاڵێکی پێوەنا، لەپشتەوە فریای کەوتن، چێشتلێنەرەکەو گزکدەرەکە هەریەکە و گزکێکیان بەدەستەوە بوو و هاتنەدەرێ. هەرسێکیان گزکەکانیان بەرز دەکردەوە.

سەرلەنوێ ئەمریکاییەکان بڵاوەیان لێ کرد، خەڵکەکە دەنگیان بەرزبووەوە.

حەمید گوتی:

– جەنگێکی ڕاستەقینەیە

هاوڕێیەکەی وەرامی دایەوە:

– ئەمریکاییەکان لەشیان بەهێز نییە، چونکە گۆشتی بەراز دەخۆن، دەڵێن گۆشتی بەراز کرمێکی تێدایە هێزی لەش دەخواتەوە.

– بەڵام کەسانێکی زۆرم دیوە دەیخۆن

– ئەگەر لەگەڵیاندا بەشەڕ بێی دەتوانی بۆڕیان بدەی.

یەکێک لە ئەمریکاییە بەرازخۆر و مەیخۆرەکان بە نەحلەتی خوا بن، دەربازی بوو و کێشای بە پشت ملی چێشتلێنەرەکەدا و بەدەما بەسەر زەویدا کەوت، سەرەڕای ئەوەی گۆشتی بەرازیش دەخوا.. تفوو.. بەڵام ئۆمحەند لەپڕێکدا گزکێکی کێشا بەسەر هەردوو ئەژنۆکانیدا و کەوت، بێ ئەوەی بزانێ کەوت، بەڵام خۆی گرتەوە. لەسەر شەقامەکەدا ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس سەر بەبنکەی ئاسمانی کە لەسەرەوەی شەقامەکەدا بوو وەدەرکەوت، حەمید خۆشنوود بوو، هەر ئێستاکە ئەو سەرخۆشانە دەچنەوە، هەروەکو چۆن سەگە خوێڕییەکان دەچنەوە.

یەکێک لە سەربازەکان ڕای کرد و خۆی لە ئاودەسێکی گشتیدا شاردەوە. حەمید گوتی:

– بەشێوەیەکی سەیر تووڕیان دەدەنە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە.







– هەر ئێستاکە پۆلیس و نێزە دەکەوێتە کار، هەر کەسێک نەیەوی سەرکەوێ، هەموو ئەندامی جەستەی دەهەنجێنن.

– دەڵێن دەیانخەنە زندانێکی ساردەوە تاوەکو لە سەرماندا خەریکە دەمرن.

– نەخێر لە ژوورێکی گەورەیان بەند دەکەن و تەلەفزیۆنی تێدایە و لە ئێمە چاکتر دەخۆن و دەخۆنەوە.

– تۆ درۆ دەکەی، نابی بەندیخانەکەیان بەوجۆرە بێ.

– لە کێت دەوێ، بپرسە، بەندیخانەی ئەوان لە بەندیخانەی ئێمە چاکترە.

– ئەی خوایە، چەندی حەز دەکەم بچمە بەندیخانەی ئەوان، لە بەندیخانەی خۆماندا نانە ڕەق و خواردنێکمان دەدەنی مشک تێی ڕیاوە.

– یەع.. تفوو! دەبێ چۆن خواردنێک بێ؟

– سیسرەکە و مشکەکوێرەشی تێدایە و، چێشتلێنەرەکان تف و چڵمی تێدا دەکەن.

– یەع، تفوو! ئەوەم پێ مەڵێ.

– خوا لە بەندیخانەت نێ.

– خوا ئاسەوارت بخاتە بەندیخانەوە.

ئۆتۆمبیلە پۆلیسە ئەمریکاییەکە ڕاوەستا، هەندێ لە برەکە ئاگایان لێ نەبوو، سێ پۆلیسی کەڵەگەت بە جلوبەرگە سپییەکانیانەوە هەر دەتوت حاجی لەقلەقن هاتنە خوارەوە، گاڵۆکیان بەدەستەوەیە و تەپلە

و دەمانچەکانیان شۆڕ بووەتەوە، چوار سەربازیان دەستگیر کرد، سێ کەسیان لێ خستنە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە بەبێ هیچ توندوتیژییەک، بەڵام چوارەمیان کە بەهۆی بەراز خواردن و بیرە هەڵقوڕاندنەوە زۆر کەتە و قەڵەو بوو (یەع، تفوو، بەر نەحلەتی خوا بێ) نەیدەویست سەرکەوێ، یەکێکیان بەتەنیا کەوتبووە وێزەی، هەتا خۆی بگری لیسێکی ماڵی بەناوشانیدا، سەربازەکە لە حەژمەتان هاواری کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست سەرنەکەوێ.

پۆلیسەکە دووبارە کێشای بەسەر هەردوو ئەژنۆکانیدا و سەرخۆشەکە بەزەویدا کەوت، دوو پۆلیس هەڵیان گرت و تووڕیان دایە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە. دوای ئەوەش ئەوانی دییان بە سووک و ئاسانی هێنا، ئۆتۆمبیلەکە بەڕێ کەوت، ئەو سەربازەش لە ئاودەسەکە خۆی شاردبووەوە سەرەتاتکێی بوو، ئۆمحند ویستی پۆلیس ئاگەدار بکاتەوە کە سەرخۆشێکی تر خۆی لە ئاودەسەکە شاردووەتەوە، بەڵام چ گوێیان پێ نەدا، بیری کردەوە دوای کەوی و تێروپڕ بە گزکەکە دارکاری بکا، بەڵام ژنە جوولەکە قەڵەوەکە سەری دەرهێنا و هاواری لێیان کرد:

– ئێستاکە بچنە ژوورەوە، چیتر بەسە

ئۆمحند گوتی:

– خانم، هێشتا یەکێکیان لە ئاودەسەکە خۆی شاردووەتەوە

– بچۆ ژوورەوە، ئەوە کاری تۆ نییە، ئەگەر سەرخۆش بی ئەمشەو دز و سۆزانییەکان پێی ڕادەبوێرن.





پاشان خەڵکەکە دەستیان کردەوە بە مژینی گوێچکەماسی و گەنمەشامیی تورکیا خواردن و هەڵقوڕاندنی بیرە و ئاوی لیمۆ. حەمید لە هاوڕێیەکەی جیا بووەوە.

ژاوەژاوی ئێوارە دەستی پێ کردبوو. بێگومان ئێستاکە خەڵکەکە حەز بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە دەکەن..

***

## ٧

پاش ئەوەی دایکی زۆری لە حەمید کرد بۆ خۆی ببێتە پیاو، ئەوەتا دەتوانی وەکو پیاوانی دی ئیشوکار ڕاپەڕێنێ. حەسەن چوو لە کن فرۆشیارێک تەنەکە و مەنەکە و دار و مێخی کڕی، چەک و پینەیەکی حەوشەی کوختەکەی کرد. دایکی بە حەمیدی گوت:

– ئێستا ئەوەتا بوویتە خاوەنی ئۆدەی تایبەتی خۆت، قەی ناکە ئەگەر یەکێک لە براکانت لەگەڵدا بنووێ...

ئەوەی لە حەوشەکە هەڵچنرابوو هەر دەتوت کولانە سەگە، لەگەڵ ئەوەشدا کلاورۆژنەیەکی پێوە بوو تاوەکو ڕووناکی لێوەی بێتە ژوورەوە، هەروەها دەرگەیەکی نزم بەگوێرەی بالای حەمید دەبوو، بەلام سەرۆکی پۆلیس مەسەلەکەی پێ زانی و بەیانیانێکیان دەرگەکەیانی کوتا:

– کوختتان دروست کردووە، ئەمەش بەبێ ڕوخسەت، قەدەغەیە.

– ئەوە کوختی پێ نالێن، بەڵکو کونجێکە و منالەکە تێدا دەنوێ لەبەرئەوەی گەورە بووە.

– چ پەکم بەوە نییە منالەکە گەورە بووە، یاخود ئەوەندەی ئەسپێیەک بچووک بووەتەوە، گرینگ لەوەدایە هیچ خانوویەک بەبێ ڕوخسەتی دەوڵەت دروست ناکرێ، دەرگەکە بکەرەوە با بزانم چیتان





کردووە.

دایکەکە دەرگەی کردەوە و ڕێگەی بۆ سەرۆکی پۆلیس چۆڵ کرد، نوێنەری دەوڵەت بەرەو خانۆچکەکە ڕۆیشت و بەدەوریدا سووڕێکی خواردو تاقیی دەکردەوە.

– ئەمەی دەیلێی کونجی پێ نالێن، کوختێکە و جێگەی دوو کەسی تێدا دەبێتەوە و دەبێ ڕوخسەتی بدرێتێ، سبەینی دێمەوە و دەبی ڕوخاندبێتان.

– تکات لێ دەکەم گەورەم.

– نە گەورەم و نە تەڕەماشی پێ ناوێ، یاسا هەر یاسایە و دەبێ بەسەر هەمووواندا بسەپێنرێ، ئێوە سەرپێچیتان لە یاسا کردووە، دەبێ جەزا بدەن یاخود ئەوەتا بەند دەکرێن.

– گەورەم، ئەوەی دەیلێی هەقە..

سەرۆکی پۆلیس چووە دەرەوە، مێردەکەی لە ژوورەوەی کوختەکەدا بوو، نەیدەوێرا بێتە دەرەوە و ڕووبەڕووی نوێنەری دەوڵەت ببێتەوە. ترسا لەوەی بۆ ناوچەی بەرێت و لەوێڕا بەندی بکا. هەرکە زانیی سەرۆکی پۆلیس دوور کەوتووەتەوە سەری لە دەرگەوە دەرهێنا و ژنەکەی گوتی:

– هەموو شتێکت گوێ لێ بوو؟

– هەموو شتێکم گوێ لێ بوو، ئەتۆ بوویتە هۆی ئەم بەلایە.

– نە بەلایە و نە هیچ، هەموو خەڵکی کوخت دروست دەکەن، هەرکە هاتەوە، دەبیست، دەرهەمانی بدەرێ، بەرتیلخۆرە.

– ئەگەر هاتوو وەری نەگرت؟

– کەسێک نییە لەم ولاتەدا بەرتیل وەرنەگرێ

– دەتوانی بە خۆت ئەو دە دەرهەمانەی بە بەرتیل بدەیتێ.

– بۆ ئەم کارە پیاو لەبەرترە لە ژن

– خوا بکا لەگەڵ خۆیدا کەسی تر نەهێنێ بۆ ڕووخاندنی خانووەکەمان.

– دەمت سەگ بیلێسێتەوە، هەرگیز ئاوهای نەکردووە؟

– زۆرجار وەهای کردووە.

– بەڵام ژمارەی کوختەکانی پێوە نییە، ژمارەکەمان لەمەڕ دەوڵەت (٢٨٣٤)ە.

– هەروەک بڵێی ژمارەی ماڵ و سامانت لەبەرکرد بێ، ئاوها ژمارەکەت لەبەر کردووە.

– ئەم خانووە سامانی ئێمەیە، ئەگەر برووخی دەبێ لە چۆڵەوانی، بنوین.

حەسەن بە پێلەقە پاڵی نا بە دەرگە نزمەکەوە. خۆی چەمانەوە و ئەنجاش حەوشەکەی بەجێ هێشت.. دەتوت تەگەیە و ڕێ دەکا و پێیەکانی لە خۆڵەکە دەچەقین. ئەو پاسکیلەی بە لای چەپەوە وەردەچەرخا خەریک بوو خۆی لێ بدا، ئەویش لە خۆڵەکەدا دەچەقی. تەنیا خۆڵەکە توانیی هێواشی بکاتەوە. لەبەر دەرگەی یەکەم دووکاندا ڕاوەستا، دوو کەس لەوێرا بوون، بۆ وەخت ڕابواردن یاریی دامەیان دەکرد. هەردووکیان دەسبەتاڵ بوون، یەکێکیان تەقاویت بوو، لە





هیندی چیندا جەنگاوەر بووە لەگەڵ فەڕەنسادا لە سەرەتای پەنجاکاندا. ئەوی تریان دەسبەتاڵێکی ئێسقاندار بوو و لەسەر ئاردو شیری ئەمریکاییەکان دەژیا.. لە جاغە کاغەز بۆ خۆی کەراسێکی دروست کردبوو، لە پشتی وێنەی دوو دەستی لەسەر کێشرابوو کە تەوقەیان دەکرد (ئەمریکا لەگەڵ ئەم دەسبەتاڵە ئێسقاندارەدا تەوقە دەکا. سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ هەموو دەسبەتاڵێکی ئەم کوختانەدا تەوقە دەکاو بۆ هەموو ئێسقاندار و ئیفلیجێک دەخنێتەوە. هەروەها ئەمریکاییەکانیش بەرماوەی بنکەی ئاسمانی فڕێ دەدەن و، هەموو دانیشتووانی کوختەکانیش ئاژنگ دەنێن بۆ ئەوەی پەنیری کرماوی و بەرماوەی خواردنی لەوتاو و وردەنانی تەڕبوو، کە نازانی چی تەڕی کردوون. ئەم هەمووە بەلەزەتەوە دەماشێننەوە، بەوجۆرە دەست لە ناو دەست تەوقە دەکەن، سەرۆکی ئەمریکاش بە دۆستایەتییەوە بۆ هەموو دەسبەتاڵ و ئێسقاندار و ئیفلیجێک و گەڕوگولێک.. هتد، دەخنێتەوە).

حەسەن لە ژوورسەریان ڕاوەستا و ئەوانیش بە دامەکردنەوە خەریکن، سێبەرەکەی خۆی لەسەر تەختەدارەکە بەدی کرد، کابرا تەقاویتەکە سەری هەڵبڕێ:

– حەسەن دانیشە گەمە بکەین، وا خەریکە ئەم ئێسقاوییە دەبمەوە

کابرای ئێسقاوی گوتی:

– ئێستا دەبینی کێ کێ دەباتەوە. حەسەن دانیشە و بەرامبەرم بگرە.

حەسەن گوتی:

ئارەزووی گەمەکردنم نییە.

– لێیـان تێپـەڕ بوو بەرەو بەقـاڵەکە چوو، بـێ ئەوەی سـڵاوی لـێ بکا بەدڵگرانییەوە لەسـەر ساندووقێک ڕۆنیشت. بەقاڵەکە گوتی:

– چت لـێ قەوماوە؟ ئەمڕۆش لەگەڵ ژنەکەت دەمەقاڵەت بووە؟

– نەخـێـر، لەگـەڵ ئەو نـا، وام لـێ هاتووە بـەجـێی دێڵـم و بێ ئەوەی گوێی پێ بدەم هەروەکو دێڵە سەگ بۆ خۆی دەوەڕێ.

– وەها باشـە، منیش وەڕز بووم ئەوەنە ئەو ژنە شـەلە نەحلەتیـیـەی خـۆم دارکــاری بکەم. پەژیوانم لەو ڕۆژەی کـــە کـردم بە ژنـی خـۆم و منداڵم لـێی کەوتەوە..

– ژن هـەمـــوویان یـەک مـــاڵن، ژن پەراســـوویەکی گـێــڕ و گـــەواڵە، هەروەکو پێشینان گوتوویانە:

– مناڵێکی پەرپووت و دژوێن لـە بەردەم حـــەســـەن و بـەقـــاڵەکـــەدا ڕاوەستا و داوای شـووشـەیەک ئاوی لیمۆی ساردی کرد. بەقاڵەکەش دانەیەکی لە سـەتڵـە پڕ ئاوەکـەی بیـرەکـە دەرهێنا کـە لە حـەوشـەی کوختەکە هەڵی کەندبوو. مناڵەکەش لەزەتی وەردەگرت لەو ئاوە لیمـۆ هەرزانبـایە خـۆمـاڵـیـیـە کـە زۆرجـار خـڵـت و خـەوش لە ژێرەوەی بن دەنێـتـەوە، یـەکسـەر سـواری پاسکیلە کـۆنەکـەی بوو و ئەوێی بەجێ هێشت، بە پێیەپەتییە کون کونەکانی بەتوندی پەیدەری لـێ دەدا.

حەسەن گوتی:

– نەختێک لەمەوبەر سەرۆکی پۆلیس سەردانی کردین.

– بۆ مەسەلەی کوختەکە؟





– بەڵـێ، هەواڵ زوو بڵاو دەبێــتــەوە، بەو ژنە گـەناوەی خـۆمـم گـوت بەرتیلی بداتێ.

– بەقاڵەکە بەپێکەنینەوە گوتی:

– ئەو گەناوانە درۆ ناکەن، هەمیشە دەبی پرسیان پێ بکەین، بەڵام نەک لە هەموو شتێکدا، ئەوەی بە پەتی ئەوان بچێتە بیرەوە دەخنکێ.

حەسەن گوتی:

– بەڵام نازانم دەبێ سەرۆکی پۆلیس بەرتیل وەربگرێ.

– لە منی وەرگرە، هەرکە لێرەوە تێپەڕ بوو کەفیلی ئەوەت دەکەم.. پازدە درهەمان بهێنە.

ئێستاکە پێم نییە، ئەگەر ئێواری مناڵەکە گەڕایەوە بۆت دەهێنم.

– دەبێ دەسـتـوبرد بکەی، چونکە کـابرای سـەرەک پـۆلیس گـاڵـتـە نازانێ، زۆر وشک و دڵڕەقە.

– منیش ئاوهام بیستووە.

– بیـسـتـووتە یان نەتبـیـسـتـوە، من وەهـات پێ دەڵێم، ئەگـینا کوختەکەت وێران دەکا و بەرەو ناوچەت باڵبەست دەکا، هەر هیچ نەبێ لەوێڕا دوو حەوتە بەندت دەکا لەبەرئەوەی سەرپێچیی یاسات کردووە..

حەسـەن دوور هەڵیڕوانی لە شینایی عوسمـان و ئاسۆی شـینی فـراوانـی ســەر کـوخـتـەکــان. گـوێی هەڵـخـست بۆ زیقـەزیقی ئەو پەلەوەرانـەی بەسـەر پۆپەی درەخـتـێکەوە لە یەکـێک لە کـوخـتـەکـان باڵەفڕەیان بوو. ئێسـتـا هیچ شـتێک شک نابا، تەنیا چەند درهـەمـان نەبێ پێی ماون.

دوای ئەوەی پاکەتە جگەرەیەکی هەرزانبایی کڕێ، ئەوەی پاشەکەوتی کردبوو ئەو کوختەی پێ هەڵچنی کە هەر بە کولانەی سەگان دەچێ. بۆ دڵڕاگرتنی ژنە گەناوەکەی کە دەیەوی کوڕەکەی بە تاقی تەنیا بێ، بۆ ئەوەی کچە گەناوێکی وەکی خۆی بۆ بخوازێ..

هەمیشە بەرگ و گیرفانەکانی کونن، پارە تێیاندا گیر نابێ، بەڵام ئەو کەی پارەی پێ کۆکراوەتەوە؟ ئەو دەمانە هەر دەخۆن و دەخۆن و دەماشێننەوە، هەموو شتی لرف دەکەن.. جاران هەرکە ڕەبەن بوو دەیتوانی هەندێ ڕابوێرێ، دەیتوانی جگەرە بکێشێ، جلوبەرگی لەنگە لەبەر بکا، سەرخۆش بێ و، بچێت بۆ ئەو سۆزانیخانانەی پڕ بوون لە ژن، دڵی بەهیچ ژنێک نەدەکرایەوە تەنیا ژنێک نەبێ کە خەڵکی گوندەکەی خۆیان بوو بە کابرایەکیان بەمێرد دابوو، تەمەنی هەشتا ساڵان بوو، هەرکە کابرا دەمرێ ئەویش هەڵدی لە گوند.

حەسەن ئێستاکەش ڕوخساری کابرا و ژنەکەی وەبیر دێتەوە. لە گوندا ژنەکە دوو چێڵ و سێ بزنی هەبوون هەموو بەیانییەک لێ دەخوڕین و دەیدانە دەستی یەکێک لە شوانەکان و ئەنجاش بۆ ماڵی دەگەڕایەوە و لەتەک کابرای پیرەمێرد دەمایەوە کە لە نوێنەکەی دەرنەدەچووە دەرەوە، بەڵام ئەنجامەکەی هەرکە مرد و ژنەکەشی هەڵات نەوەک بە کابرایەکی تری پیر مێرد بکا.

بەقاڵەکە گوتی:

– چییە دەڵێی پارەی خۆت لە قومار دادەنێی؟ یان لە ژنانی خەرج دەکەی؟ کە هەمیشە بەش بڕاوی..؟





– کەی دەوڵەمەن بووم؟ هەمیشە مایەپووچم. بە خۆت دەزانی بێکارو کاسبیم. ئەگەر سەرمایەیەکی کەمم هەبووایە بۆ خۆم دوکانێکی خەڵووز فرۆشتنم دەکردەوە، خوایە شەوکوێری لە کوێربوون چاترە..

ئێ ئەوەتا کوڕەکەت ئیش دەکا.

– هەرچییەکی قازانج کردبوو، ئەو ژنە گەناوەم لە دروستکردنی ئەو کوختە خەرجی کرد، ئەویش ئەوەتا بەسەرماندا کاولی دەکەن.

بەقاڵەکە گوتی:

– گرینگ ئەوەیە پازدە درهەمێکم بۆ بهێنی و دەوڵەتیش دەروونی فراوانە، هەموو شتی بە پارە چارەسەر دەبێ..

***

٨

سەرۆکی پۆلیسەکە پازدە درهەمەکەی وەرگرت و داوای زۆرتری دەکرد. وەهای لە بەقاڵەکە گەیاند کە تەنیا لەبەر خاتری دۆستایەتیی ئەو سەرپێچیی یاسا دەکا.

– بە خۆت دەزانی ئەمە قەدەغەیە، ئەگەر بێتو پاشا پێی بزانێ لە کارم دەردێنێ، بەڵام هەموو شتێک قبووڵ دەکەم لەبەر خاتری پیاوچاکانی وەکی تۆ، لەبەر خاتری برادەران، چەند ساڵێکە من و تۆ برادەرین.؟

بەقاڵەکە وەرامی دایەوە:

– دێتەوە یادم، دەشی بەر لە هاتنی ئەمریکاییەکان بە چەند ساڵێک، سەروەختی گرانییەکە، ئەو ڕۆژانەی بە هەلیکۆپتەر لەتە پەنیرو چکلێت و نان و بەیاننامەیان بە سەرماندا دەباران کە کەس نەیدەزانی بیانخوێنێتەوە.

– زۆر بیرت تیژە، بەڵام ئەمن ئەوەم لەبیرچووەتەوە.

– بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆستایەتی لەبیرناکەین.

سەرۆکی پۆلیس گوتی:

– ئەوانەی سەرپێچیی یاسا دەکەن لە زۆربووندان، هەموو ڕۆژێ





کوختێکی نوێ دروست دەکرێ. بەڵام هەواڵ بە هەچ کلۆجێک بێ پێمان دەگا.

– دەزانم ئێوە لە هەموو جێگەو ڕێگەیەک چاو و گوێتان هەیە.

هەرکە سەرۆکی پۆلیس ڕۆیشت، بەقاڵەکە بانگی حەسەنی کرد و دەستێکی بەسەر شانیدا دا:

– ئێستاکە بۆت هەیە کوختەکە فراوان کەیتەوە و هیچ ناڵێ، ئەگەر بارودۆخ بەجۆرێکی تر گۆڕدرا، دەتوانین بە بەرتیلێکی تر ژمارەیەکت بۆ وەرگرین.

– ئەوە قەدەغەیە.

– کێ وای پێ گوتووی؟ تۆ ئەو سەرۆک پۆلیسە ناناسی، ترسناکترین سەرۆکانی پۆلیسە لە ناوچەکەدا، دەتوانێ خەلیفە و پاشاش بفرۆشی بێ ئەوەی کەسێک پێی بزانی، چەند ساڵێکە ئەمن دەیناسم، کابرایەکی تلیاک کێش و قومارباز بوو، ئەوە ئێستاکە بووەتە پیاوی دەوڵەت، ئایا لەوباوەڕەدای بەئاسانی بەو پایەیە گەیشتبێ..

هەرکە ژنەکەی لە کن دراوسێکانەوە وەدەرکەوت، سەبارەت کوختە تازەکە قسانی دەکرد و سەرۆکی بووەتە برادەری.

ژنێک بەویدی بەچپەوە دەیگوت:

– ئافرەتێکی گەمژەیە، دەبی سەرۆکێکی پۆلیس بایەخ بدات بە ئافرەتێکی پێخاوس و چەقاوەسوی وەکی ئەم؟

ژنەکەی بە درۆ بە ژنە دراوسێکانی دەگوت:

– ژمارەیەکی نوێی دامی بۆ کوختی کوڕەکەم و بەڵێنی دامی ژمارەیەکی تریشم بداتێ، دەبینە خاوەنی سێ ژمارە.

یەکێک لە ژنەکان گوتی:

– خوشکم، بەشکەم لە تەکیدا قسەیەکمان بۆ بکەی. ئەوە بۆ شەش مانگ دەچی مێردەکەم ئاردی هەرەوەزی نیشتمانی نادەنێ.

ژنێکی تر گوتی:

– منیش هەروا، هەرتک کوڕەکەم هەموو باژێڕیان گزگ داوە، لە شارەوانی ئیش دەکەن، لەبری ئاردو ڕۆن، کەچی تا ئێستا هیچیان وەبەرنەکەوتووە.

ژنەکەی حەسەن گوتی:

– هەر وەختێک لە ناوچەکە سەردانی بکەم ئاگەداری دەکەمەوە

ژنێکی تر گوتی:

– چاتر وەهایە هەرکە دوو بەدوو بوون ئاگەداری کەیتەوە.

چاوێکی لە برادەرەکەی داگرت..

ژنەکەی چاوی بە حەسەن کەوت بەرەو برە ژنەکە دەهات و لێیان جودا بووەوە. ترسا لەوەی گوێی لە قسەکانی بێ و سەری وەنێو هەردوو ئەژنۆکانی بنێ و زاری پڕ لە خۆڵ بکا و بۆ یەکجاری لەیەکی بنێت و لە درۆودەلەسە بکەوێ.

پاڵێکی نا بە دەرگەکەوە و چووە ژوورەوە و حەسەن دوای کەوت و ئاسوودەییی پێڕا دیاربوو کە لە بەندکردن ڕزگاری بووە، پارە دەتوانێ هەموو شتێکی مەحاڵ وەدی بهێنێ. ژنەکەشی ئاسوودەییی پێڕا





وەدەر دەکەوت، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا لە حەسەن دوور کەوتەوە و ڕووەو کوانووەکە ملی نا و خەڵووزی تێدا هەڵڕشت.

یەکێک لە مناڵەکان براکەی بەر شەپازلە دەدا و هەڕەشەی لێ دەکرد بە لێدان ئەگەر دەست بە گریان بکاتەوە. مناڵە بچکۆلەکە بەبێدەنگی دەگریا لە پشتەوەی کوختەکە، ژنەکەی دەبێ کەترییە چایەکە ئامادەکا بۆ ئەوەی خۆی و حەسەنی پێ بووبووژێنێتەوە:

– برۆ دەی چەپکی پوونگە بکرە.

– هەردوو کوڕەکەت لە کوێن؟ بانگیان کە با، یەکێکیان بڕوا بکڕێ

قیژانی:

– فەزووڵ، ئەتۆ لە کوێی؟

لەپشتەوەی کوختەکە نووزەیەک وەرامی دایەوە:

– بەڵێ، لێرۆکانەم

– کوڕی بەراز چی دەکەی لە پشت کوختەکە؟

باوکی گوتی:

– ئایا لەو باوەڕەدای لە تۆ بەرازتر هەبی لە دنیا؟

– تۆ بێدەنگ بە، تەماشای سەروسەکوتی خۆت کە و بێدەنگ بە هەی بوودەڵەی پیاوان.

هەرکە مناڵەکە بە پێخاوسی لە بەردەمیان ڕاوەستا، شڕەوپڕەی پێدا هەڵواسرابوو هەر دەتوت جلوبەرگە، دایکەکە بە باوکەکەی گوت:

– تەماشایەکی کوڕەکەت بکە، ئەگەر ڕووت هەبووایە مناڵەکانی خۆت پۆشتە دەکردن.

بە منداڵەکەی گوت:

– برۆ پوونگە بکرە و وەرەوە چایەکەت بخۆ، ئەگەر لە ڕێگە چاوت بەبراکەت کەوت گازی کە، ئەم ڕۆژانە زۆر وەدەرەوە مەکەوە، نامەوی لەگەڵ دراوسێیەکاندا دەمەقاڵمان بێ، منداڵەکان وەک بڵێی هار بوون هەموو دەمی بەشەڕ دێن.

منداڵەکە گوتی:

– لە پشتەوەی کوختەکە لەبەر سێبەرکەمان دەکا هەرکە منداڵەکە وەدەرکەوت، دایکی لە ئاگردانەکە خۆی بە ئاگرکردنەوە خەریک کرد، ئەنجاش فووی لە ئاگرەکە دەکرد، لە پاشان چوو فوودەرێکی کون بووی هێنا، بە بزووتێکی ئامێرانە فوودەرەکە بەدەنگیەوە هات و ئاگرەکە پێ بوو. دایکەکەش کەترییەکەی وەسەر ئاگرەکە خست. بە حەسەنی گوت:

– دەبێ سەرۆک پۆلیسەکە جارێکی دی هەڵنەکوتێتە سەرمان و داوای شتێکی ترمان لێ نەکا؟

– بڕواناکەم، چونکە برادەری ئەو بەقاڵە شەلەیە .

– دەشێ پێکەوە پیلانێکمان بۆ ڕێک بخەن.

لەو باوەڕەدا نیم، ئەو شەلە منی زۆر خۆش دەوێ.

– نابی بڕوات بە کەس هەبێ.

– تۆش نابێ ئاوها بی، بڕوابوون بە خەڵکی هەموو شتێکە. دواجار، لە ڕۆژی قیامەتیشدا مەڕ بەپێی خۆی، بزن بە پێی خۆی بەدارەوە دەکرێ.







– هەی سەرخۆش ئەتۆ دەزانی قیامەت چییە؟ هەرکە دەکەویتە بەردەستی خوا گۆشتت دەبرژێنی.

– نەحلەت بکە لە شەیتان. وادیارە چایەکە بەرەحەتی فڕناکەین.

– بۆ کەی من چایەکم بە ڕەحەتی فڕکردووە؟ هەردەم لە ژیانمدا کردووتە ژەهری مارم.

حەسەن چارەی درژ و مۆن کردەوە، ددانە جیرشەی پێ کەوت و کاکیلەکانی لە یەک دەساوێ، بەپێلەقە دەرگەی کوختەکەی وەلاخست و بۆی دەرچوو. لە کن بەقاڵەکە ڕاوەستا، بەتوندی هەناسەی لە سنگیەوە دەردەهێنا، وەکو بڵێی چەن هەزار فەرسەخێک ڕای کردبێ، شەلەکە ئەوەی لێ چاو کرد و جگەرەیەکی هەرزانبایی بۆ درێژ کرد، حەسەن وەری گرت و لە گیرفانەکانی کەوتە گەڕان بۆ شقارتە و نەیدۆزییەوە و بەقاڵەکە بۆی پێ کرد:

– تەنانەت تەڵە شقارتەیەکت نییە بۆیە ئاوها هەردەم لە دووت دەوەڕی.

– ئەگەر گوێت لەو قسانە دەبوو کە لە زارە چەپەڵەکەیەوە وەردەردەهاتن.

– ئەی بۆ دەستەکانت ئیفلیج بوون؟ بۆچی دارکاریی ناکەی؟

– ماندوو بووم ئەوەندەی دارکاریم کردووە.

بەقاڵەکە بە حەسەنی گوت ڕۆنشێ، حەسەنیش ڕۆنیشت. بەقاڵەکە نێوەپەرداخی چای ساردەوەبووی بۆ درێژ کرد:

– فڕی کە و خەمت بەبا دە.

– هەرکە بەجێم هێشت چای لێ دەنا .

– ئەمە فرکە و خوا بە خۆی دڵ نەرم دەکا.

– کوڕەکەی بە دژوێنی هەروەکو تارمایی لە بەردەمی ڕاوەستا، فڕی بەم دونیایەوە نەبوو. لە دووریی دوو هەنگاوەوە ڕاوەستا.

– چیت دەوێ؟

– دایکم چایەکەی لێ ناوە.

– پێی بڵێ چایەکەی تاڵە.

– ناتوانم.

– بڕۆ هەی ڕوو.

مناڵەکە لە چاو ون بوو، ئەوەندەی پێ نەچوو گەڕایەوە و سینییەکی مەعدەن هەرزانی لەسەر دەستە و پەرداخێکی چای لە سەرە. سینییەکەی لەسەر خۆڵەکە داناو بێ ئەوەی لەگەڵ باوکی قسان بکا، ون بوو. بەقاڵەکە ئەمەی بەچاو دیت و بە حەسەنی گوت:

– تووڕە مەبە و ڕابە سینییەکە بهێنە.

– نامەوی چای ئەو فڕکەم.

– نەحلەت کە لە شەیتان و هێشتاکە چایەکە گەرمە، ئەوەیش بزانە سەرەڕای هەموو شتێک لەگەڵ مێردەکانیان بەڕەحمن.

حەسەن گوتی:

– نەحلەت.

ڕستەکەی تەواو نەکرد و بەگرانییەوە هەڵسا و بە نکەنک سینییەکەی لەسەر خۆڵەکە هەڵگرت.

***



٩

هەموو ترسێک ڕەوییەوە، چیتر سەرۆکی پۆلیس بەڕووخاندنی کوختەکە هەڕەشە ناکا، بگرە لەوەش پتر دەتوانن لەبەرچاوی خەڵکی فراوانی بکەن. حەسەن بەهۆی بەقاڵەکەوە جارێکی تر بەرتیلی پێ دا. بێگومان ناکرێ ڕێگە بدا ژمارەیەک بداتە کوختەکە.

پاش ئەوە حەمید هەموو ئێوارەیەک دەگەڕایەوە گوێی لە دایک و باوکی دەبوو دەربارەی ژنهێنان قسەیان دەکرد، دەبێ کێ مێرد بکا و کی ژن بهێنێ؟ دواجار حاڵی بوو کە مەسەلەکە سەبارەت بە ئەوە. چ باکی پێیە؟ تەمەنی هەژدە ساڵە. ئافرەتێک لە کوختەکەدا شتێکی نایابە.. لە شەقامەکان چەن ئارەزوویان دەکا بە پانتۆڵی تەسک و ترووسکەوەن. بەڵام ئەوانە هەرگیز بەدەست ناکەون، ئەوان لە دونیایەکی دین و پێیان ناگا. هەر کە چاوی بە کیژانی کوختەکان دەکەوی و عەباکانیان لە خۆیان ئالاێندووە، قێزی دەبێتەوە. ئەوانیش زۆربەیان کارەکەری دەکەن، یاخود ئیش دەکەن، یا ئەوەتا داوێن پیسی دەکەنە پیشە بۆ بەخێوکردنی خاوخێزانەکانیان. بەڵام ناپەرژێتە سەر ئەوەش یەکێک لەو کیژانەی دەست کەوێ، چونکە شەوێکی درەنگ دەگەڕێتەوە. دەبی بنووی بۆ ئەوەی زوو وەئاگابێتەوە. سەرباری ئەوەش ناتوانێ وەکو ویلاشەکانی گەڕەکەکەی بە هەچ کلۆجێک بی، بۆ

خۆی ڕابوێرێ، بە چەن ڕێگەیەک کە زۆر باو و ناسراوەن. زۆرجار باوکی هەوڵی دابوو، ئەو خەیاڵە لە مێشکی ژنەکەی دووربخاتەوە.

– حەمید هێشتا منداڵە.

– ئەو قسەیە مەکە، باوکم پازدە ساڵ بوو ژنی هێنا.

– ئەوە سەردەمێک بوو، ئێستا شتێکی دییە

– بۆچی؟ باوکم نانی شەوی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا یانزە کوڕی خستەوە، بەڵام حەمید ئیش دەکا.

– ئەگەر بەگوێم ناکەی چۆنت دەوی ئاوها بکە.

بێگومان ئەوەی ویستی بڕیاری لەسەردا. پێنج شەش کیژی هەڵبژارد. ئەمەیان کارەکەرە و ئەوەیان دەسبەتاڵە و ئەوی دییان گێژ و وێژە و یەکێکی دییان دەشەلیی بەڵام جووتە سمتێکی باشی پێوەیە و توند و پڕە، هەرکە تووشی دەبی سڵاوی لێ دەکا، وا دیارە ئەمەیان بەقسەی دەکا.

دایکی هەر کە لەگەڵ حەمید قسانی دەکرد، بەشەرمەوە سەری دانەواندبوو. زۆری بیرکردەوە لەڕووی دایکی سەری هەڵنەدەبڕی

– بە خۆت چیت دەوی وەها بکە.

بێگومان ئەوەی حەزی پێ کرد، کردی. پێشنیاری فەیتوونەی کرد کە لاقی چەپی دەشەلی، حەمید وێنەی هاتە بەرچاوی. قەی ناکە ئەگەریش شەل بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توندو پڕە و بۆی زاری ئاو دەکاو مووچڕکەی هاتێ.

یەکێک لە برادەرەکانی گوتی:





– ئەوەتا ژن دەهێنی و چ شتێک لە دنیات بە چاو نەکەوتووە، ئایا سەرخۆش بووی؟ یان لەگەڵ ژنێکی ئەمریکایی نووستوی؟ ئایا ژنێک پارەی لێ خەرج کردووی و سەراپای شەوان لە پێناوی تۆدا لە تیاترۆخانەی شەوان ئیش بکا؟

– دایکم ئاوهای دەوێ. ئەنجا خۆ ژنهێنان ڕێگەی ئەو شتانەم لێ ناگرێ. لەو باوەڕەدای ژنێک بەشم بکا؟

– ئایا خۆتت بە جوانەگا دێتەبەرچاو؟

برادەرێکی دی گوتی:

– لێی گەڕێ با ژن بێنێ، چ کلۆڵییەکە پیاو بە شەوانی سەرمای زستان بەتەنیا بخەوێ! بەتایبەتی لەو کوختە نەحلەتییانەدا..

حەمید گوتی:

– ئەم پیاوە دەزانی چی دەڵێ.

ئەنجا دەستێکی دابە سەرشانیدا و دووبارە گوتی:

– ئەو دەیەوێ بە بێ ژن بمێنمەوە تاوەکو پیاوەتیم لەدەست دەچێ.. ئایا دەزانێ؟ لە بەردەمی دایکم خۆم وەها نیشان دا شەرمێ دەکەم، بەڵام لە ناخەوە ئەوەم نیاز بوو. چەن خۆشە ئافرەتت لەگەڵدابێ.

– ئەوجاش پیاوان سووڕ و گووڕی دەوری دەدەن.

– هەروەکو بە خوشکەکەتی دەکەن.

خەریک بوو بەشەڕ بێن. بەڵام برادەرەکەی دییان ناوبژی کردن و لەیەکیانی کردەوە و لە شەقامەکەدا بڵاوەیان لێ کرد.

دایکی لە نێو ژنە دراوسێکانیدا قاوی ئەوەی داخست و ئەوانیش کەوتنە لۆمەو سەرزەنشت کردنی و سەبارەت گەمژەیی قسەیان دەکرد. ژنێک نانی نییە بیخوا، ژن بۆ کوڕەکەی دەگوێزێتەوە. ژنێکی دییان گوتی:

– دەبوایە خۆی مێردی کردبا..

– بەخوای خوشکم کێ گەناوێکی وەکو ئەو دەخوازێ؟ ئەو پیاوە تەوەزەلەش نەکارەیە و جگە ئەو ئافرەتێکی دی پێی ڕازی نەدەبوو..

– خوات لێ ڕازی بێ، ئافرەت لەم ڕۆژانەدا زۆر بووە، تەنانەت بە شەل و شێتیش ڕازی دەبن، ئافرەتی ئەمڕۆ هەرچۆنی بی لەگەڵ پیاوێک ڕادەبوێرێ، تاوەکو لە ئەنجامدا پیاوێکی چاکتری چنگ دەکەوێ. دادگا تەنیا بۆ ژنهێنان دانەمەزراوە، بەڵکو بۆ تەڵاقدانیش دروست کراوە.

– بەڵام ئەو بێفەرە چۆن دەتوانی ژن بهێنێ؟

– دەڵێی هێسترە، ئەوەندە بەخۆیە، دەتوانێ ئافرەتی خێڵێک ئاوس بکا.

ژنێکی دییان گوتی:

– مەگەر گەمژە بن پێی ڕازی بن.

– چ بەلایەتی. لاوەو ئیش دەکا .

بیرکردنەوەی ژنهێنان لەمەڕ حەمید هیشتاکە سەقامگیر نەبووبوو، بەڵام حەزی پێ دەکرد، هەروەک خەڵکی تر ئەنجامی دەدا، ژن دەهێنن و منداڵیان دەبێ و هەموو خەڵکی ڕێزیان لێ دەنێن. دواجارش دەبێ





ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ، بەشێوەیەکی تایبەتی هەروەکو پیاوە ژندارەکان گفت و لفت بکا. لەو کردەوە گەمژانەش وازبهێنی هەروەکو ئەوەی ڕەبەنەکان دەیکەن. هەندێ لە ویلاشە ڕۆژنامەفرۆشەکانی کە لە خۆی بەتەمەنترن ژنیان هێناوە، بەڵام وا دەردەکەوێ چەوساوەن و هەمیشە سەرشۆڕن و بەقیزو بێزەوە نانی دەخۆن، بەڵام جلوبەرگیان هەردەم خاوێنە بەپێچەوانەی ئەو ڕەبەنانەوە کە هەمیشە بەهۆی تێهەڵسوونی ڕۆژنامە و جلوبەرگەکانیان دژوێن دەبن هەموو ڕۆژێ.

هاوڕێیەکی ڕەبەنی گوتی:

– دەبێتە خاوەن منداڵ و دەچنە فێرگە و ئیش دەکەن و بەخێوت دەکەن.

ڕەبەنێکی دی گوتی:

– ئەم پیشە چەپەڵە واز لێ دەهێنێ، لەبەر دەرکەی ئەو خانووە دادەنیشێ کە کوڕەکانی دروستی دەکەن و دەڕوانێتە هامشۆکەران. ئای کە پیرییەکی بەئیسراحەتە! حەمید هەستی کرد هەرتک گاڵتەی پێ دەکەن. بەڵام ئەو لە ڕێکی ئەواندا نییە بۆ ئەوەی وەرامیان بداتەوە. گرینگ ئەوەیە ئەوان بەڕاستی بەخیلیی پێ دەبەن. هەر یەکێک لەوان ڕقی لەوە نابێتەوە ئافرەتێکی لەپاڵ بێت و چای بۆ لێ بنی و هەرکە سەری بە ژان کەوت جەوەنەی لەسەر بخاو کوڵی بۆ بکا.

حەمید هەردووکیان چاک دەناسێ، یەکێکیان دەگەڵ باوەپێرکەی دەژی و هەموو پارەکەی لێ دەسەنێ. ئەوی دییان لەگەڵ باوکە کوێرەکەی و دایکە کەڕولاڵەکەیدا دەژی و بەخێویان دەکا. ناتوانن ژن

بهێنن، ئەگەر بیانتوانیبا، بەوجۆرە قەشمەری پێ کردنە قسانیان نەدەکرد. بەڵام ئەوەی گرینگە ژن دەهێنێ، دایکی سەبارەت بە مەسەلەکەی قسەی لەگەڵدا کردووە. شێوەی ژنەکەی خۆی دەهێنایە بەرچاو دەشەلی بە دوو سمت و جووتە گۆنایەکی سووورداگەڕاوەوە. لەبەر خۆیەوە دەیپرسی دەبێ ئەو گوێرەکەیە چی بخوا. بەڕاستی گوێرەکەیەکە بۆ خۆی قەوی قۆڵ و توندو پڕە. براکانی هەموو لەڕولاوازن و دایکیشی کورتەبالایەو هەر دەڵێی پەنجەتووتەیە. بەڵام ئەم بەو ئافرەتە جوولەکانە دەچی کە بەزۆری بیبەر و باینجان دەخۆن.

هاوڕێیەکی ژنداری گوتی:

– گوێ بەو دوو گەمژەیە مەدە. هەرکە ژنت هێنا ئەوجا دەزانی ژیان چۆن دەگۆڕدرێ. ژنهێنان بۆ پیاو خێر و بەرەکەت دەهێنی.

حەمید شەقی بۆ بەردێک هەڵ دا، بەڵام بەری نەکەوت. تێ ڕاما لە پارچە بەردەکە چۆن لەپێش پێڵاوە کۆنەکانی وشک وەستاوە. بەبێ بایەخییەوە گوێڕایەڵی هاوڕێ ژندارەکەی بوو. دوو کوڕی هەیە، بەڵام خێری لە خۆی نەدیوە، لەوانەیە سەرەتا بێ پاش چەند ساڵێکی دی خێری بەسەردا هەڵدەڕژێ.

حەمید گوتی:

– گرینگ ئەوەیە لە کوختەکەدا ئافرەتێکم لەگەڵدا بێ؟ ئافرەتی زۆر ناناسم و وەختم بەبەرەوە نییە بەدوایان بکەوم..

– وەختت بەدەمەوە بێ یاخود نەبێ، ئەوە بەبایەخ نییە، دواجار دەزانی ژیان چۆن دەگۆڕدرێ، بەڵام پاش ژنهێنان بە چەند مانگێک لە





کارکردن دوادەکەوێ.

حەمید تێی نەگەیشت و گوتی:

– بۆچی دوا دەکەوم؟

– دواجار پێی دەزانی، لە قسەی ئەو دوو گەمژەیە گەڕێ گاڵتەت پێ دەکەن.

– نەخێر، ئەوان گاڵتەم پێ ناکەن، بگرە هەست بەبەخیلی دەکەن. چاکیان دەناسم، جیرانی خۆتانن.

دوای ئەوەی دایکی شرووپڕەکەی بەری گۆڕی، کەوتە گەڕان بەسەر ئافرەتە دراوسێیەکانەوە، قاوی ئەوەی دادەخست کە کوڕەکەی ژن دەهێنێ. ئافرەتان لە کاتی چای خواردنەوە، یان تەشو ڕێسین، یان لێفە دروستکردن لە پەڕوپاتاڵ، یاخود تەنانەت بێکاریش دەبوون سەبارەت قسە و ڕاوێژیان دەکرد و لەبەر سێبەری کوختەکان لەسەر خۆڵەپەتانییەکە دادەنیشتن و یەک لۆمەی ئەوەی تری دەکرد و گۆشتی مردووی برا و خوشکانی خۆیانیان دەخوارد و بێ ئەوەی ڕقیان لێیان بووبێتەوە.

دایکی بەتەنێ شرووپڕەکەی بەری خۆی نەدەگۆڕی. (فەیتوونە)ش هەمان شتی دەکرد، ڕوخساری خۆی سووراو دەکردو چاوەکانی پڕ لە کل دەکردو زۆر هامشۆی دووکان و نانەواخانەکەو سەرئاوەکەی دەکرد، بەڵام دایکی ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو:

– ئێستاکە مارەبڕێ، هەندێ خۆت داپۆشە

– بۆ ئەوەی دەیکەم شوورەییە؟

– هەر هیچ نەبێ پەچەیەک بە ڕووی خۆتدا بدە.

– هەموو کیژانی دێ بە عەلمۆدەیی دەچنە دەرێ.

– بەر لەوەی مێرد بکەن .

تەنانەت ئافرەتانی بەمێردیش بە عەلمۆدەیی دەچنەدەرێ.

– ئەوە کاری خۆیانە. دایکت هەوەڵ مارەکرا لە ماڵەوە نەدەهاتە دەرێ، تاوەکو بەیەکجاری بەرەو ماڵە مێرد بووەوە.

برا بچووکەکەی گوتی:

– داکە لێی گەڕێ، چی دەکا با بیکا، بەڵام ئەگەر بێتو شتێکی لەبارەوە بژنەوم، لاقەکەی تری دەشکێنم. تەنیا بە خۆم دەزانم ئەو دەڵەشرە شەلە چۆن دەهێنمە سەر ڕێگە.

(فەیتوونە) ویستی قژەکەی دەسکەنە بکا. بەڵام دوور کەوتەوە و خۆی دایە پاڵ درەختە بەرزەکەی نێو حەوشەی کوختەکەیان. تووڕە بوو، نەیدەویست ڕاوی بنێ، چونکە دەیزانی بەر چنگی ناکەوێ، بۆیە دایکی هێوری کردەوە:

– هەی کوڕی بێ خێر، تۆ بە خۆت دەتەوێ ئابڕووی ماڵەکەی خۆت بەرێ، خوشکەکەت کەی شەلە؟ ئەمجارەیان دووبارەی کەیتەوە بە لیس دارکاریت دەکەم.

ئەنجا ڕووی دەمی کردە فەیتوونە:

– کیژم ئەمن بۆ بەرژەوەندی تۆ قسان دەکەم، چیت دەوێ ئاوها بکە، بە قسەی دنیا دیتە بکە نەک بە قسەی دختۆر.. ئیتر فەیتوونە ئەوەندە لە ماڵ دەرنەدەکەوت، بەڵام حەمیدی نەناسیوە، بەتەنێ چاویان





بەیەکتر نەکەوتووە، بەڵام شێوەی وا لەبەرچاوی، لاوە، بەهێزو جوانکەیە، لەبەر ئافرەتان چاو هەڵنابڕێ، سەرەڕای ئەوەش بەنگ کێش نییە، هەر وەکو زۆربەی مناڵە دراوسێیەکان دەیکێشن، سەرباری ئەوەش کارو کاسبی دەکا. بەپێچەوانەی مناڵە دراوسێیەکانەوە کە کەس نازانی پارەوپوول لە کوێ دەهێنن بۆ ئەوەی مەی و تلیاکی پێ بکڕن..

***

## ١٠

دەبێ ژنهێنان بە خێر و بەرەکەت بێ؟ حەمید ئەو پیس و پاتاڵەی کە چ ئافرەتێک تەماشای نەدەکرد و هەمیەتی پێ نەدەدا، ئەورۆ هەموو بەیانییەک قژەکەی دەشوا و دای دەهێنێ و چەوری دەکا. ئەو چەنگە مووەش لە ڕوومەتە چرچەکانی ڕواون دەیانتراشێ. ئەویش لەمەڕ ئەو کیژە گوندییە کۆچەرییەی لە تیاترۆخانەی شەوێ کاری دەکرد، خۆشەویست بوو. ئەو کیژەش لە ماوەی سێ مانگ فێربوو چۆن پانتۆڵ لە پێیان دەکاو قژی دەبڕی و سووراو دەکا و مەی دەنۆشی و جگەرەش دەکێشێ، هەندێ وشەی ئەمریکاییش فێربووە و لە کاتی پێویست بەکاریان دەهێنی..

بەرەبەیان بەر لە خۆرکەوتنان، شەڕێکی گەرم لە بەردەم تیاترۆخانەی (خاچی باشورر) بەرپا بووبوو لە نێوان کابرایەکی مەغریبی و سەربازێکی ئەمریکاییدا. (غەنۆ)ی سۆزانی بە سەرخۆشی کەوتووەتە نێوانیان، هەریەکە و بۆ لای خۆی پەلی دەگرێ، هەردووکیانیش سەرخۆش بوون. سەربازە ئەمریکاییەکە قەڵەمبڕێکی تیژی دەرهێنا و لە گەردنی (غەنۆ)ی توند کرد. ئەویش چاوی تێ بڕیبوو و چاوەکانی لەبەر خواردنەوە و خەو قورس بووبوون، ئەمریکاییەکە کابرای مەغریبی بەر جنێو دەداو قەڵەمبڕەکەی لە





گەردنی (غەنۆ) توند دەکرد. ئەویش نە هەستی پێ دەکرد و نە دەیقیژاند و نە داوای فریاکەوتنی دەکرد. کابرای مەغریبی هەندێ دوور کەوتەوە و لەبەر تاریک و ڕوونی شەبەقدا میزی بەسەر پوازی درەختەکەدا کرد. درەختەکەش سێبەرێکی کورتی بڵاو کردبووەوە لە ژێر دارتەلی کارەبای سەر شەقامەکە.

ئەمریکاییەکە هەرکە هەستی بەدڵنیایی کرد، چەقۆکەی کێشایەوە. دەستی (غەنۆ)ی گرت و پەلکێشی کرد. نەیاندەتوانی ڕێ بکەن. حەمیدیش لە دوورەوە ڕۆژنامەکانی لە بن هەنگڵی ناوە و تەماشایان دەکا. (غەنۆ) لەتری دەدا، تەنیا بەچاوان لە حەمید دەپاڕایەوە. خۆی بە درەختەکەی سەر شۆستەکەوە دەگرت، بەڵام سەربازە ئەمریکاییەکە توانیی بەتوندوتیژی ڕاکێشی بکا. خەریک بوو بەعەردی بکەون. کابرای مەغریبی شەرواڵەکەی گرێ دا و شوێنیان کەوت، دیسانەوە ئەمریکاییەکە وێستێکی کرد و قەڵەمبڕەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. ئەمجارەیان ڕووە و کابرا درێژی کرد، بەڵام ئەمی تریان گوێی بەوە نەدا، بەئارەزوو جنێوی پێ دەدا. زیاتر لێیان نزیک کەوتەوە، سەربازەکە پاشەکشەی کرد. ئەنجا بەرەو کابرای مەغریبی ملی نا و چەقۆکەی بە حەوادا بەرز دەکردەوە، حەمیدیش ڕووە و هەرسێکیان جما، (غەنۆ) لەبەر ترس بەتەواوەتی پرزەی لێ بڕابوو، هەرکە پێیەکانی لە دوای نەهاتن لە بن درەختەکە ڕۆنیشت، نەیدەتوانی خۆی بەپێوە بگرێ، سەرخۆشی خەریک بوو بەری دەدا، هەندێ وریابووەوە چی لێ ڕوودەدا.

حەمید پتر جما و خێرا چەقۆکەی بە شەقێک لە دەستی کابرای

ئەمریکایی بەردایەوە، پڕی دایە چەقۆکە و لە ڕووی هەردوو پیاوەکەی درێژ کرد. هەرتکیان لە یەک جوێ بوونەوە، حەمیدیش لە نێوانیان ڕاوەستا و باوەشە ڕۆژنامەکانی تووڕدایە نێو کۆشی (غەنۆ)وە. ئەنجاش وەکو شێت دەستی دەوەشاند. کابرای مەغریبی وەسەر شۆستە کەوت و خوێن لە تەوێڵی دەچۆڕا، بە مشتەکۆڵە بەربووە کابرای ئەمریکایی، ئەویش بۆ بەرگریکردن لە خۆی دەستەکانی بەحەوادا ڕادەوەشاند، حەمید بەربووە سەروچاوی و ورگی، سەرەڕای ئەوەش بە عەردی نەکەوت تاوەکو حەمید ماندوو بوو، ئەنجا بە شەقێکی پێڵاوەکەی کێشا بە سەروچاویە و کابرای ئەمریکایی هەر دەتوت بەرازە و بۆڕاندی و لەبەر تاریک و ڕوونی بەیاندا وەکو مردوو لە پەلوپۆ کەوت.

کابرای مەغریبی هێشتاکە خوێنی لێ دەچۆڕی، لەسەرووی شەقامەکەوە چەند سەرخۆشێک و دەرکەوتن و لەتریان دەدا و پاڵیان بەیەکترەوە دەنا. کەسێک گوێی نەدەدا بەوەی ڕووی دا.

حەمید لە (غەنۆ) نزیک بووە، لێی ترسا ئەویش وەکو ئەوانی تری لەگەڵ بکا، هەستا و لە ترسان هەڵدەلەرزی و دەستی گرت بەدرەختەکەوە و ڕۆژنامەکانیش کەوتنە ژێر پێی.

حەمید گوتی:

– مەترسە، ئەمجارە دەبی فێر بێ لەگەڵ چ کەسانی سەرخۆش دەبێ.

– پارەیان لەسەر من دەدا، هەموو خەڵکی پارە لەسەر من دەدەن،





دواجاریش بەشەڕ هاتن. هەریەکە و دەیویست وە تەک خۆیم بخا. ئەمنیش ناتوانم بە دوو کەرتەوە ببم، ئافرەتێکی بێ دەسەڵاتم..

حەمید چەمایەوە و ڕۆژنامەکانی هەڵگرت و ڕێکیانی خست وەبن هەنگڵی خۆی نان.

– لە کوێ نیشتەجێی؟ لەتەکت دەمێنمەوە، ئەمشەو زۆرت قازانج کردووە؟

– نەختێک. لە گەڕەکی (فرانسوا دی ڤیۆن) نیشتەجێم، کە لەگەڵ شەقامی (عەلی بن ئەبی تالیب) یەک دەگرنەوە.

– بەتەنێ دادەنیشێ..؟

– بەڵێ.. کیژێکی دیم لەگەڵدا بوو، ئەویش لە هۆزی (عەوامرە)یە. دەڵێن لە بەندیخانەیە، دەشڵێن لەگەڵ سەربازێکی ئەمریکایی بۆ ئەمریکا ڕای کردووە، کلۆڵە هێشتاکە نوێنەکەی و هەندێ جلوبەرگی لەوێڕا ماوەتەوە! هەوەڵ جار ئەو دەستی گرتم، شتێکم دەربارەی ئەم شارە نەدەزانی..

زیاتر سەرخۆشییەکە بەری دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەندێ لەتری دەدا. حەمید دەستی خستە سەر باسکی، هەستی بە هیچ ترس و وەڕزەییەک نەکرد، بەڵام ئەو مووچڕکێکی تایبەتی بەلەشداهات. لەسەرووی شەقامەکەدا ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس تێپەڕ بوو. حەمید (غەنۆ)ی بەرەو دەرگەی تەلارێک پەلکێش کرد و بەدوای خۆیانەوە پاڵی بە دەرگەکەوە نا و لە ژێر پەیژەکەدا خۆیان شاردەوە. ماوەیەک بێدەنگ بوون، گوورە گووڕی ..

حەمید گوتی:

– چاوەڕێ کە هەر ئێستا دەگەڕێمەوە، دەشی تۆیان لێ ئاشکرا بووبێ، تاوەکو بزانم ئۆتۆمبیلەکە لەوناوە ماوە.

سەری لە دەرگەی تەلارەکەوە دەرهێنا، هیچ شتێک ئاسەواری نەبوو، نە ئاسەواری ئۆتۆمبیلەکە هەیەو نە ئاسەواری ئادەمیزاد. جگە لە هەندێ دەنگەدەنگی خاو و خلیچک و ماندوو و گران، لە جێگەیەکەوە دێت.. حەمید بۆ لای (غەنۆ) گەڕایەوە. دڵنیای کردو باسکی گرت و پەلکێشی کرد. ژێر پەیژەکە تاریک و نووتەکە بوو، هەرکە هاتنەدەری هەندێ تیرۆژی لاواز بەئاسماندا بڵاو بووبووەوە. گڵۆپەکان هێشتا ڕێگەکە رووناک دەکەنەوە. بە هەنگاوی خێراوە بەرەو گوزەری فرانسوا دی ڤیۆن ڕۆیشتن. خۆیان کرد بە گۆڕەپانە فراوانەکەدا کە لە چوار لاوە ژووری بەتەنیشت یەکترەوە گوریچەیان داوە. لەسەر نهۆمی خوارەوە نهۆمێکی دی هەبوو. هەموو دەرگەکان داخراون، جگە دەرگەیەک نەبێ لەسەرەوە والآیە، دەنگی مۆسیقایەکی لێوە بەرز دەبێتەوە. غەنۆ دەرگەکەی کردەوە، لەسەر نزیکترین نوێن هەڵاژا، لە سووچەکەدا نوێنێکی دی هەبوو کۆمەڵی جلوبەرگی لەسەر بوون، هەندێ کۆمەڵە شتی تریان لە ژێرەوە بوو حەمید نەیدەتوانی لێکیان بکاتەوە، لە ژوور سەر نوێنی دووەم دەرگەیەکی بچووکی بەرچاو کەوت، ڕووەو دەرگەکە ملی نا بۆ ئەوەی میز بکا، بەڵام گوێی لێ بوو پێی دەگوت:

– ئاودەس لەوی نییە، ئەوە موبەقە، لەدەرەوە بە لای دەستی ڕاستەوە ئاودەسێکی هاوبەشی هەیە..





حەمید ڕۆژنامەکانی لەسەر نوێنەکە داناو خۆی کرد بە ئاودەسەکەدا، ئەنجاش گەڕایەوە دیتی غەنۆ زۆرەزۆر دەگری. دەگریا و هەوڵی دەدا نەگری، بەڵام کوڵی گریانەکەی پتر دەبوو. دواجاریش کڕبووە. لەبەرامبەری لەسەر نوێنەکە دانیشت، بەبێ ورتە چاوی تێ بڕیبوو. بەڵام هاتە قسەو چاوەکانی لەبەر خەو قورس بووبوون:

– ئایا ماندوو نیت؟ ناتەوی بنوی؟ دەبێ بڕۆم بەلای ڕۆژنامەفرۆشتنەوە، ئەم بەیانییە دوو ڕۆژنامەم فرۆشتووە، خۆم بەو سەربردەیەوە خەریک کرد.

– گرینگ نییە. ڕۆژی چەندت دەست دەکەوێ؟

– هەر ڕۆژەو بە ڕسقی خۆی.

– هەندێ بحەوێوە ماندوویت پێڕا دیارە.

بێ ئەوەی تەماشای بکا ئەوەی پێ دەگوت، چونکە لەسەر گازی پشت وەرکەوتبوو و دەستی لەسەر چاوانی نابوو. دووبارە گوتی:

– دەتوانم هەندێ لەوەی دەستم کەوتووە بە قەرزت بدەمێ، هەندێ بحەوێوە..

حەمید دەیڕوانییە ئەو دیوارەی کە هەندێ جلوبەرگی ئافرەتانی پێوە هەڵواسرابوو. بەبێبایەخییەوە نیگاکانی چەقینە سەر ئەو جلوبەرگانە، بیری لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، غەنۆ گوتی:

– لە کوێ نیشتەجێی؟

– لە کوختە چەپەڵەکانی –دەوار– نیشتەجێین.

– بێگومان چەپەڵە، کوختەکەی ئێمە لە عوامرەیە، لە هەر کوختێک

لەو کوختانە باشترە، ئەگەر وەهام بەسەر نەهاتبایە ئێستاکە لەگەڵ باوک و دایک و براکانم دەمامەوە.

هەروەکو وڕێنە بکا ئاوها قسانی دەکرد، حەمید گوێی لێ گرتبوو. دەبێ لە دوای هەر کیژێکی لەو جۆرە، سەربردەیەک هەبێ.

حەمید گوتی:

– چیت لێ قەوماوە؟

– گرینگ نییە. کوڕی ئاغا وەهای لێ کردم و هەڵاتم. تۆ ماندووی، هەوڵ بدە بخەوی، نامەوێ زیاتر قسان بکەم.

بیری کردەوە ئەویش ئاوها بکا و با سەرکارەکەی بۆ جەحەنەم بێ. چی دەبێ ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆژنامەکانی نەفرۆشێ.

– نەخۆش بووم، چووم بۆ نەخۆشخانە، تیماریان کردم و پێیان گوتم: بڕۆ بخەوە. دەبی مرۆڤ هەرگیز لەم پیشەیەدا نەخۆش نەکەوێ؟ خۆ ئادەمیزادین لە خوێن و گۆشتین نەک بەرد و ئاسن؟ دەبێ بنووی.

دەبێ لە کوێ لێی پاڵ داتەوە؟ لێرە یان لەوێ؟ ورەی وەبەر خۆی خست و بەرەو لای غەنۆ ئاژنگی نا. ترسا لێی توورە بێ، زۆر ئەم جۆرە شتانەی تاقی نەکردووەتەوە. بەترسەوە لە لێواری نوێنەکەی غەنۆ دانیشت، ئاخ و ئۆفی نەکرد و نە ڕاپەڕی و نە لێی توورە بوو، هەندێ لاکەوت و هەناسەیەکی هەڵکێشا ئەنجاش لە تەنیشت خۆیەوە جێگەی بۆ کردەوە. ورەی وەبەر هاتەوە، بەتەنیشتیەوە ڕاکشا و چاوەڕێ بوو بزانی چی دەکا، ئەویش چاوەکانی نووقاندبوو، جلوبەرگەکانی دادەکەنی و تووڕی دەدایە سەر زەوییەکە، ئەویش بەبێ





ترس وەکو ئەوی کرد، ئێستاکە چاوەکانی کراونەتەوە، بەڵام تیشکی خۆر لە پەنجەرەیەکی بچووکی سەر دەرگەکە دەهاتە ژوورەوە، تیشکی خۆری بەیانیان توانیی چاوەکانی لەیەک بنێ..

***

## ١١

تەنانەت ئەو حەمیدە چەپەڵەش، ئافرەت دوای دەکەوێ! یەکێک لە هاوڕێیەکانی بیری کردەوە:

– ئەگەر ئەو کیژە شەلە خاوەن جووتە سمتە پێی بزانێ نینۆکەکانی لە گەردنی دەچەقێنی و خوێنی لێ دەچۆڕێنێ. ئەو دایکی دەناسی کە چ درەو لەگەڵ هەموو ئافرەتانی گەڕەکدا بەشەڕدی، بێ ئەوەی ببەزی و کۆڵ بدا تاوەکو بۆ نەخۆشخانەی دەبەن، بێگومان ئەم کیژە شەلەش بە دایکی دەچی.

یەکێک لە ڕۆژنامەفرۆشەکان گوتی:

بەدوای ئەو ژنە بەدخوە دەکەوێ تاوەکو لە ناوی دەبا.

– چۆن لە ناوی دەبا؟ ئەو پیاوە، دواجاریش کێ حەزناکا برە ئافرەتێکی هەبێ؟

– هەموو حەز بەوە دەکەین. بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە زۆر لە حەزلێکەرانی هەیە. ڕۆژێک یەکێکیان بەر بوتڵ و چەقوانی دەدەن.

– تۆ تەنیا بەخیلیی پێ دەبەی.

– بەخیلیی چی پێ دەبەم؟ ئەمنیش کیژە دۆستی خۆم هەیە لەو کیژە گوندییە گەمژەیە چاترە.





هەموو برادەرەکانی ئێستاکە دەزانن کە لەگەڵ غەنۆدا پێوەندیی هەیە. حەمیدیش ئێستا هەوڵی ئەوە دەدا کە چەند غەنۆیەکی تر هەبێ. ئەوەشی بۆ نەدەلوا، کیژانی لەو جۆرە ئالوودەی چ کەسێک نابن، ئەگەر بێتو گیرفانی هەمیشە پڕ نەبێ. ئەو هەموو کیژانە خەون بەوە وە دەبینن کە مێرد بە ئەمریکایی بکەن.. زۆرجار حەمید لە لای غەنۆ دەنووست، کلیلێکی دی دابووێی، هەندێ جار غەنۆ بۆ ماڵ نەدەگەڕایەوە، دواجار حەمید تێ گەیشت لەبەر چییە. چونکە لەگەڵ ئەم پیاو یان ئەو پیاوی دی دەڕۆیشت. هەندێ جار حەمید چاوی پێ دەکەوت لاچاوێکی هەڵزەپاوە و لێی دەپرسی:

– کێ وەهای لێ کردووی؟

لە بیرم نایە، چونکە سەرخۆش بووم.

– دەیناسی، پێم بڵێ کێیە؟

– گوێی مەدەرێ، شەو نییە ئەو جۆرە گرفتانە نەقەومێ. دەتوانی ئەو هەموو گرفتانە چارەسەر کەی..؟

حەمید دواجار تێ گەیشت کە ئەو پیشەیە پیشەی گرفت و سەریەشانە. بەڵام دڵی بە غەنۆ دەکرایەوە، چونکە کیژێکی پارەپەرست نییە، زۆرجار هەندێ پارەی دەئاخنییە گیرفانی ئەمەوە کە چ پێویستی پێ نەبوو..

– تۆ ژن دەهێنی و دەبێ بۆ زەماوەندکردن پارە کۆ کەیتەوە

– دایکم هەموو شتێکی خستووەتە ئەستۆی خۆی.

– پشت بە دایکت مەبەستە. دەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان پارو ژنەکەت

تووڕداتە سەرانگوێلەوە. ئەو حەلە چی دەکەی؟ لە هەموو شتێک پەژیوان دەبێتەوە. دەبێ هەندێ پارە پاشەکەوت کەیت.

لە کوێی دانێم؟ دەیدۆزنەوە، چونکە دایکم هەموو ڕۆژێ کوختەکەم دەپشکنی.

– لە زەوی بشارەوە.

– تەنانەت زەویش دەپشکنێ، ئەتۆ نایناسی.

– لێرەی دابنێ، بڕوا بە منیش ناکەی؟ دواجاریش کلیلی دووەمت پێیە، منیش پارەی خۆم لێی شاردووەتەوە.

هەمیشە لە ژوورەکەدا شووشەی مەی و نیوە شووشە هەبوو. حەمیدیش ئەوەندە چاوی بەو شووشانە و غەنۆ کەوتبوو کە دەیخواردەوە. هەوڵی دا دەستی پێ بکا، ئەنجامیش بە پەرداخێکی تاڵ دەستی پێ کرد. ئەنجا دوو پەرداخی کەم تاڵتر.. ئەنجاو.. هتد..

دایکی هەستی پێ کردبوو کە شتێکی لێ بەسەر هاتووە. زۆر گۆڕاوە. دایکی بیری کردەوە، ئەگەر پیاو عادەتی بگۆڕدرێ واتای وەهایە ئافرەت ئەوەی پێ کردووە. هەوڵی دا بزانی ئەو ئافرەتە کێیە، بەڵام نەیتوانی چ ئەنجامێک وەچنگ بخا. هەستی کرد لەگەڵ فەیتوونەدا کەینوبەینێکی هەیە. بەڵام چلۆن دەتوانێ ئاوهای لە دەست بێ ئەوە هێشتاکە نەیگواستووەتەوە؟ ئەمەی بە حەسەن ڕاگەیاند، ئەویش شانێکی بۆ هەڵتەکاند و ورتەورتێکی هاتێ:

چی تێدا بەسەرە؟ ژنی خۆیەتی، بگۆڕێ یان نەگۆڕدرێ، چیمان لێی داوە.





بەڵام هێشتاکە نەیگواستووەتەوە.

– بۆ کوێی بگوازێتەوە. خوا لە دۆزەخت توور دا، لە کوڕەکە گەڕێ.

– لە کوختەکەی ناخەوێ.

– خۆزیای دەکرد لە سەرانگوێل دەنووست، ئەوە ئیشی تۆیە؟

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست ئاگەداری هەموو شتێ بێ، ترسا لەوەی ئافرەتێکی تر جگە فەیتوونە لە خشتەی بردبێ. ئافرەت هەموو دزن، فێڵ و فەرەجیان زۆرە. بەڵام حەمید وەکو جاران چەشنی گوێرەکە سەر دانانەوێنێ، ئێستاکە ڕووبەڕووی باوک و دایکی دەبێتەوە. چاو لە ئاستیان بەرزدەکاتەوە و چاویان تێ دەبڕێ و دەشتوانێ بە بڕواوە درۆ بکا.

– دوێنێ لە کوێ نووستی..؟

– ئەوە ئیشی ئێوە نییە، لە لای برادەرێک نووستم.

– برادەرە یاخود ژنە؟

– ئافرەتە.

– هەی گوجیلە سەگ چاو و ڕووت هەیە لە بەرامبەر دایک و باوکت ئەوە بڵێی؟ نەوە و وەچەیەکی بێ چاووڕوون چ شەرم و حەیایەک ناکەن.

– نەخێر.. وەچەی زۆڵن..

دایکی بەئەژنۆی خۆیدا دەدا و بە ڕووی حەسەندا دەیشریخاند:

– دەژنەوی کوڕە نەحلەتییەکەت چی دەڵێ؟ ئەمن بەڵام خستووەتەوە.

– ڕووی دەم لە من دەکەی وەکو بڵێی من نۆ مانگ پێی ئاوس بووم

ئەنجا حەسەنیش بۆی دەردەچێ و ئەویش خێرا خێرا بەئەژنۆی خۆیدا دەداو دەڵێ: (وەی.. وەی.. وەی بۆ چارە ڕەشییم.. ژنانی تر بنیادەم دەخەنەوە، کەچی من سەلکەزۆڵم دەبێ).

دایکی چ شتێک لەو گۆڕانەی حەمید نەدەگەیشت. لێی ناترسێ، جاران نەیدەوێرا وەرامی بداتەوە. هەمیشە دەم بە بەڵێ بوو. بۆ جەحەنەم برۆ، بەڵێ، ئێستاکە خۆت بخنکێنە، بەڵێ. دەی ئێستا بێدەنگ بە، بەڵێ. نان ناخۆی، بەڵێ.. بەڵام ئێستا گۆڕاوە، دەبێ ئەو ئافرەتە نەحلەتییە ئاوهای لێ کردبێ. بەخۆت ژنت بۆی هێناو تاوەکو بۆنی بن باڵی خۆی بکا. هەرکە کیژو کوڕیش بۆنی بن باڵی خۆی کرد، قوڕیش بەسەر ئەو دنیایەی لە دەوروبەریاندایە.. بەڵام نەیدەتوانی چ پێوەندییەک لە نێوان ئەو گۆڕان و ژنهێنانەدا بدۆزێتەوە. هەمیشە بیر لەو ئافرەتە دەکاتەوە. سوێندی خواردبوو هەرکە ئەو ئافرەتە بدۆزێتەوە لە ڕێگەوبانان بەرەی دەکا.. دەچی بۆ لای ژنە فاڵچییەکە بەڵکە ئەمە جێگەی ئەو ئافرەتەی بۆ بدۆزێتەوە_ خوا تاشەبەردی لەسەر بنێ– دواجاریش دەچی بۆ کن پیاوە جادووبازەکە لە ئاسمان بە جادوو چۆلەکە دەخاتە خوارەوە و سێو دەکاتە مریشک. ئەوجاش بە باڵ بەستی دەیهێنی و پێیە شەقار شەقارەکانی ماچ دەکا و داوای لێبووردنی لێ دەکا. بەڵام ئەو لێی خۆش نابی تاوەکو تیتکەکەی دەسکەنە نەکاو جلوبەرگی لەبەر تیتۆڵ تیتۆڵ نەکا و بزانی ئەوە چ ئافرەتێکە.!

حەمید ئەوەندە بۆ ماڵی نەدەگەڕاوە، جگە حەوتەی جارێک نەبێ.





فەیتوونەش بەوەی زانی بوو، بڕوای بە خۆی دەهێنا کە ئەو درۆی لەگەڵدا ناکا، لەوانەیە لە ماڵی هەندێ برادەری دەنوێ. بەهەرحاڵ ئەو پیاوە لێی ناترسێ، چونکە ئەو کیژۆڵەیەکی شەل نییە. تەنانەت کیژە کارەکەرەکانیش کەم جار سەردانی ماڵی خۆیان دەکەن، کەواتە بۆچی لێی بترسێ؟ بەڵام کێ چووزانێ؟ دەشی وەکو دایکی دەڵێ ئافرەتێک لەخشتەی بردبێ. ویستی ئەو خەیاڵە لە مێشکی خۆی دووربخاتەوە. حەمید ناتوانێ وەها بکا. لە ئاستی ئافرەت چاو هەڵنابڕی و لە سێبەری خۆی شەرم دەکا..

ڕۆژنامەفرۆشێک بە هاوڕێکەی تری گوت:

– پێم نەگوتی؟ ئەو کیژە لادێییە ئەقڵی دەبا.

– لێی گەڕی گەنجە و با بۆ خۆی ڕابوێرێ.

– با ڕابوێرێ؟ هەموو حەز بە ڕابواردن دەکەین، بەڵام ئەو ژن و دایک و بابی لەبیر کردووە.

– چی لە دایک و بابی بکا؟ ئەگەر ئەو باوکە تلیاککێشە باوکم نەدەبوو، ئێستاکە بۆ خۆم خوێندنم تەواو دەکرد و دەبوومە فەرمانبەری دەوڵەت. ئەو لە خوێندنی کردم و پاڵی پێوە نام بۆ ئەم کارە چەپەڵە. هەرکە ئەوەم وەبیر دەکەوێتەوە، یەکبین شووشەیەکی مەی دەنێمە سەرەوە.

– لەگەڵ ئەوەشدا، ڕازیبوونی دایک و باوک بەرامبەر بە ڕازیبوونی خوایە.

– ئەوە بۆ خۆت بڵێ، چاوەڕوانی ڕازیبوونی دایک و باوک بە، تاوەکو

لە هەڵدێر دەکەوێتە خوارەوە.

– من ئەوەتا ئێستاکە کەوتوومەتە خوارەوە.

– بە خۆتی بڵێ؟

حەمید هەستی دەکرد کەسێکی دییە. هەموو ئێوارەیەک دەخواتەوە و لە دەمە دەمی بەیاندا چاوەڕێی غەنۆ دەکا بۆ ئەوەی وەئاگای بهێنێتەوە هەرکە لە ئیشەکەی دوا دەکەوت، یاخود دەکەوێتە تەک کابرایەک، سەیر لەوەدا بوو، غەنۆ سەبارەت بە فەیتوونە چ دڵپیسییەکی نەبوو. دەشێ هەستی پێ کردبێ و دەری نەدەخست، چونکە ئەو ژنی شەرعی و پیرۆزیەتی. بەڵام ئەم ڕێبوارێکە لە ژیانیدا، جگە لەوەش ئەم کچێنیی نەماوە و لەگەڵ زۆر پیاوان دەڕوا. لە داهاتووشدا حەمید بەوە ڕازی نابێ. لەوانەیە ئەویش هەروەکو ئەو دوو پیاوەی ئەو بەیانییانەی لەگەڵدا کردبێ.

غەنۆ پێی گوت:

– کەی زەماوەند دەکەی؟

– دایکم دەڵێ دەبێ دەستوبردی لێ بکەم. پێیەکانم لە هەگبەوە دەرچوون گومان دەکا لەوەی کە ئافرەتێکی دی لە ژیانمدا هەبێ.

– چەندی حەز دەکەم لە زەماوەندەکەت سەما بکەم.

– ئەگەر سەیزادە بوویتایە دەتتوانی ئەوە بکەی.

– بەدبەختم، تەنانەت بۆم نییە لە زەماوەندی ئەوکەسەش سەما بکەم کە خۆم دەمەوێ.

– پاش زەماوەند، لەم ژوورەدا پێکەوە سەما دەکەین، زەماوەندێکی





تر ساز دەکەین.

غەنۆ خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا، هەندێ دواکەوت، هەرکە گەڕایەوە بازنگێکی زێڕی بەدەستەوە بوو، دایە دەستی حەمید:

– بیفرۆشە، یان چی لێ دەکەی بیکە، ئەگەر حەز دەکەی پێشکێشی ژنەکەتی بکە. بۆ بە خۆت ئەوەت پێویستە، یاخود خێزانەکەت پێوستی پێی هەیە.

– خێزانەکەم پێویستی بە هیچ شتێک نییە. لە عەوامرە مەڕومالاتی هەیە، بازنگەکە بگرە و تۆ خۆت پێویستیت پێی هەیە.

حەمید هەستی کرد فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس بووە، زۆری داکۆکی کرد، بەڵام دوو تنۆک فرمێسک لە چاوەکانی باسقەیان کرد. غەنۆ هەرکە ئەوەی دیت، دایە پرمەی گریان و دەستەکانی خستە سەر چاوانی. ئەنجاش لە گریان بووەوە و بەرەو چێشتخانەکەی ڕای کرد، قەدەرێک لەوێدا مایەوە، حەمیدیش دەیڕوانییە بازنگەکان و تەماشای دیواری ژوورەکەی دەکرد. لە کلاوڕۆژنە بچووکەکەی سەر دەرگەکەوە تەماشای دەکرد. چەند کیژێکی دڵ باشە و چەن ڕاستگۆیە! لەو جۆرە کەسانە نییە کە هاوڕێیەکانی باسیان دەکەن (ئافرەت لە بەردەمی خۆتدا دابنێ، نەکەی لەپشتی خۆتی دابنێێ، ئافرەت غەدارو دزە) مرۆڤ دەتوانی غەنۆ لەپشتەوەی خۆی دابنێ و ئاسوودە بێ، لەو چەشنە ئافرەتانەیە ئەگەر مێردەکەی لەماڵ نەبوو، دەتوانی خۆی بپارێزێ) هەروەکو پێغەمبەر (د) گوتوویەتی.

حەمید هەوڵی دا لە نێوان ئەو و فەیتوونەدا بەراوردێک بکا،

فەیتوونە خرپنە و دوو سمتی پێوەیە، بەڵام بە چاکی شارەزای نەبووە، زۆری قسان لەگەڵدا نەکردووە، نازانی ئایا دەتوانێ بیپارێزی و بڕوای پێ بکا، لە پشتی خۆی دانی یا لە بەردەمێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو سمت و جووتە گۆنایەکی سوورهەڵگەڕاوی پێوەیە..

غەنۆ لە چێشتخانەکە وەدەرکەوت و سەروچاوی تەڕبوو و بەپشتی دەست وشکی دەکردەوە و گوتی:

– ئەمشەو ئیشوکارێکی زۆرم دەبێ، وەکو هەموو ڕۆژانی شەممە، ئومێدم وایە چ گیروگرفتێک ڕوونەدا.

– ئەگەر بتەوێ دەمەوبەیان پێت دەگەم .

– پێی ناوی لەسەر ئەو ژیانە ڕاهاتووم، بەڵام بڵێ زۆر مەخۆرەوە، بۆ ئەوەی ئەقڵم لە لای خۆ بێ.

– ئا.. ئاوها باشترە

– بەڵام ئەوەی خەو لە چاوانم دەتارێنی ئەوەیە هەرکە ژن دەهێنی لەیەک جودا دەبینەوە.

– بڕوا ناکەم.

– بەڵام سەردان کردنت کەم دەبێتەوە.

– بۆ ئەوەش بڕوا ناکەم، هەموو خەڵکی ژنیان هەیەو کەچی ئافرەتی تر لە ژیانیاندا هەیە. دەتوانن لە نێوان ژنەکانیان و ژنە دۆستەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

– نەک هەموو کەسێ

– هەر هیچ نەبێ هەندێ برادەرم ژنیان هێناوە و دەیانناسم ئاوهان.





غەنۆ قەناعەتی تەواوی پێی نەبوو، دەزانێ ئەوەی بۆ ناکرێ، ئەم مێردی نەکردووە و تاقی نەکردووەتەوە لەوانەیە وەکو ئەو دەڵێ هەموو شتی ڕوویدا. ئێوارە داهات و غەنۆ دەستی درێژ کرد بۆ ژێر قەرەوێڵەکەی و ئاوێنەیەکی دەرهێنا، لەسەر قەرەوێڵەکە بەتەنیشت خۆیەوە دانا، لە ژوورەکەدا تەنیا دوو قەرەوێڵە هەبوو و کورسیی تێدا نەبوو، بە حەمیدی گوت:

– ئێستا وەختی ئیشکردنە، هەندێ دەست بە خۆمدا دەهێنم.

حەمید بەئەسپاییەوە هەڵسا و ڕۆژنامەکانی لە بن هەنگڵی بوون:

– ئێستا بەجێت دێڵم و دوایی چاومان بەیەک دەکەوێ.

هەرکە زەماوەندت کرد، وەرە بۆ ئێرە شەوێک پێکەوە بەسەردەبەین، ئەمشەو نایەیتەوە؟

– بڕواناکەم، دەبێ لەوی بم بۆ ڕۆژی شەممە چەند ڕۆژێکی بەبەرەوە ماوە.

– دەرگەکە لەدوای خۆتەوە داخە.

حەمید دەرچووە دەرەوە و ئەو گۆڕەپانەی بڕی کە ژوورەکانی هەردوو نهۆمی خوارەوە و سەرەوە گوریچەیان داوە. هەندێ دەرگە لە شەقامە درێژەکەدا نیمچە کراوە بوون، ئەوەندە ئۆتۆمبیل زۆر بوون، یەک لەدوای یەک بوون و هەندێکیش ڕوویان لەیەکتر کردبوو، خۆر ئاوا بوو، بەڵام هەندێ تیشک هێشتاکە بە ئاسۆوە کزو ڕەنگ زەردو نەخۆش دەدرەوشایەوە، گڵۆپە گشتییەکان پی بوون، هەندێ لە چۆلەکەکانی سەر درەختە چنارەکان زیقەزیقیان پێ کەوت. خۆی کردە

نزیکترین باڕی لای ڕاستەوە، زۆر سیخناخ بوو، هەندێ خەڵک بەپێیەوە ڕاوەستابوون، ئەوانی دیش ڕۆنیشتبوون، کەسانێکی تریش هامشۆیان دەکرد پەرداخ یان هیچیان بەدەستەوە نییە، لە نێوانیاندا بزر بوو و کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، قسانیان دەکردو پێ دەکەنین و تاس بردبووینەوە و ئازاریان دەچێژت و شتی تر و تر و.. هتد.

***



## ١٢

دایکی فەیتوونە گوتی:

– ئەمشەو دەزانی چۆن کیژێکم داوەتە کوڕەکەت، هەمووی داوێن پاکی و پاکیزەییە.

دایکی حەمید گوتی:

– ئەمشەو تۆش دەزانی چۆن کەڵەمێردێکم بە تۆ داوە.

حەمید لەگەڵ هەندێ برادەرەکانی خۆی لە جلوبەرگەکانی پێچابووەوە چایان فڕدەکرن، هەندێکیان لە ژێر جلوبەرگەکانیانەوە شووشەی لە لاستیک دروستکراوی مەییان دەردەهێنا و بە چڵێسییەوە فڕیان دەکردو پێ دەکەنین و خەونیان بەو جۆرە شەوەوە دەبینی. حەقدە کەس دەبوون و ژنیان نەهێناوە و لەناخەوە بۆ کیژە خاوەن جووتە سمتەکە دەپرووکان. لە دەروونی زۆربەیاندا بەتایبەتی ئەوانەی دەخۆنەوە غەریزەی خیانەتێکی ڕەگ داکوتراو هەبوو، سەرەڕای ئەوەی پێ دەکەنین و دەستیان دەدایە سەرشانی حەمیدەوە:

– ئەمشەو شەوتە نێرەتەژە، ڕوومان سوورکە

– وەهای سوور دەکەم تاوەکو خوێنی لێ دەچۆڕێ.

حەمید دەستی بە پێکەنین کرد، لە دەرەوەی تەیمانەکەدا کە لە

قوژبنێکی حەوشەکەدا هەڵبەستراوە، لە تەنیشت درەختەکەوە دەنگ و زەڵە و بۆڵەیە. هەندێ جـار دەنگی شـایی و هەیت و هوت بەرز دەبووەوە، دوابەدوای گۆرانییەکی میللیی کز بەرز دەبووەوە کە سەبارەت بە جودایی دەزگیران دەدوا و بەجێی هێشتووە و بۆ وڵاتێکی دوور ڕۆیشتووە و ئەوانەی کە بە زۆر بردوویانە، برا زاواکەی حەمید بەسەریدا نووشتایەوە و چپاندی بەگوێیەوە:

– کەی خۆت بەژووردا دەکەی

– دوای ئەوەی خەڵکی شیو دەکەن، هەرکە دنیا لەم خەڵکە خاڵی دەبێ.

– چۆڕی بخۆرەوە تاوەکو ورەت هەبێ.

– دەتوانم قاپێک هەڵقوڕێنم بەر لەوەی بچمە ژوورەوە..

دایکی بە ڕوخساری چرچ ولۆچییەوە لە تەیمانەکە سەری دەرهێنا:

– شتێکت دەوێ، کێ چای دەخوا؟

ئەنجاش سەری دەرهێنا و بانگی کچە دراوسێیەکانی کرد:

– وەرە فلتان و فیسان کەترییەکە بەرەو پڕە چای بکە، خوا کوڕێکی باشت بەنەسیب کا و لە زەماوەندەکەت هەڵدەپەڕین.

دایکی حەمید بزربوو و کیژێک خۆی کردە ژوورەوە و خەریک بوو پێی لە تاڵەکانی ئەو چیغە هەڵکەوێ کە لە ماڵە دراوسێ هێناویانە، ناوەوەی تەیمانەکەی کچ بوو و هەموو بە نیگایەکی نامۆوە تەماشایان دەکرد هەرکە کەترییەکەی هەڵگرت و بۆ یەکێکیان بزەیەکی بۆ کرد، یەکێک گوتی:





– ئەتۆ بەختت یارە بۆ تۆ بزەی هاتێ.

– بێدەنگ بە نەوەک باوکی گوێی لێ بێ، نازانی بە چەقۆ سکت هەڵدەدڕێ؟

– بەهەرحاڵ ئەو کیژە تا کەی دەیهێڵێتەوە؟ خۆ بە خۆی خۆشەی ناکاو وەکو گۆشتی جەژنی قوربان بیداتە بەر خۆر؟

یەکێکی دییان گوتی:

– سەرەڕای ئەوەی زۆر دڕە، بەڵام زۆری لەبارەوە دەزانم

هەموو پێکڕا گوتیان:

– چی لە بارەیەوە دەزانی؟ پێمان بڵێ..

– نایڵێم، ئێوە زۆر دەم شڕن، ئەگەر قسەکە بگاتەوە بە باوکی، سەری دەبڕێ.

یەکێکی دی گوتی:

– لەدەستی دێ، دەڵێن لە جەنگدا پازدە ڤیتنامیی سەربڕیون کاتێک لە سوپای فەرەنسا سەرباز بووە و چەقۆی تفەنگەکەی لێستووەتەوە..

یەکێکی تر گوتی:

ئەوانە پیاو بوون، ئێمەش پۆلیسێک بەبەردەمماندا تێ پەڕی ئەترەشمان دەچێ.

تۆ بەتەنیا لێی دەترسی، کێ لە پۆلیسێک دەترسێ کە دەستەکانی وەکو دەستی ئافرەت بن؟ لە قوتابخانەوە بۆ وەزیفە، وەلی ئەگەر بێتو

قاپێک مەی بخۆمەوە ملی بادەدەم و دەمانچەکەی لێ دەستێنم.

تۆ لە قسە بەولاوە هیچی دیت لە دەست نایە.

کیژەکە سەرلەنوێ گەڕایەوە، ئەمجارەیان پێی هەڵنەگوت و کەتریەکەی خستە سەر سینییەکە و بۆ کەسێک بزەی لێوە نەهات، بێدەنگییەکی قووڵ ئەوناوەی داگرت. هەرکە دەرچووە دەرەوە یەکێکیان گوتی:

– کێ چا دەخواتەوە؟ کەس ناخواتەوە، ئێمە خواردنەوەی خۆمانمان لەگەڵدایە.

– ئەو پەرداخەی بەتەنیشتیەوە بوو هەڵی دا.

– بخۆرەوە، ئەمشەو شەوی حەمیدە.

دەنگی دەهۆڵ و شایی لە دەرەوە بەرز بووەوە. دەنگی زرمەی پێ دەهات و هەلهەلە بە بێ ڕێکوپێکی بەسەر یەکتردا زاڵ دەبوون، ئەنجاش گوێی لە دەنگی پیاوێک بوو بە دەنگێکی کەرخەوە گۆرانیی دەگوت، هەر لە لوورەی گورگ دەچوو لەگەڵ دەنگی کەمانچەکی پچڕ پچڕ قەدەرێک بەردەوام بوو، ئەنجاش وەها دەردەکەوت کە جەستە و دەستەکان لە دوا دواییدا ماندوو بوون، سەعاتیش هەندێ لە نیوەشەو تێپەڕ بووبوو، ئەنجاش سینییەکان هەڵگیران و خواردن دانراو هەندێ لە دراوسێیەکان ڕۆیشتن. بەڵام چەند ئافرەتێک دەنگیان لێ بەرز کردبووەوە و هەڵپەڕکێ و شایلۆغان دەستی پێ کردەوە.

دایکی حەمید گوتی:

– ئەمشەو شەوی تۆیە دەبینی کیژەکەتم لە چۆن کەڵەمێردێک مارە





کردووە.

– خوایە ڕوو سوورمان کەی.

حەمید ئیشتەهای نەبوو، لەکاتێکدا برادەرەکانی بەلەزەتەوە نانیان دەخوارد، تەنیا دوو سێ پارووی خوارد و چەند پەرداخێکی بەپەلە بەسەردا کرد، هەندێکیان دوعاخوازییان لێ دەکرد و ورەیان دەخستە بەری.

برازاواکەی پێی گوت:

– دڵتان هیچ نەکا، من لەگەڵیدا دەمێنمەوە، دەبێ لە دوورەوە گوێتان لە قیژە و هاواری بێ.

حەمید بەپێکەنینەوە گوتی:

– بەم شێوەیە دەربارەی ژنەکەم قسان مەکە

– هێشتاکە بە ژنت نەبووە، هەرکە گوێمان لە قیژەو هاواری بوو ئەوجا بە ژنت دەبێ.

ئەنجاش حەمیدیان لە تەیمانەکەوە هێنایە دەرەوە، هەندێ بەنێو کوختە چینکۆکان کە لە تاریکاییدا نوقم بووبوون گێڕایان، ئەنجاش بەپەلە گەڕانیانەوە بەرەو لای فەیتوونە پاڵیان پێوە نا، برازاواکەی لەگەڵیدا چووە ژوورەوە و هاتە دەرەوە، کیژان دەستیان بەگۆرانی وتن و هەلهەلە لێدان کرد، پتر دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بووەوە، دایکی هەروەکو بوودەڵە لەو ناوەدا دەسووڕایەوە نەیدەزانی چی بکا. لەگەڵ ئەمەدا قسەی دەکرد و فەرمانی بەوی تردەوا، دایکی فەیتوونەش لە قوژبنێکی دوور هەڵتووتابوو و چاوی بڕیبووە زەوییەکە و جووڵەی

نەدەکرد، هەروەکو ئیفلیج بووبێ وابوو. ئەنجاش دوای سەعاتێک دایکی حەمید گوتی:

– دەڕۆم بزانم کوڕەکەم چی دەکا؟

– وازی لێ بێنە

– زۆر دواکەوت.

– لەوانەیە هەردووکیان نووستبن.

– دەبێ لەم شەوەدا بخەون؟ ئەی ئێمە لێرەدا چی دەکەین؟ ئێمە چاوەڕێی خوێن دەکەین تاوەکو دوژمنان بیبینن.

بەرەو جێگەی بووک و زاوا ڕای کرد و دای لە دەرگەی کوختەکە، حەمید دەرگەکەی کردەوە و لە ژێر ڕووناکیی چراکەدا ڕەنگی گۆڕابوو.

کوڕم دەستم دامێنت! نەکەی بڵێی جادووم لێ کراوە.

– نەخێر دایە، جادووم لێ نەکراوە، دەتوانم خێڵێک بە ژنی خۆم بکەم.

– کەواتە چت لێ بەسەرهاتوە؟

– بەڵام.

نەکەی بڵێی.. بۆ کچ نییە؟–

– نەخێر، کچ نییە.

دایکی قیژاندی (ماڵی وێرانم) و دەیدایە سەر ڕانی خۆیەوە و قژی دەرنییەوە، دەهۆڵ و زوڕناو هەلهەلە کپ بوو. دایکی فەیتوونە گوێی لە دەنگ و باسەکە بوو لە جێگەکەی خۆی هەروەکو شێت ڕاپەڕی و خۆڵی





بەسەر خۆیدا دەکرد: (ئاگرم تێبەربوو، ئەو کچە زۆڵە پەنی پێ دام). خەڵکە هامشۆکەرەکە لە حەوشەکەدا تێکەڵ بوون و لە دەوری ئەو کوختەی فەیتوونەی تێدابوو گردبوونەوە. کەس گوێی لە قسەی ئەویتر نەدەبوو، پاش نەختێک دەستیان لە یەکتر گیر بوو، هاتوهەرا لە نێوان کەسوکاری فەیتوونەو کەسوکاری حەمیدا بەرزبۆوە، بە تێلاو پێ لەقە تێک بەربوون و هەندێ لاشە بەر پێلەقە دەکەوتن، بەڕاستی جەنگێکی کۆنینی جاهیلی بوو.

حەمید لەو هەمووە دوور کەوتەوە، لەگەڵ کەسێکدا بەشەڕ نەهات، لەو جێگەیە دەگەڕا کە پاسکیلەکەی لێ دانابوو، لە سوکانەکەیەوە ڕای کێشاو کەس ئاگای لێ نەبوو، هەموو بە تێهەڵدان و شەڕەقۆچ و لێدانەوە خەریک بوون. لە تاریکاییدا پاسکیلەکەی بەکێش کرد و نەیدەزانی بەرەو کوێ مل دەنێ، ئەو چەند پەرداخە خواردنەوەیەی هەڵی قوڕاندبوو خەریک بوو بەری دەدا، بیری کردووە ئەم شەوە و هەموو شەوەکانی تر ئیتر خۆی سەرخۆش کا، دەستێکی بەگیرفانەکانیدا هێنا و کلیلی ژوورەکەی غەنۆی دۆزییەوە، ئەوەی بەخەیاڵدا هات ئێستاکە قاپ و نیوە قاپەکان پڕن، بۆیە هەتا هێزی تێدابوو پێی لە پەیدەرەکان توند کرد، ئیتر دەخواتەوە و دەخواتەوە و، لەو ژوورەدا خەوێکی قووڵ و گران دەیباتەوە و خەوی پیاوێکی کەڵەمێرد...

***

لە ساڵی ١٩٨٦دا وەرمگێڕاوە

بەشێک لە نامەکانی ڕۆماننووسی
گەورەی مەغریبی محەمەد زەفراف بۆ
غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا

داروڵ بەیزا ١٩٨٥/٥/٢٧

ئازیز غ. ساڵح عەبدوڵڵا

هێشتا ئەو دیدەنییەم لەگەڵتدا لە بیرە، بێگومان لەگەڵ هەندێ کەسی تردا لە فیستیڤاڵەکەدا پێیان کەوت و لە بیرم نەماون، چونکی ژمارەی ئامادەبووان زۆر بوو. بەداخاوە چاوم هەموو ئیشەکانی خۆمم لەبەر دەستدا نییە، تەنیا ئەم دوو کتێبەم لە لایە، کە بۆتیان ڕەوانە دەکەم–*– گەرجی قورسە بی کەیت بە کوردی، چونکی ئەم جۆرە ئەدەبە بەهۆی ئەو کەشە کۆمەلایەتییەی کە ئێوە لە ڕۆژهەلات تێدا دەژین. بۆیە پێشنیاز دەکەم ڕۆمانی (شۆستە و دیوارەکان) بکەیت بەکوردی کە لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقە (١٩٧٤)، یان ڕۆمانی (هەوڵی ژیان) کە لەگۆڤاری (الأقلام)ی عێراقی بلاوبووەتەوە ١٩٨٠ ژمارەی تایبەت بە ئەدەبی مەغریبی ڕۆمانە ئێستا وەردەگێردرێتە سەر زمانی رووسی، هەروەها ڕۆژهەلاتناسێکی تر ڕۆمانێکی ترم (ژن و گوڵ) وەردەگێڕێ و چاپێکی نوێی دەردەچێ، هەرکە دەرچوو دانەیێ یا دوو دانت بۆ ڕەوانە دەکەم، ئینشاڵڵا.

زۆر مەمنوون دەبم ئەگەر چیرۆکی کوردیم بۆ ڕەوانە بکەیت. ئایا کوردەکانی تر جگە لە عێراقییەکان بەهەمان زمان دەنووسن، مەبەستم لە وڵاتەکانی تر؟ هەروەها دەمەوێ هەندێ شت بزانم دەربارەی ئاینی کورد. ئایا نزیکە لە شیعەوە یان لە سوننەوە یا مەسیحییە؟

لەگەڵ ڕێز و وەفادا.

محەمەد زەفزاف..

....................

ئەم دوو کتێبەی بۆی نارد:

١– گوونە کەڵەشێر، ٢– خانووە نزمەکان، بوو... یەکەمیان ڕۆمانە، ئەوی تر کۆمەڵە چیرۆک بوو..

***



داروڵ بەیزا ١٩٨٦/٢/١٧

ئازیزم غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا

بە سوپاسەوە دوو کیتابەکەم بێ گەیشت کە بۆت ڕەوانە کردبووم، دوایی بەوردی دەیانخوێنمەوە..

چونکی ئێستا زۆر سەرقاڵم، خۆم ئامادە دەکەم بۆ موحازەرەیەک لەپاریس لەسەر بانگیشتی (civp)، بەری سێ ڕۆژ لە پایتەخت بووم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ دەرچوون لە وڵات، هەروەها چاوەڕێی پلیتی سەفەر دەکەم، هەر لە گەڕانەوەم لە عێراق نەگەیشتم بەڕێکەوتن، بۆم نووسین کە بانگێشتەکە دوابخەن، چونکی بەسەربردنی دوو هەفتە لە عێراق ماندووی کردم، چونکی من لەو بەیەکگەیشتنانە ڕانەهاتووم، من تەقسی ڕۆژانەی خۆم هەیە، مومارەسەی تەئەموول دەکەم بۆ چەند سەعاتێک و نامەوێ کەس ببینم، هەروەها نووسینی ڕۆژانە، ئەوشتەی کە لەبەغدا لێی بێبەش بووم، تەنانەت ئەگەر پێوەندیی بە وەلامدانەوەی نامەیش هەبووبێ..

ئەوەتا بەخۆت دەبینی هەموو کەسێ هاجسی تایبەتی خۆی هەیە.. ئەگەر چیرۆکی منت کرد بەکوردی بۆمی ڕەوانە بکە، لەگەڵ دڵسۆزی و وەفادا

محەمەد زەفزاف

***

داروڵ بەیزا ١٩٨٦/٧/١٨

ئازیزم غەفوور ساڵح

ماوەیەکە لە فەرەنسا گەڕاومەتەوە، بانگهێشتێکی ترم بۆ هات لە ئیسپانیاوە نەمتوانی سەفەر بکەم، لەوانەیە بگەڕێمەوە بۆ فەرەنسا لە نۆڤەمبەری داهاتوو، بە یەکێکی لە دامەزراوەکانی گرۆنۆبڵ، بەلام هێشتا بۆم نەنووسیوون و ئەو عەرەبە ناسراوانەی بەشداری دەکەن ئەلبەیاتی و دەروێش و ئەدۆنیس و عەبدول لەتیف ئەل لعێبی و تاهیر بن جەلوون و ئەوانی دین.. هەروەها شاعیرانی بیانی لە هەموو وڵاتانی دنیاوە. لە بارەی بلاوکردنەوەی (هەوڵی ژیان) پێم وایە ئەگەر مەسەلەکە بە دەستی

حەمید سەعید بێ من نامەی بۆ دەنووسم لەم بارەیەوە، کە پێوەندی بکا بە معەلەوە، چونکی ئەم بەتایبەت دەعوەتی کردم جاری پێشوو بۆ سەردانی بۆ ولاتە ئازیزەکەتان. سەبارەت بەو دوو کتێبە کوردییە من بەڵێنت نادەمێ کە لەسەریان بنووسم، چونکی ئەمە لە پسپۆڕایەتیی مندا نییە، دەمێکە لە نووسینی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی وازم هێناوە، تەنانەت ئەو عەرزەش کە لەپاریس پێشکێشم کرد، کورتەیەک بوو زۆر کورت بوو، بۆ ئەوەی خۆم لە هەموو حەساسییەتێک دوور بگرم، هێشتا ئەو عەرزەم ماوە کە ویستم لە ئیسپانیا پێشکێشی بکەم، بۆیە هەرگیز ڕازی نەبووم کە بڵاوی بکەمەوە سەرەرای ئەوەی برادەرێک مراوەغەم لەگەڵ دەکات تا بیدەمێ. داوای لێبووردن لە تۆ و برا کوردەکان دەکەم کە ئەو ژمارەیەی (الأقلام) کە تایبەت بە ئەدەبی کوردی لێم ون بوو، لەم دواییە هەندێ شیعری عێراقیم کردە فەڕەنسی. لەبیرمە کە لەو ژمارەیەدا شیعری جوانم خوێندەوە، هیوام وایە یەک دوو لەو شیعرانە بکەمە فەڕەنسی، ئەگەر دەکرێ ژمارەیەکی دیکەم بۆ بنێرە.

(نانی ڕووت) لە لام نییە، لە بازاڕیش نییە، تەنیا دوو دانەی فەڕەنسیم لایە، نامە بۆ (محەمەد شوکری) بنووسە و پێی بڵێ من ناوونیشانەکەی ئەوم داویتێ:

س.پ: ١٧٩

تەنجە

مەغریب

***

دارول بەیزا ١٩٨٦/٩/٢٢

برا غەفوور سالح عەبدوڵڵا

سڵاوێکی گەرم

بە سوپاسەوە ئەو دەقە ئەدەبییە کوردییانەی بۆت ناردبووم، پێم گەیشتن، لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی باش نەمخوێندنەوە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی خێرا



بوو لەگەڵ دەقەکەی خۆشتدا.. جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەو دەقانە دوای ئەوەی لە هەندێ کاروباری ئەدەبی دەبمەوە، دەشبێ ئەگەر بۆم لوا هەڵبژاردەیەکی عێراقی دەرکەم دەبێ دوو سێ شاعیری کوردی تێدا بێ، گەرچی وەرگێڕانی شیعر قورس، لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا وەرگێڕانەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی هەندێ جار لاوازن، بەهەر حاڵ کەمال تەنیا بۆ خوایە، ئەمەش کێشەی وەرگێڕانە لە هەموو زمانەکاندا، هیوام وایە بەردەوام بی لە وەرگێڕانی (هەوڵی ژیان)، ئەگەر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بانگ بکرێم ناتوانم، لە بەغدا بم، گەرچی سەردانی گرۆنۆبڵم هەڵوەشاندەوە چونکی ڕێکەوتنی فیستیڤاڵی مەربد دەکات سڵاوم بۆ هەموو برایان و پتر داهێنان

دڵسۆزت

محەمەد زەفزاف

***

دارول بەیزا ١٩٨٦/١٠/٣٠

ئازیز غەفوور سالح عەبدوڵڵا

پۆستەی عەرەبی.. کەسێک نامەی تۆ بۆهێنام؛ چونکی بە هەڵە کەوتبووە ناو سندووقی ئەوەوە، لە بیرم نییە ئایا کە نامەم بۆت نووسیووە یا نا، چونکی من ڕێکوپێک نیم و سکرتێرەشم نییە تا کاروبارم ڕێک بخا، قەی ناکە سەبارەت بە محەمەد شوکری ئەو تەمبەڵە دەتوانی پێوەندیی پێوەبکەی و لە مەربەدی داهاتوو، لەم بارەیەوە نامەیەکم بۆ نووسی تا لە ڕیبات داوەتنامەی وەرگرێ لە سەنتەری ڕۆشنبیریی عێراقی. بەڵام سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی (هەوڵی ژیان) دەتوانی پێوەندی بکەیت بە حەمید سەعیدەوە پێی بڵێ کە من بۆتم پێشنیاز کردووە، دوو شیعری وەرگێڕدراوم بۆ ناردوشیعرێکی تریش لەگەڵ وەفدی عێراقی کە بەم دواییە لە مەغریب بوون، بەڵام دەزانم ئەو ئێستا لە سەردانی لەندەن و پاریسە. هیوا خوازم بەم نزیکانە لەبەغدا چاومان بەیک بکەوێ تا ئەم

کێشەیە چارە بکەین. لەوانەیە لە ١٨ی ئەم مانگە ئینشائەڵڵا لەوێ بم، لە سەرەتای دیسەمبەر، دواجار بانگهێشتێکم هەیە بۆ ئۆترێخت لە هۆڵەندا لە ١٦ی مانگەوە، ئیتر نازانم کات دەرفەتم دەدا بۆ تەدبیرکردنی سەفەر وەکو ڤیزە و...

لەگەڵ شانازی و ڕێزدا

محەمەد زەفزاف............... هێشتا شیعری شاعیرانی کوردم وەرنەگێڕاوە، وابزانم پێویست دەکا چاوم پێیان بکەوێ، تا بیرۆکەیەک دەربارەی بزووتنەوەی شیعریان وەرگرم..

***

دارول بەیزا ١٩٨٦/١٢/٢٧

ئازیز، غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا

ساڵێکی بەختیار

هیواخوازم تەندروستیت باش بێ؛ چونکی دەزانم تەنیا خاوەنەکەی هەست بەئازاری نەخۆشی دەکا، خوا شفات بدا مرۆڤ لاوازە لەم جیهانەدا، بێگومان لە بەغدا پرسیارتم کرد، لە جێگری سەرۆکی نووسەرانی کورد و حەسەب شێخ جەعفەرمان لەگەڵ بوو و ئاگەدار نەکرابووم کە تۆ نەخۆشی. بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە هەوڵ بدە پێوەندی بکەیت بە موحسن موسەوییەوە.

تا ئێستا هیچی تازەم بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام لای ئێوە وەرگێڕانەکەم بۆ ڕۆمانی (کنلۆب)ی هیرمان هیسە دەرچووە، بەری دوو مانگ. بەری دوو هەفتە لە هۆڵەندە هاتمەوە، بەشداریم کرد لە دیدارێکی ڕۆشنبیری لەوێدا. سەفەرەکەم دواخست بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بۆ مانگی ئەپریل یان مایس.

هیوای تەندروستییەکی تەواوت بۆ دەخوازم.

محەمەد زەفزاف



محەمەد زەفزاف: لە ساڵی ١٩٤٥ لە "سوق الاربعای" ڕۆژئاوا لەدایک بووە، مامۆستای دواناوەندی بوو لە دارول بەیزا، ڕۆژی هەینی ١٣ حوزەیرانی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کرد..

محەمەد زەفزاف بە خەڵاتێک ڕێزی لێنراو کە بووە خەڵاتێکی ئەدەبی کە هەموو سێ ساڵ پێشکێش دەکرێت لە فیستیڤاڵی ئەسیلەی ڕۆشنبیری نێودەوڵەتی لە مەغریب. ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆماننووسی سوودانی تەیب ساڵح وەریگرت ساڵی ٢٠٠٥ ئیبراهیم کونی لیبی وەریگرت.